

6

## دوای سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە

# ئەمریکا ستراتیژیەتی شەڕی دژە داعش پێناسە دەکاتەوە



**«بەرپرسانی ئەمریکا دووبارە جەخت لەوە دەکەنەوە کە شـــەڕی دژی تیرۆریستانی داعش شەڕێکی درێژخایەنە، تەنانەت لە عێراقیشدا، ئەمەش ئـــەو بەرەیەیە کە ئیدارەی ســـەرۆک ئۆباما ئەولەوییەتی پێداوە، بەڵام لە هەموو ئەمانەشدا سەرکەوتنەکانی ئەم دواییەی هێزی پێشـــمەرگە ئاماژەیە بۆ پێچەوانە بوونەوەی ئاراستەی هێرشی تیرۆریســـتانی داعش، کە لەوانەیە ســـەرەنجام بتواندرێت تیرۆریستان ئیحتـــوا بکرێـــن و لــــە (موســـڵ و فەلوجە و تکریت)یـــش دەربکرێن، هەروەک چۆن لە هەر پرۆســـەیەکی ســـەربازیدا کاتێـــک ئەمریکا و هاوپەیمانان جڵەوی کارەکـــە دەگرن، دەبێت پشتگیری ئەو هەنگاوانە بکەن کە سەرکەوتنی زیاتر بەدەســـت بهێندرێت.. ئەگـــەر ئەمریکا بتوانێـــت وەڵامی ئەم پرســـیارە بداتـــەوە: کێ هێـــزی زەمینی بۆ پرۆســـەی هێرشکردن دابین دەکات؟ بەشێکی ئـــەم وەڵامـــە خـــۆی دامەزراندنـــەوەی ئەو ١٢ فیرقە ســـەربازییە بووە لە سوپای عێراق و هێـــزی پێشـــمەرگە کە پێویســـتە مەشق و راهێنانیان پێبکرێت و هەمـــوو کەلوپەلێکیان بۆ ئامادە بکرێت.»**



**جێمس جێفری**
**باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق**
**٢٠١٤/١٢/٢٩**

**● پێش سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە جیهان چۆن داعشی دەبینی؟**

ســـەرۆك ئۆباما كاتێـــك لە ١١ی ســـێپتەمبەری ٢٠١٤ ستراتیژیەتی شەڕی دژی تیرۆریستانی (داعش)ی راگەیاند، بەوەی كە دەبێت كارێك بكرێت تیرۆریســـتان نائومێدبكرێن و پاشـــان تیكبشـــكێندرێن (degrade and ultimately destroyed)، كەوتە بەردەم رەخنەیەكی زۆری پسپۆڕانی بواری ئاسایش و سەربازی لە ناوەندەكانی فیكر و لێكۆڵینەوە لە ئەمریكا و لە سەرانســـەری جیهانیـــش، بۆیە دوای یەك دوو هەفتە لەگەڵ سوپاســـالاری ٢٠ دەوڵەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی كۆبـــۆوە بۆ ئەوەی كارێك بكەن تەنها هێرشـــی تیرۆریســـتانی داعش رابگیرێت، هـــۆكاری ئەمەش ئەوە بوو ئەو ســـوپایەی عێراق كە لە ماوەی هەشت ساڵی حوكمڕانیی نـــوری مالیكی بڕی ٢٥ ملیـــار دۆلاری لەلایەن ئەمریكاوە تێـــدا خەرجكرابـــوو، لە یەك دوو كاتژمێردا بـــەو هەموو ئەو چـــەك و تەقەمەنی و تانك و زرێپۆش و هامەر و تەكنەلۆژیا پێشـــكەوتووەوە تەسلیمی تیرۆریستانی داعش بوون، هەر بۆیە ئەم ســـەركەوتنە گەورەیەی داعش بەسەر سوپای عێراق و لە سووریا بەســـەر سوپای ئەسەد كە پارێزگای رەقەی گرتبوو، وایكرد ناوەندەكانی فیكر لە ئەمریكا بەگشتی و ئامۆژگای پێوەندییەكانی دەرەوەی ئەمریكا بگەنە ئەو قەناعەتەی ئەوەی بەسەر ئیمپراتۆریەتی رۆمانی هات بە دەست بەربەرییەكانەوە، هەمان شت بەســـەر ئەمریكاشدا دێت بەدەستی تیرۆریستانی داعشەوە.

پرۆفیســـۆر ماكـــس بوت، نووســـەری كتێبی ســـوپای شـــاراوە (Invisible Armies)، شـــەڕی تیرۆریستانی بەشێوەیەكی گشتی وەك شەڕكردن لەگەڵ تارمایی و سوپای سێبەر پێناسە كردووە و دەڵێت: «سروشت و خەسڵەتی شەڕی تیرۆریســـتان، شێوازی شـــەڕی گرووپ گرووپی بچووك و نەبوونی بنیادێكی فەرماندەیی ســـەربازییە كە بتواندرێت ئەم هێزە كۆنترۆڵ بكرێت، ئەم ســـوپایە سوپایەكی رێكخراو نییە، رەگ و ریشەی شـــێوازی ئەو شەڕانەی تیرۆریستان پیادەی دەكەن، رەگ و ریشـــەیەكی قووڵی مێژوویی هەیە و لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتی، ئەو كات ئەو جۆرە شـــەڕە خێڵەكان دژی یەكتری ئەنجامیان دەدا، تاكتیكی ئەو شەڕانەش بریتی بوو لە هێرشكردنە سەر، پەلامار و تاڵانكردن و پاشان كشانەوە و هەڵهاتن، لە مێژوودا ئیمپراتۆریەتی رۆمان كە ئەویش لەســـەردەمی خۆیدا وەك ئێستای ئەمریكا سوپەر پاوەری بێ ركابەر بوو، دووچاری شەڕی بەربەرییەكان بۆوە، بەربەرییـــەكان خێڵەكی بوون، بە هاوشـــێوەی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی ژێرخانێكی ســـەربازی تەقلیدیان نەبوو، بەڵام بوونە سەرچاوەی مەترســـییەكی گەورە بۆ سەر ئەو ئیمپراتۆریەتە مەزنە و سەرەنجام بە چۆكیاندا هێنا.»

بەڵام، پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ماکس بوت کە وەك بیرمەند و توێژەرێك لە خوێندنەوەی مێژووەوە ئەم مەترسییەی دیاریکردووە، دەزگاکانی هەواڵگری ڕۆژئاوا و هاوپەیمانانی دژەتیرۆر ئەوانیش هەست بەم مەترسییە دەکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارەمان لە کۆڕێکی ڕۆب بیرسولی بەڕێوەبەری هەواڵگریی هۆڵەندا لە ئامۆژگای واشنتۆن دەستدەکەوێت کە بە ناونیشانی (جیهادیزم لە ئەوروپا زیاتر دەبێت: دیدێکی هۆڵەندی)، باسی کردووە. هۆکاری گرێدانی ئەم کۆڕە بۆ ڕۆب بیرسولی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەزگای هەواڵگریی هۆڵەندا نامیلکەیەکی ٥٨ لاپەڕەیی بە ناونیشانی (وەرچەرخانی جیهادیزم لە هۆڵەندا، دینامیکیەتی سێبەر و هیزێکی نوێ) بڵاوکردەوە، ئەم نامیلکەیە و خاڵی هاوبەشی ئەم مەترسییە بۆ ڕۆژئاوا و ئەمریکا گرنگیی خۆی هەبوو، ئەم کتێبە بۆ زمانی ئینگلیزی و هەموو زمانەکانی ئەوروپا وەرگێڕاوە، ئەمەش مانای ئەوەیە مەترسی ئەم سوپا نەبیندراوە، هەموو وڵاتانی ڕۆژئاوای کۆنترۆڵ کردووە. بەڕێوەبەری هەواڵگریی هۆڵەندا لەو کۆڕەدا دەڵێت: «دەزگای هەواڵگریی هۆڵەندا لە سەرەتای هەزارەی نوێوە زۆر بە وردی و بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر دیراسەتی حەرەکەی جیهادی و جیهادی ڤیتالی لە هۆڵەندا کردووە، لەسەرەتای سەدەی بیست و یەك، ئەو حەرەکە جیهادییەی لە هۆڵەندا دروست ببوو، بریتی بوون لە خەڵکانی گۆشەگیر و ئارام کە بەشێوەی تیۆری تەرویجیان بۆ جیهاد دەکرد، هەر بۆیە کاری دەزگا هەواڵگری و ئاسایشەکانی هۆڵەندا ئاسان بوو، هەتا ئەگەر بمانزانیایە کەسێك حەز لە جیهادی ڤیتالیش دەکات، بانگمان دەکرد و ئامۆژگاریمان دەکردو ڕاستمان دەکردەوە، بەڵام لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٣وە هەستمان کرد لە ماوەی چەند مانگێکی کەمدا، بارودۆخەکە بە تەواوەتی گۆڕانکارییەکی سەیری بە خۆیەوە بینی، بە سەدان هاووڵاتی هۆڵەندی جیهادی چوونە سووریا، بەپێی مەزندەکان ئێستا سەدان هاووڵاتی هۆڵەندی لە سووریان بۆ جیهادکردن، ١٩یان لە شەڕەکاندا کوژراون، کە سێ کەسیان خۆیان تەقاندۆتەوە، لەمەش مەترسیدارتر ئەوەیە ئەوانەی لە هۆڵەندا هاوسۆزییان بۆ ئەو جیهادییانە هەیە، بە هەزارانن، دەزگای هەواڵگریی هۆڵەندا چوار گۆڕانکاری سەرەکی لەسەر زیادبوونی ڕەوتی جیهادیزمی دەستنیشان کردووە کە بریتین لە:

١. ئەم هەڵکشانە سەیرەی جیهادیزم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی جیهادییەکان لە هەڵەکانی ڕابردووی خۆیان فێربوون و ئێستا بوون بە تیرۆریستی تەواو، بە شێوەیەك کاردەکەن کە نەبنە جێگەی سەرنجی خەڵك، ئەوانەی سەفەر دەکەن، فێربوون درۆ دەکەن، بە دەزگاکانی هەواڵگری دەڵێن دەچینەوە بۆ ئاهەنگی ژنهێنان، یان بۆ سەردانی کەسوکاریان، بۆیە حکومەتی هۆڵەندی هیچ هۆکارێکی یاسایی لەبەر دەست نییە تا ڕێگرییان لێبکات.

٢. حەرەکەی جیهادی لە هۆڵەندا زۆر بە باشی تۆڕی کۆمەڵایەتی بەکار دەهێنێت بۆ گەیاندنی پەیامەکەی، بۆیە ئەم هۆکارە بەشێوەیەکی ڕیشەیی تێکەڵاوی و کارلێکی نێوان جیهادییەکانی گۆڕیوە، پێشان گەیاندنی پەیام بە شێوەی ستوونی بوو لە سەرۆکەکەیانەوە بۆ شوێنکەوتووانی، بەڵام ئێستا بۆتە ئاسۆیی و بوونی پەیامی جیاوازیش نیشانەی ئەو فرە پەیامییەیە.

٣. لایەنێکی دیکەی مەترسیی جیهادییەکان چۆنیەتی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتییە، ئەویش جۆشدانە بەشێوەی سێبەر، ئەم دینامیکیەتە سەنتراڵی نییە، بەڵکو خێرا و نەرمە، ئەندامانی حەرەکە جیهادییەکان بە شێوەی سەربەخۆ کار دەکەن، بەڵام هەموویان بە باشی لەوە تێدەگەن چۆن بەو ئامانجە دەگەن کە دەیانەوێت پێی بگەن،

٤. جیهادییەکانی هۆڵەندا، لە جیهادییەکانی بەلجیکا و بەریتانیا فێربوون، کە بیروبۆچوونەکانیان بە شێوەی ئیستفزازی، بەڵام یاسایی بخەنەڕوو، بۆیە ئازادی ڕادەربڕین بوارێکی گەورەی داوە بە جیهادییەکان، ئەوان زیرەکن و خۆیان لەوە بەدوور دەگرن بەوجۆرە گوتار بدەن کە سزای قانوونی وەربگرن.

پرسیاری گرنگتر لێرەدا ئەوەیە: ئەگەر ڕۆژئاوا بەم سوپا نەبیندراوە دەورە درابێت و خودی ڕۆژئاوا بووبێتە سەرچاوەی ناردنی تیرۆریست بۆ ئەو شوێنانەی کە ئێستا تیرۆریستان تا ڕادەیەك شەڕی تەقلیدی تێدا دەکەن، ئایا تاچەند ئەم لایەنە مەترسی دروست دەکات؟ ماکس بوت لە توێژینەوەیەکدا کە بە ناونیشانی (زۆریی شەڕە بچووکەکان) لە ژمارەی مانگی نۆڤەمبەر و دیسەمبەری گۆڤاری فۆرێن ئەفێرز بڵاوی کردۆتەوە، دەڵێت: «ناکرێت لە جیهانی هاوچەرخ تێبگەیت، ئەگەر لە شێوازی شەڕی تیرۆریستیەکان وەك شێوازی شەڕی پارتیزانی - کە پێوەندییەکی نزیك پێکەوەیان دەبەستێتەوە- تێنەگەیت، هەروەها بە لای ئەو کەسانەوە کە لێکۆڵینەوە لە بارەی مێژووی سەربازییەوە دەکەن، ئەوا ئەو ڕاستییە سەرسوڕهێنەرەی ڕووبەڕووی دەبنەوە لە پێوەندی بە شانۆی نێودەوڵەتی هاوچەرخەوە، ئەوەیە ئێستا و لەم ساتەوەختەدا هیچ شەڕێکی تەقلیدی لەنێوان دوو دەوڵەت بوونی نییە، دوایین شەڕی تەقلیدی لە نێوان دوو دەوڵەت، شەڕی نێوان ڕووسیا و جۆرجیا بووە لە ساڵی ٢٠٠٨، کەواتە ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت، شەڕێکە هێڵەکانی ڕۆشن نین، واتە خاڵی دەستپێك و کۆتایی دیار نییە، لەگەڵ ئەوەشدا شەڕێکە پشێوی باڵی کێشاوە بەسەریدا و شەڕێکی خوێناوی و کوشندەیە و بە زۆری مەدەنییەکانی

**شەڕی ئێستا بە چەشنی شەڕی سەدەی یەک نییە و ناکرێت شەڕێک بکەیت و ڕای گشتی و پشتیوانی خەڵکت لەگەڵدا نەبێت**

**لە کوردستاندا سەرۆکێکی شەرعی و هەڵبژێردراو هەیە کە شەرعیەتی لە ئیرادەی خەڵکی کوردستانەوە وەرگرتووە و پشتئەستورە بە دەنگی خەڵک و جەماوەرەکەی، بۆیە لێرەدا داعش بە هەڵەداچوو لە حساباتەکانیدا و ڕەنگە ڕووکردنە کوردستانیشی سەرەتای ئاوابوونی خۆری بێت**

**مالیکی لە کەمترین ماوەدا زۆرترین خاکی عێراقی لەدەستدا و سوپاکەشی دووچاری شکستهێنانێکی ئابڕووبەر کرد لە بەرامبەر ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشدا، بگرە وڵاتەکەی بەرەو لێواری هەڵدێر برد و وڵاتێکی بارگران بە شەڕی تیرۆر و قەیرانی دارایی لە دوای خۆی جێهێشت**

کردۆتە ئامانج. لەلایەکی دیکەش خەسڵەتێکی دیکەی ئەم ساتەوەختەی جیهانی پێدا تێدەپەڕێت ئەوەیە کە شەڕەکان لە چوارچێوەی سنووری وڵاتان و لە ناو خودی وڵاتان خۆیاندا بەرپا دەبن، نەك لە نێوان وڵاتاندا، لە ئێستادا کۆمەڵە وڵاتێك هەن، وەك عێراق، کۆڵۆمبیا، ئیسرائیل، مەکسیك، نەیجیریا، پاکستان و چەند وڵاتێکی دیکە کە خۆیان لە رەوشێکدا دەبیننەوە کە رووبەڕووی رکابەر و دوژمنێك بوونەتەوە کە لە شەڕەکانیاندا پشت بە تاکتیکی شەڕی پارتیزانی و تیرۆریستی دەبەستن. دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین لە ئەمساڵدا عێراق خوێناویترین ساڵی خۆی بەڕێکرد، کە پتر لە ١٥ هەزار کەس لە خەڵکانی مەدەنی و هێزە ئەمنییەکانی وڵاتەکە کوژراون، بەهۆی باڵادەست بوون و باسك ئەستوربوونی رێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە، کە ئاشکرایە ئەمەش شەڕێکی تەقلیدی نەبووە کە بەرۆکی عێراقی گرتووە».

## • پێشمەرگە توانی بەرگری بکات سوپای عێراق لەبەر یەك هەڵوەشاوە

بۆ ئەمڕۆی سەردەمی تەکنەلۆژیا و شۆڕشی زانیاری و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، شەڕی دژی تیرۆریستان تەنها شەڕکردن نییە دژی گرووپێك کە بە تاکتیکی پارتیزانی و خۆتەقاندنەوە شەڕت لەگەڵ دەکەن، بەڵکو شەڕێکە تەکنەلۆژیا تێکدەران و تیرۆریستانی تا ئەوپەڕی بەهێز کردووە، لەمەش گرنگتر ئەوەی تیرۆریستانی داعشی کردووە بە وەحشێکی دڕندە، ئەو چەك و تەقەمەنییە زۆرەیە کە لە سووریا و عێراق دەستیان کەوتووە، هەروەها بوونی نەوتێکی زۆر لەو ناوچانەی داگیریان کردووە، بۆیە ئەمە یەکەمجارە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا گرووپێك بە شێوازی غەیرە تەقلیدی شەڕ بکات و وەك دەوڵەتێکیش خاوەنی ژێرخانێکی سەربازیی گەورە و ئابووری بێت و رووبەڕووی مرۆڤایەتی ببێتەوە. بۆیە لەم روانگەیەوە تێکشکانی وەحشی داعش دوورمەودایە، بەڵام پێشمەرگە ئەو هاوکێشەیەشی گۆڕیوە. وەك جێمس جێفری باڵیۆزی پێشووی ئەمریکاش لە عێراق، لە دوایین وتاری بە ناونیشانی: (چۆن مامەڵە لەگەڵ سەرکەوتنەکانی دژی داعش بکەین؟) نووسیویەتی: سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە توانی ئاراستەی شەڕەکەی داعش لە هێرشکردنەوە بۆ پاشەکشە و بەرگریکردن بگۆڕێت، ئەمەش مانای ئەوەیە، ئەم سەرکەوتنەی پێشمەرگە لەماوەی کەمتر لە چوار مانگ، کە هێشتا پێشمەرگە ئەو مەشق و راهێنانەی پێنەکراوە کە بەنیازن ئەمریکا و هاوپەیمانان پێی بکەن، هەروەها ئەو چەك و تەقەمەنییانەی کە کۆنگرێس رەزامەندی دەربڕیوە بدرێتە پێشمەرگە، هێشتا پێی نەدراوە، لەگەڵیشدا ئەم سەرکەوتنە گەورانە بەدەست هاتوون، لە کاتێکدا هەموو بیرمەندانی جیهان و سوپاسالاری هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەم شەڕە شەڕێکی درێژخایەنی دوورمەودایە. بە تایبەتی بیرمەندێکی وەك ریچارد هاس کە خاوەنی چەندین پێشبینیی سیاسی و دیپلۆماتی گەورە بووە لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم شەڕەی داعش لە شەڕی ٣٠ ساڵەی ئەورووپا دەچێت، بەڵام لە ئێستادا جیهان دەیبینێت، پێشمەرگە لە ماوەی کەمتر لە ١٠٠ سەعاتدا و پێش ئەوەی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان گورزی ئاسمانی بوەشێنن، توانی هێرشی داعش رابگرێت و مەخموریش ئازاد بکاتەوە، لەمەش زیاتر لەماوەی تەنها سێ مانگدا زیاتر لە ٣٢٠٠ کیلۆمەتری چوار گۆشە لە تیرۆریستانی داعش پاکبکاتەوە، ئەمە وەك ماکس بوت لە کتێبەکەیدا باسی کردووە، پێوەندی بە سەرکردایەتی ئەو وڵاتەوە هەیە کە چۆن لەناو دڵی میللەتی خۆی دەژی، بۆ ئەمەش نموونەی سەرکەوتنی گیڤارا لە کوبا و شکستی لە پۆلیڤیا بەراورد دەکات.

کەواتە لێرەدا جێگەی خۆیەتی بپرسین: بۆچی پێشمەرگە بە چەکێکی کەم سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام سوپاکەی مالیکی کە بەهای ٢٥ ملیار دۆلار چەکی تازەی لەبەر دەست بوو تێکشکا؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگە بگەڕێینەوە بۆ شێوازی پیادەکردنی حوکمڕانی لەلایەن سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراقەوە، با بزانین مالیکی چۆن هەڵسوکەوتی کرد لەگەڵ نیگەرانی و ناڕەزایەتییەکانی خەڵکدا؟ ئاشکرایە خەسڵەتی سەرەکی حوکمڕانییەکەی مالیکی بریتی بوو لە تاکڕەوی و عەقڵییەتی مەرکەزی و خۆسەپاندن، کاتێکیش لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠١٤ەوە چەکدارە بەرهەڵستکارەکانی حکومەت، لە نێویاندا ئەلقاعیدە دەستیان بەسەر ناوچەیەکی پارێزگاری ئەنبار، لە نێویاندا فەللوجە و چەند گەڕەکێکی شاری روومادی چەقی پارێزگاکەدا گرت، مالیکی بە لوتبەرزی و کەللەڕەقی زیاترەوە هەڵسوکەوتی کرد و لەبری چارەسەرکردنی نیگەرانی و ناڕەزایەتییەکان، پەنای بۆ بڵاوەپێکردن و دوورخستنەوە و پەراوێزخستنی زیاتری خۆپیشاندەران و مانگرتووان برد، واتە تەواو پێچەوانەی پیاوێکی ئاقڵی دەوڵەتمەدار، ئەمەش واتە ستراتیژیەتی تۆراندنی عەقڵ و دڵەکانی پیادە کرد، هەروەها لە بەرامبەر هەرێمی کوردستانیشدا لە بری چارەسەرکردنی کێشەکان و یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان پەنای بۆ بڕیاری تاکەکەسی و پێشێلکردنی دەستوور برد و مەترسیدارترین هەنگاوی هەڵگرت کە بڕینی بودجەی خەڵکی کوردستان و سەپاندنی ئابڵوقەی ئابووری بوو بەسەر هەرێمدا..! لێ وەك بینیمان ئاکامی پێچەوانەی لێکەوتەوە و مالیکی لە کەمترین ماوەدا زۆرترین خاکی عێراقی لەدەستدا و


**مالیکی نەیتوانی ئیرادەی خەڵکی هەرێمی کوردستان بشکێنێت، تیرۆریستانیش بە هەڵەدا چوون و پێیانوابوو ئەوەی لەگەڵ سوپای عێراق بۆیان چووەسەر، دەتوانن لەگەڵ پێشمەرگەش دووبارەی بکەنەوە**

**یەکەمجارە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا گرووپێک بە شێوازی غەیرە تەقلیدی شەڕ بکات و وەک دەوڵەتێکیش خاوەنی ژێرخانێکی سەربازیی گەورە و ئابووری بێت و رووبەڕووی مرۆڤایەتی ببێتەوە**

**بۆ ئەمڕۆی سەردەمی تەکنەلۆژیا و شۆڕشی زانیاری و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، شەڕی دژی تیرۆریستان تەنها شەڕکردن نییە دژی گرووپێک کە بە تاکتیکی پارتیزانی و خۆتەقاندنەوە شەڕت لەگەڵ دەکەن، بەڵکو شەڕێکە تەکنەلۆژیا تێکدەران و تیرۆریستانی تا ئەوپەڕی بەهێز کردووە**

سوپاکەشـــی دووچاری شکستهێنانێکی ئابڕووبەر کرد لە بەرامبەر ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشدا، بگرە وڵاتەکەی بەرەو لێواری هەڵدێر برد و وڵاتێکی بارگران بە شـــەڕی تیرۆر و قەیرانی دارایی لە دوای خۆی جێهێشـــت، بەڵام نەیتوانی ئیرادەی خەڵکی هەرێمی کوردســـتان بشکێنێت، تیرۆریســـتانیش بە هەڵـــەدا چـــوون و پێیانوابوو ئەوەی لەگەڵ ســـوپای عێراق بۆیان چووەسەر، دەتوانن لەگەڵ پێشـــمەرگەش دووبارەی بکەنەوە، داعشـــییەکان کاتێك سەرگەرمی سەرکەوتنە خێرا و سەرسوڕهێنەرەکانی خۆیان بوون لەبەرامبەر لەشـــکری عێراقـــدا، پێیانوابوو دەتوانن هەمان ئەزموون لەگەڵ کوردســـتاندا دووبـــارە بکەنەوە، ئەمە لە کاتێکدا لە کوردســـتاندا سەرۆکێکی شەرعی و هەڵبژێردراو هەیە کە شـــەرعیەتی لـــە ئیرادەی خەڵکی کوردســـتانەوە وەرگرتووە و پشتئەستورە بە دەنگی خەڵك و جەماوەرەکـــەی، بۆیە لێرەدا داعش بـــە هەڵەداچوو لە حساباتەکانیدا و ڕەنگە ڕووکردنە کوردستانیشی سەرەتای ئاوابوونی خۆری بێت لە عێراقدا-هەرچەندە بە دڵنیاییەوە ئەمەش بەندە بە چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردنی حکومەتی عێراق و چۆنیەتی چارەســـەرکردنی کێشە سیاسییەکانی وڵاتەکە کە ئەو کێشـــانە ســـەرچاوەی زۆربەی کێشـــە ئەمنییەکانـــن و دەکرێت ببنە دەرمانـــی ئەو دەردانەش-، کەواتـــە داعش لە کوردســـتاندا ڕووبەڕووی ڕەوشـــێکی تەواو جیاواز بـــوو، ڕووبەڕووی هێزی پێشـــمەرگە بۆوە کە پێداویســـتییەکانی سەرکەوتنی لەبەردەستدایە، چونکە هەروەك ماوتسی تۆنگ دەڵێت: «لە شەڕدا خەڵکی وەك ئاو وان و ســـەربازانی وەك ماسی)، کە ئەم پێوەندییە زۆر بە جوانی بەرجەســـتە بووە لە نێوان هێزی پێشـــمەرگە و خەڵکی کوردســـتاندا، هەروەها جەخت لەسەر پەرەپێدانی باشترین و نزیکترین پێوەندی لە نێوان سەربازان و خەڵکی ئاساییدا دەکاتەوە، ئەمەش لەبەر ئەو ڕاستییە بوو کە باش تێگەیشتبوو کە شەڕی ئێستا بە چەشنی شەڕی سەدەی یـــەك نییە و ناکرێت شـــەڕێك بکەیت و ڕای گشـــتی و پشتیوانی خەڵکت لەگەڵدا نەبێت.

هەر بۆیە بۆ ئێســـتاش کە تەواو فاکتـــەرە بەهێزەکانی ســـەرکەوتنەکانی هێزی پێشـــمەرگە و فاکتەرە لاوازەکانی سوپاکەی سەردەمی مالیکی دەرکەوتوون، دەبێ لە ئێستاوە هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی لە بنیادنانەوەی ســـوپای عێراقدا، تەنها ئامانجیان ئەوە نەبێت ســـوپایەك لەسەر بنەمای تێڕوانینی ســـەربازیی موجەرد بنیاد بنێنەوە وەك لە ماوەی ساڵانی ٢٠١١ -٢٠٠٣ کردیان، بەڵکو گرنگە سوپایەك بێت عێراقییەکان بە سوپای خۆیانی بزانن، لانیکەم عەرەبی عێراق بە سوننە و شیعەوە بە سوپای خۆیانی بزانن، بەپێچەوانە هیچ ئاکامێکی نابێت.




**دەزگای هەواڵگریـــی هۆڵەنـــدا لـــە سەرەتای هەزارەی نوێوە زۆر بەوردی و بـــە چەندیـــن شـــێوازی جۆراوجۆر دیراســـەتی حەرەکـــەی جیهـــادی و جیهـــادی قیتالی لـــە هۆڵەندا کـــردووە، لەســـەرەتای سەدەی بیســـت و یەک، ئەو حەرەکـــە جیهادییەی لە هۆڵەندا دروســـت ببوو، بریتی بوون لە خەڵکانی گۆشـــەگیر و ئارام کە بەشـــێوەی تیـــۆری تەرویجیان بـــۆ جیهاد دەکرد، هەر بۆیـــە کاری دەزگا هەواڵگری و ئاسایشەکانی هۆڵەندا ئاسان بوو، هەتا ئەگـــەر بمانزانیایە کەســـێک حەز لە جیهادی قیتالیش دەکات، بانگمان دەکـــرد و ئامۆژگاریمان دەکردو راســـتمان دەکـــردەوە، بەڵام لە ســـەرەتای ســـاڵی ٢٠١٣وە هەســـتمان کرد لە مـــاوەی چەند مانگێکی کەمدا، بارودۆخەکە بە تەواوەتی گۆڕانکارییەکی ســـەیری بە خۆیەوە بینی، بە ســـەدان هاووڵاتی هۆڵەنـــدی جیهادی چوونە ســـووریا، بەپێی مەزندەکان ئێستا سەدان هاووڵاتی هۆڵەندی لە سووریان بۆ جیهادکردن، ١٩یان لە شەڕەکاندا کوژراون، کە ســـێ کەســـیان خۆیان تەقاندۆتەوە، لەمەش مەترســـیدارتر ئەوەیە ئەوانەی لە هۆڵەندا هاوســـۆزییان بۆ ئەو جیهادییانە هەیە، بە هەزارانـــن، دەزگای هەواڵگریی هۆڵەندا چوار گۆڕانکاری ســـەرەکی لەسەر زیادبوونی ڕەوتی جیهادیزمی دەستنیشان کردووە.**



محەمەد ڕەئوف

یاریدەدەری ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بۆ گوڵان:

# بارزانی ماوەی سێ مانگە لە بەرەکانی شەڕە و بە بوونی ئەو سەرکەوتنی گەورە بە دەست هاتووە

**ئەوەی بۆتە دیاری بۆ سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە یەکدەنگی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و خەڵکی کوردستانە بۆ پشتگیری لە پەیامی سەرۆك بارزانی بۆ یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەنگاو هەڵگرتن بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە ببێتە دامەزراوەیەکی سەربازیی نیشتمانی، لەمەش زیاتر سەردانی شاندێکی باڵا و هاوبەشی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بۆلای سەرۆك بارزانی لە بەرەکانی شەڕ، ئەویش هەر بە نیشانەیەکی تەبایی و یەکڕیزیی گەلەکەمان لەم قۆناخە هەستیارە دادەنرێت، بۆ قسەکردن لەسەر زەرووڕەتی یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بەسەر تیرۆریستانی داعشدا، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ محەمەد ڕەئوف یاریدەدەری ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ئەنجامداو کە بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەکبگرێتەوە، بۆ ئەمەش نامەیەکی ئاڕاستەی وەزارەتی پێشمەرگە کردووە بۆ ئەوەی پەلە لەم کارە بکات، چۆن سەیری ئەو بڕیارە و یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە دەکەیت؟**

- بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، پێش هەموو شت ئەو بارودۆخەی ئێستا کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، کۆمەڵێك پرس هەن دەبێت قسەی جددییان تێدابکرێت، لەمەش گرنگتر ئەوەیە ئەم قسە جددییانە بگوازرێتەوە بۆ قۆناخی کردار و جێبەجێ بکرێت، ئەوجا لەناو ئەو پرسە گرنگانەدا پرسێکی گرنگی وەك پرسی یەکگرتنەوەی پێشمەرگە، نەك هەر خواستی لایەنە سیاسییەکانە، بەڵکو خواستی هەموو خەڵکی کوردستانیشە و پێویستە کاری جددی بۆ بکرێت. ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە ئێمە ڕۆژی ٣١ی کانوونی یەکەم، دووبارە و جارێکی دیکە وتەیەکی تازەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانمان لەسەر ئەم پرسە گوێ لێبوو، ئەویش تەئکیدکردنەوەی کاك مسعود بارزانی بوو لەسەر ئەو پەیامە شەش خاڵییەی ئاڕاستەی وەزیری پێشمەرگەی کردووە و پێی ڕاگەیاندین، ئەو خاڵانەی لەو پەیامەدا هاتوون، پێشتر لەگەڵ مام جەلال بۆ یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە لەسەری ڕێککەوتوون، هەروەها ئێمەش وەك لایەنەکانی پێشووی ئۆپۆزسیۆن کە شەش پاکێجمان بۆ چاکسازی پێشکەش کردبوو، یەکێك لە پاکێجەکان داواکارییە بۆ یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە و کردنی بە هێزێکی نیشتمانی، بۆیە ئەگەر ئەم پەیامەی کاك مسعود بارزانی پێشتر ڕێککەوتنی لەسەر کرابێت، مانای ئەوەیە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ستراتیژیی پارتی و یەکێتی بڕیاریان داوە ئەم هێزانە بکەن بە یەك هێز، بۆیە دەبوایە ئەوەندە دوایان نەخستایە. ئێستاش کە وەك زەرووڕەت جەخت لەسەر ئەم پرسە دەکرێتەوە، میللەتی کوردستان داوادەکات، ئێستا کاتی هاتووە پراکتیزە بکرێت و بکرێتە هەنگاوی کردەیی و جێبەجێ بکرێت. ئێمە لە کۆبانێوە تا خانەقین بەرەی شەڕمان هەیە، ئەگەر ئەمڕۆ هێزی پێشمەرگە نەکەینە سوپایەکی یەکگرتووی دامەزراوەیی سەربازی، ئەی کەی ئەم هەنگاوە هەڵدەگرین؟ ئێستا پێشمەرگە شەڕی دەستەویەخەی خوێناوی لەگەڵ دوژمنێك دەکات کە ناوی لە خۆی ناوە دەوڵەتی ئیسلامی، کاری تیرۆریستی بە ناوی ئیسلامەوە دەکات، ئەم دوژمنە چەکێکی زۆر و هێزێکی گەورەی هەیە، هەتا ئێستا کەس نازانێت ئەم چەك و تەقەمەنییەی لە کوێوە بۆ دێت؟ چ وڵاتێك بۆی دەنێرێت و بە چ پارەیەکی دەکڕدرێت؟ بۆیە ئەم دوژمنەی ناوی داعشە مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر

**ئەگەر شەڕەکە سەربازی بێت و سەرکردەش خۆی لەناو بەرەکانی شەڕ بێت، ئەوا خەڵکیش بە ورە و حەماسەوە شەڕ دەکات و ئومێدی بە سەرکەوتنی شەڕەکە هەیە**

**کاک مسعود بارزانی ماوەی سێ مانگە لە بەرەکانی شەڕە، بێجگە لە ڕاگەیاندنی پارتی، کێ هات چوار جار لەسەر مەیدانیبوونی کاک مسعود لە شەڕەکاندا قسەبکات؟**

**ئێمە دەڵێین ئیسلام هەمووی ماقووڵە، بەڵام ئەوە ئێمەین ناماقووڵین و نازانین جوان مامەڵەی لەگەڵدا بکەین**

**مێژوو سەلماندوویەتی هەر بیر و باوەڕێک بوو بە ئایین و کۆمەڵێک شوێنکەوتووی هەبن و بڕوایان پێی هەبێت، کۆتایی پێ نایەت**

کوردستان و ئەمجارەش بە پشتیوانی خوا و هێزی پێشمەرگە و سەرکردەکانی لە ئەنفالێکی دیکە پارێزراین، لەبەر ئەوەی تیرۆریستانی داعش بە نییەتی ئەنفال هێرشیان کردە سەر ناوچە سنورییەکانی کوردستان، بۆیە با ئەم شەڕە ببێتە زەڕوورەتی یەکگرتنەوەی پێشمەرگە و هەنگاوهەڵگرتن بۆ دروستکردنی دامەزراوەیەکی سەربازی و نیشتمانی، پێشان دەیانگوت ئەگەر نەتەوەیەك، یان گەلێك تەنانەت هۆزێکیش بیانەوێت لە ناوخۆیاندا یەکڕیز و یەکگرتوو بن، هەموو کات پێویستیان بەوە بووە شەڕێکی لاوەکیان بۆ دروست بکەن، بۆ ئەوەی یەکبگرن، ئێمە ئێستا شەڕێکی نەخوازراوی خوێناوی یەخەی گرتووین، بەڵام هەتا ئێستاش هێزەکانمان یەکیان نەگرتووە، ئەمەش عەیبەیەکی مێژووییە بۆ ئێمە، لەمەش زیاتر ئەگەر دەمانەوێت ببینە خاوەنی کیانی خۆمان، ئەوا دەبێت ئەوە بزانین دەوڵەت لەسەر بنەمای سێ هێز دروست دەبێت کە بریتین لە: (هێزی ڕەق، کە ئەمەیان دوو هێزە، هێزی سەربازی و هێزی ئابوورییە، هێزی سێهەمیشیان هێزی نەرمە)، لە ئێستا خەریکە بە هۆی دەرهێنانی نەوتەوە ژێرخانێك بۆ هێزی ئابووری دروست دەکەین و هەنگاوی یەکەمان هەڵگرتووە، هێزی سەربازیش کە هێزی پێشمەرگەیە لەبەر ئەوەی توانی بەرگری بکات و سەرکردەکانیان توانییان شان بەشانی پێشمەرگە شەڕ بکەن و هەموو حزبە سیاسیەکانیش پشتگیری پێشمەرگە و سەرکردایەتییەکەی دەکەن، میللەتیش بە یەکدەنگ داوای یەکگرتنی هێزی پێشمەرگە دەکات، ئەمانە هەمووی پێمان دەڵێن ئیدی مانایەك نەماوە بۆ بوونی دووجۆر هێزی پێشمەرگە، یان دووجۆر سەرکردایەتی لە کوردستاندا. ئێمە لە کۆبوونەوەمان لەگەڵ جەنابی کاك مسعود بارزانی پشتگیریی خۆمان بۆ پەیامەکەی دەربڕی و جەختیشمان لەسەر ئەوە کردەوە کە گرنگە ئەم هەنگاوە تەنها یەکگرتنەوەی هێزەکانی ٧٠ و ٨٠ی یەکێتی و پارتی نەبێت و ژمارەیەکی دیکە دروست بکات، بەڵکو ئەم پرۆسەیە گرنگە بە نیشتمانیکردنی هەموو هێزی پێشمەرگە بێت، بۆ ئەوەی ببێتە دامەزراوەیەکی سەربازی نیشتمانی و ئەو هێزە ئینتمای سیاسی نەبێت، بەڵکو تەنها ئینتمای بۆ نیشتمان و نەتەوە هەبێت و خەڵکی کوردستان شاهیدی بۆ ئەو ئینتما نیشتمانییە بدەن، بۆ ئەمەش زەمینەیەکی مێژوویی هاتۆتە ئاراوە، خەڵك هێزی پێشمەرگە بە سوپای خۆی دەزانێت و بواریان بدایە خەڵك هاوشانی پێشمەرگە بەچەك بەرگری دەکرد، بۆیە پێش ئەوەی ئەم هەستە لاواز بێت، یان نائومێد بێت، گرنگە هێزی پێشمەرگە بکرێتە دامەزراوەیەکی سەربازیی نیشتمانی. دوای ئەمەش بە پشتیوانی خوا کە لەم شەڕەدا سەرکەوتین و داعش نەما، جارێکی دیکە بە پێکهاتەی ئەم دامەزراوە و یاساکانی ئەم دامەزراوەیەدا بچینەوە و دەرگای بکەینەوە گەنجی ئەم وڵاتە بکرێتە سەربازی (ئەوجا بە خۆبەخشانە، یان ئیلزامییانە) گەنجەکان لەناو هێزی پێشمەرگە ڕێکبخەن، لەسەر ئاستی وەرگرتنی گەنجەکان لە کۆلێژە سەربازییەکان با هەنگاوی ئەوە هەڵبگرن، وەرگرتن لە کۆلێژە سەربازییەکان با بە خواست و نمرەی قوتابییە گەنجەکانی کوردستان بێت و لەسەر تەزکیەی حزبی نەبێت و لەسەر بنەمای ئەو مەرجانە بێت کە بۆ سوپایەکی هاوچەرخ پێویستە.

*** بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان لەوەتەی ئەم شەڕە یەخەی گرتووین، لەبەرەکانی شەڕە و هەر لەبەرەکانی شەڕیش پێشوازی لە بەڕێزتان کرد، دیارە ئەویش وەك فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی هەرێم هەستی بە زەڕوورەتی ئەم یەکگرتنە کردووە، ئایا ئێوە ئەم حەزەتان لە کۆبوونەوەکە هەست پێکرد؟**

- ئەوەی لەو کۆبوونەوەیە بینمان ئەوەیە، بەڕاستی ماندووبوونێکی زۆر بە کاك (مسعود بارزانی)یەوە دیار بوو،ئەمەش هی ئەوەیە کەسێك لە بەرەکانی شەڕدا بێت و خۆی سەرکردایەتی بکات، ئەگەر لەو کاتەدا لەشەڕی دەستەویەخەش دوور بێت، ئەوا لەبەر نیگەرانی ئەوەی شەڕەکان لە کوێن و هەواڵی بەرەکانی شەڕ چین، هەروەها داعش چۆن هێرش دەکات و پێشمەرگە چۆن بەرگری دەکات، ئەوا مرۆڤ ماندوو دەکات و تووشی ئیرهاقی دەکات، کاك مسعود بارزانی پێی گوتین: «من بۆ پێنج شەش ڕۆژ هاتم بۆ بەرەکانی شەڕ، ئەوا ماوەی سێ مانگە لە بەرەکانی شەڕم»، جار جار کە وەفدێکی بیانی دێتە کوردستان بۆ پێشوازیکردنی دەگەڕێتەوە، بەڵام دوای ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەرەکانی شەڕ، هۆڵی کۆبوونەوەکەمان کۆشك و تەلار نەبوو، بەڵکو ژوورێکی سەربازی بوو، لەو ژوورەدا کاك مسعود بارزانی خستنەڕوویەکی سەربازییانەی هەموو بەرەکانی شەڕی بۆ باسکردین، لەسەر نەخشەی سەربازی پێی ڕاگەیاندین شەڕەکان چۆن کراون، چەند هەزار کیلۆمەتر لەلایەن پێشمەرگەوە ئازاد کراوە، کە زیاد لە ٣٤٠٠ کیلۆمەتر دووجا خاکی کوردستان ئازادکراوەتەوە، حەزیشی دەکرد ئەو شاندەی ئێمە هەر بە ناوچە تازە ئازادکراوەکاندا بگەڕێنەوە، ئێمەش هەروامان کرد و کە گەڕاینەوە بەسەر سەدی موسڵدا هاتینەوە، هەموو ئەو ناوچە ئازادکراوانەمان بینی، بایەخی ئەو ناوچانە ئەوەیە هەمووی لە ژێرەوە نەوتە و لەسەریشەوە زەوی کشتوکاڵین، ئەو ناوچەیە بە ناوبانگە بە دەشتی موسڵ، ئەو ناوچەیە باشترین ناوچەیە بۆ کشتوکاڵ و ئەگەر باش بەکار بهێندرێت هەموو کوردستانی پێدەژی، هەر بۆیە وەك ئەوەی کاك مسعود بارزانی بۆی باسکردین و خۆشمان لە میانەی گەڕانەوەمان بەو ناوچانەدا بینیمان، دەتوانم بڵێم تەقریبەن هەموو ناوچە کوردستانییەکان ئازاد کراوە، ئەگەر هەندێك شوێنیش مابێت، زۆر کەمە. ئەو ناوچانەشی کە تێکەڵاون لە کورد و عەرەب و تورکمان و دانیشتووانە کوردەکەی کەمینەن، ئەوا لەسەر قەناعەتی حزبە سیاسەکانی تریش بوو، کە پێشمەرگە زیاتر پێشڕەوی نەکات و لە سنووری کوردستان ڕابوەستێت و بەرگری لە کوردستان بکات، بەڵام ئەگەر دانیشتووانی ئەو ناوچانە خۆیان بیانەوێت ناوچەکانی خۆیان ئازاد بکەن، ئەوا کوردستان هاوکارییان دەکات. ئەمەش وەك ئەرکێکی عێراقی وەك ئەوەی پێشمەرگە بەشێکە لە

ســـوپای عێراق. هەروەها لەو کۆبوونەوەیە لەگەڵ بارزانی، باســـمان لەوەکرد، ئەو بڕیارەی بەڕێزیـــان بۆ یەکگرتنەوەی هێـــزی پێشـــمەرگە بڕیارێکی باشـــە و ئێمە پشـــتگیری لێدەکەین، گرنگە کاری لەســـەر بکرێت، کاك مســـعود ئەم پشـــتگیرییەی ئێمەی پێخۆش بوو، هەروەها جەختمان لەسەر ئەوەش کردەوە ئەم قەناعەتەی ئێستای لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی کوردســـتان هەیە، با پەلـــە بکرێت و بچێتە قۆناخی جێبەجێکردن. لەبەر ئەوەی لە ئێســـتا هەموو جیهان سەیری کوردســـتان و پێشمەرگە دەکەن، راســـتە ئەوان پشتگیری و هاوکاریمان دەکەن، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیعیش دیراسەتمان لەسەر دەکەن و سەیر دەکەن بزانن تاکوێ ئێمە کەڵکی ئەوەمان هەیە سوپایەکی هاوچەرخمان بۆ ئایندە هەبێت. هەروەها لەو ســـنوورە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کاتێك ســـەرکردە خۆی لە ناو شـــەڕ بێت، خەڵکەکەش باش شـــەڕ دەکات، ئەگەر شەڕەکە سەربازی بێت و سەرکردەش خۆی لەناو بەرەکانی شەڕ بێت، ئەوا شـــەڕەکە گەرمە و خەڵکیش بە ورە و حەماســـەوە شەڕ دەکات و ئومێدی بە سەرکەوتنی شەڕەکە هەیە، ئەو شەڕانەش کاك مســـعود بۆی باســـکردین، بوونی ئەو لەناو بەرەکانی شـــەڕدا، ئاکامی زۆر باشی بەدەســـت هێناوە، پێشمەرگە و تەنانەت خەڵکی ناوچەکەش باشـــتر هاتوونەتە دەســـت و بە ورەیەکی بەرزتر شـــەڕیان کردووە، لە بەرامبەریشدا دوژمن، واتـــە داعش و هاوکارەکانی داعش لـــەو ناوچەیە کە دەبینن فەرماندەی هێزی چەکداری و هەموو فەرماندە سەربازییەکان لە بەرەکانی شەڕن، ورەیان دەشکێت. بۆیە ئێمە دەستخۆشیمان لێکرد و پشـــتگیریمان لە هەنگاوەکەی کرد، کاك مسعودیش ئومێدێکـــی زۆری پێوە دیاربوو، ئامـــاژەی بەوەکرد ئێمە لە بەردەم مەترسییەکی راستەقینە و جددیدا بووین، بەڵام ئێستا لە ترس دەرچووین، پشـــت بەخوا جارێکی دیکەش ئەو ترسە بەسەر کوردستاندا نایەتەوە.

*** لە وەتەی ئەم شـــەڕە دەســـتی پێکردووە، پێشمەرگە لە بەرەی بەرگریکردنە لە کوردســـتان، ئەگەر لە رووی ئایینەوە ســـەیری ئەم لایەنە بکەین، ئایـــا دەتوانین بڵێین: بەرگری و خۆڕاگری پێشمەرگە جیهادی دیفاعە؟**

- من لە وەڵامی ئەم پرسیارە وەك موفتی و عولەما قسە ناکـــەم، بەڵام ئەوە دەڵێم د.عەلی قەرەداغی وەك ســـەرۆکی هەموو زانایانی ئیســـلامی لە جیهاندا فەتوای خۆی و داو قســـەی خۆی کـــردووە، دیارە د.عەلـــی قەرەداغی رەمزی هەموو زانایانی ئیســـلامە، بۆیە من پێموایە فەتواکەی ئەو بەسە، هەمووی دەگرێتەوە، بە قەناعەتی من بەرگری کردن لە خاکی نیشـــتمان مافێکە هەموو ئایینە ئاسمانییەکان بە هەموو گەلانیان بەخشیوە بۆ ئەوەی بەرگری لە خاك و کیان و بوونی خۆیان بکەن، بۆیە ئێمە دەبێت ئەم مافە شەرعییەی خۆمان پیادە بکەین، ئەمەش ئەرکێکی شـــەرعی و ئەخلاقی و یاســـایی خۆمانە، ئێمە نەهاتووین وەك داعش، یان غەیری داعش ئاڵایەکی رەش بەرز بکەینەوە و لە ســـەری بنووسین: (لا اله الا الله) و لەژێر ئەم ناوە دەســـتبکەین بە رەشەکوژی و پاکتـــاوی رەگەزیی نەتەوەیەکی دیکـــە، کەواتە بەرگری ئێمە پیرۆزە، بەرگری پیرۆزیش ئەوەیە تۆ بەرگری لە خۆت وەك مـــرۆڤ و بەرگری لە خـــاك و نەتەوە و ئایین بکەیت، هەموو بەرگرییەکی پیرۆزیش لای خوا رەوایە، لە سەر زەوی بە هەموو یاســـاکان رەوایەتـــی پێدەدرێت، بە درێژایی مێژوو کورد بۆ یەك کاتژمێریش هێرشـــی نەکردۆتە سەر گەل، یان نەتەوەیەکی دیکە، هێرشـــی نەکردۆتە سەر خاك و نامووسی کەس و هەر بەرگری کردووە و هەموو بەرگرییەکیش رەوایە.

*** ئێمـــە کۆمەڵگەیەکین زۆربەی زۆری موســـڵمانە، لە هەمانکاتیشدا تیرۆریستانی داعش ئەو هەموو کارە دڕندانە و وەحشـــیگەرییانە لـــە ژێر ناوی خـــوا و قورئاندا کردووە، ئایا تاچەند بۆ ئێســـتای کۆمەڵگەی ئێمە هۆشـــیارکردنەوە گرنگە؟**

- من بۆ مێژوو ئەمە دەڵێم، گەلی کورد پەتایەکی هەیە، هەتا ئەو پەتایە نەپەڕێنێت، رزگاری نابێت، پێشـــەوا قازی محەمەد زۆر جـــوان ئەم پەتایەی دەستنیشـــانکردووە و لە وەسێتنامەکەیدا سێ جار ئاماژەی پێکردووە و گووتویەتی: (کێشـــەی گەورەی کورد ئەوەیە لە دەوری ســـەرکردەکانی خـــۆی کۆنابنەوە، ئەگەر سەرکردەشـــی بۆ دروســـت بوو، پشـــتی بـــەردەدەن و بەردەبنـــە خۆیان)، ئەوجا مـــن لێرەوە وەڵامی پرســـیارەکەتان دەدەمەوە، تۆ باســـی ئایینت کرد، من دەڵێم د.عەلی قەرەداغی کە ســـەرۆکی هەموو زانایانی ئیسلامی جیهانە لەســـەر هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان فەتوایەکی بەجورئەتی داوە، بۆیە دەبوو هەرچی مەلای ئەم کوردســـتانە هەیە لێکدانەوەی بۆ ئـــەم فەتوایە بکردایە، بە ئایەت و فەرموودە و مەقاســـدی شەریعە هەموو لایەنەکانی روونبکردایەتـــەوە بۆ خەڵك، بەڵام یەك مەلا باســـی ناکات، ئەمە بۆ بەرەکانی شەڕی هێزی پێشمەرگەی هەروایە، من راشکاوانە دەڵێم، کاك مســـعود بارزانی ماوەی سێ مانگە لە بەرەکانی شەڕە، باشە بێجگە لە راگەیاندنی پارتی، کێ هات چوار جار لەســـەر مەیدانیبوونی کاك مسعود بارزانی لە شەڕەکاندا قســـە بکات؟ دەبینن کەس نایکات، بۆیە هەر سەرکردەیەك هەڵبکەوێت، ئەوجا سەرکردەیەکی سیاسی بیت، یان ســـەربازی، یان ئایینی، ئەوی دیکە خۆی لێ بێدەنگ دەکات و لە دەوری کۆنابنەوە، ئەمەش نەخۆشییە لەناو کورد، هەتا ئەم نەخۆشـــییە نەپەڕێنیـــن، ناگەینە هیچ ئاکامێك. ســـەبارەت بە ئاڵای داعش، مـــن زۆر جار گوتوومە، ئەمە یەکەم جار نییە ئەم ئاڵا رەشە هەڵدەکرێت و (لا اله الا الله) ی لەسەر دەنووسرێت و خەڵك و گەنجی پێهەڵدەخەڵەتێندرێت، دروشـــمی (لا اله الا الله) دروشـــمێکی پیرۆز و گەورەیە و بنەمای هەموو پرانســـیپەکانی ئیسلامیشە، بۆیە دەیانەوێت خەڵك و گەنجی پێهەڵخەڵەتێنن، بەرزکردنەوەشی زۆر ئاسانە، پەڕۆیە و لەسەری دەنووسێت و تەواو، بەڵام خەڵك و گەنجی ئەم وڵاتە پێویســـتە بزانن، کە یەکـــەم ئامانجی (لا اله الا الله) بریتیە لە پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ، چۆن دەبێت لە ژێر وشەی (لا اله الا الله) کەرامەت و نامووس و ئایندەی

**ئەو تاوانەی داعش بە ناوی ئیسلامەوە دژ بە کریستیانەکان دەیکەن، راستەوخۆ دژ بە قورئان خۆیەتی، ئەمە بۆ ئێزیدیش راستە**

**هێزێك مەرجەعەکەی دیار نەبێت و هەموو ئەقڵێك هەست بەوە بکات، ئەگەر وەك قارچکیش هەڵتۆقێت و بەنزینیش بکات بە ئاگرەکەدا، هێزێکی بۆ دروست نابێت، شەڕی عێراق و ئێران و بیست دەوڵەت بکات**

**لە سەرەتای مەککەدا سوورەتی (الکافرون) هاتووە، کۆتایی ئەم سوورەتە بریتییە لە (لکم دینکم و لي دين)، ئەمە گەورەترین دەرگای ئازادی ئایین و بیر و باوەڕە**

**بە درێژایی مێژوو کورد بۆ یەک کاتژمێریش هێرشی نەکردۆتە سەر گەل، یان نەتەوەیەکی دیکە، هیرشی نەکردۆتە سەر خاک و ناموسی کەس و هەر بەرگری کردووە و هەموو بەرگرییەکیش ڕەوایە**

**ئێزیدی وەک ئایین تەنها یەک کەسیشی بمێنێت، دروست دەبێتەوە و لەناو ناچێت. بۆیە ئەگەر داعش دەیەویت ئێزدی پاکتاو بکات، ئەوا ئەوەی بۆ ناچێتە سەر و خاوەنی بۆ دروست دەبێتەوە**

**ئەم دوژمنەی ناوی داعشە مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر کوردستان و ئەمجارەش بە پشتیوانی خوا و هێزی پێشمەرگە و سەرکردەکانی لە ئەنفالێکی دیکە پارێزراین، لەبەر ئەوەی تیرۆریستانی داعش بە نییەتی ئەنفال هێرشیان کردە سەر ناوچە سنورییەکانی کوردستان**

گەلێك دەستدرێژی بکرێتەسەر، ئەمە چۆن دەبێت؟ بۆیە داعش و غەیرە داعش و بەو کوردانەشی لەوێن، ئەوەی دەیکەن لە ١٠٠٪ موخالیفی وشەی (لا اله الا الله)یە، هەر بۆ نموونە، لە سەرەتای مەککەدا سوورەتی (الکافرون) هاتووە، کۆتایی ئەم سوورەتە بریتییە لە (لکم دینکم و لي دين)، ئەمە گەورەترین دەرگای ئازادی ئایین و بیر و باوەڕە، لە مەدینە سوورەتێك هاتووە (أفأنت تكره الناس حتى يكونوا مؤمنين) لەم ئایەتەدا پەروەردگار بیری پێغەمبەر(د.خ) دەخاتەوە، بەوەی کاتێك ئیسلام دەبێتە دەوڵەت و هێزی دەبێت، نەبادا پێغەمبەر(د.خ) و هاوەڵەکانی بچن خەڵك بە زۆر ئیسلام بکەن، بۆیە خوای پەروەردگار دەیانوەستێنێت. ئیتر ئەم کۆمەڵکوژییەی داعش و پێش ئەویش قاعیدە، لە کوێی ئایینی ئیسلامدایە؟ ئەمە شەڕی دەسەڵاتە، تائێستاش کەس نازانێت مەرجەعی ئەم داعشە کێیە، ئەوەی لەسەر ئەرز تێکەڵەیە دیارە ئەوە کۆنە بەعسی و کۆنە قاعیدە و کۆنە موستەشار و سەلەفی جیهادی قیتالی تەکفیری جۆراوجۆر و هەروەها ئەو عەرەبە هەلپەرستانەن کە پێشتر ئاماژەمان پێکردن، کە خۆیان بە برای کورد دەزانی و لە پڕ خیانەتیان کرد، بەڵام هەموو ئەمانە بەبێ دەزگای هەواڵگری و پیلانی وڵاتان نابێت و ناکرێت، پرسیار ئەوەیە هێزێك مەرجەعەکەی دیار نەبێت و هەموو ئەقڵێك هەست بەوە بکات، ئەگەر وەك قارچکیش هەڵتۆقێت و بەنزینیش بکات بە ئاگرەکەدا، هێزێکی بۆ دروست نابێت، شەڕی عێراق و ئێران و بیست دەوڵەت بکات، بۆیە لە مێژوودا شتی وانەبووە و نەبوونی مەرجەعی داعشیش، نیشانەی پرسیار دروست دەکات.

*** ئەو تاوانەی ڕەشەکوژییەی داعش دەیکەن، تاچەند ئایینی ئیسلام ڕەتیدەکاتەوە؟**

- لە قسەکانی پێشتریشم ئاماژەم بەوە کرد، جارێ ئەو تاوانەی داعش بە ناوی ئیسلامەوە دژ بە کریستیانەکان دەیکەن، ڕاستەوخۆ دژ بە قورئان خۆیەتی، ئەمە بۆ ئێزیدیش ڕاستە، ئێزیدییەکان وەك خۆیان دەڵێن ٥٩ جار پەلامار دراون بۆ ئەوەی پاکتاوی ئایینی بکرێن و نەهێڵدرێن، بەڵام مێژوو سەلماندوویەتی هەر بیر و باوەڕێك بوو بە ئایین و کۆمەڵێك شوێنکەوتووی هەبن و بڕوایان پێی هەبێت، کۆتایی پێ نایەت، بۆیە کە دەڵێم دژی قورئان خۆیەتی، واتە ئەمە باشترین ڕەتکردنەوەیە بۆ بیرکردنەوەی داعشییانە و ئەوەی ئەوان دەیکەین، بۆ ئەوەی زیاتر ئەمە ڕوون بکەمەوە، بۆ ئەوەی خەڵکی موسڵمانی ئەم وڵاتە تێبگات، شەڕی بە ناوی ئایین شەڕێکی نەزۆکە، هەروەها شەڕی دژ بە ئاینیش هەر نەزۆکە، لەگەڵ ئایین شەڕ ناکرێت، بەڵکو دەبێت لەگەڵ ئایین پێکبێیت، هەتا کوێی ئەو ئایینە ماقووڵ بوو سوودی لێوەردەگریت، ئێمە دەڵێین ئیسلام هەمووی ماقووڵە، بەڵام ئەوە ئێمەین ناماقووڵین و نازانین جوان مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، ئازادی ئایینەکان خوا خۆی داویەتی، لەسەردەمی حەزرەتی عومەر (خ.ل) سوپای ئیسلام دەگاتە نەهاوەند، دێنەوە پێی دەڵێن لەوێ گەلێکی زۆر هەن، بەڵام پەیامی ئاسمانییان نییە و تێکەڵەیە، تیاشیاندایە کە بڕوای بە تەوحید هەیە، چییان لێ بکەین؟ حەزرەتی عومەر (خ.ل) لە وەڵامدا پێیان دەڵێت: (عاملوهم معاملة اهل كتاب) ئینجا با سەیر بکەین ئەقڵی عومەر (خ.ل) چواردە سەدە پێش ئێستا گوتوویەتی مامەڵەی ئەهلی کتابیان لەگەڵ بکەن، ئەمە پێمان دەڵێت: بیرکردنەوەی حەزرەتی عومەر(خ.ل) چەند لە ئەقڵی کابرایەکی داعشییانە جیاواز بووە، پرسیار ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەهلی کتاب دەکرێت؟ بێگومان لە ئیسلامدا مامەڵەی ئەهلی کتاب وەك موسڵمان دەکرێت، هەروەها لە دەستووری مەدینە کە پێغەمبەر (د.خ) نووسیویەتی (اليهود امة مع المؤمنين)،(اليهود امة مع المسلمين)، چونکە قورئان دەفەرموێت: (قل يا اهل كتاب تعالوا الى كلمة سوا بيننا او بينكم) لەمەدا باسی تەوحید دەکات، پرسیار ئەوەیە ئایا داعش تۆ ئەم قەتڵوعام و پاکتاوی ڕەگەزییەت لە کوێ هێناوە؟ قورئان لەگەڵت نییە، لۆژیکی خەلیفەکانی یەکەم و دووەم و سێهەمت لەگەڵ نییە، مقاسدی شەریعەت لەگەڵ نییە، بۆیە دەبێت موسڵمانان لەم ڕاستییانە تێبگەن. دوو مانگ لەمەوبەر سیمینارێکمان هەبوو لە زانکۆی سلێمانی، مامۆستایەکی زانکۆ پرسیارێکی لێکردم و گوتی: دەڵێن لە هەر کوێیەك کریستیان و جوولەکە و ئایینی دیکە هەبێت، ئاشتی هەیە، بەڵام لە هەر شوێنێك ئیسلام هەبێت، ئاشتی نییە؟ لە وەڵامدا پێمگوت: باسەکە باسی ئایینەکان و ئیسلام و کریستیان و جوولەکە نییە، بەڵام هەر وەڵامت دەدەمەوە، با خەڵکی تریش لێی تێبگەن، و گوتم: ڕۆمان ٣٠٠ شەڕی مەسیحییەتی کرد، پاشان پێکهات لە گەڵیان و ئەو ئەورووپای ئەمڕۆ لەدوای ئەو پێکهاتنەیە، یەهوودییەت چوار هەزارساڵ وەك ئایین شەڕی کراوە، هەر لەم عێراقەوە شای بابلییەکان چوو وڵاتەکەی داگیرکردوون، ئەوانەی نەکوژراون ماوەیەکی زۆر بردوونی بۆ بابل و پاشتر پەرتەوازەی کردوون، هەر چوار پێنج خێزانی بۆ شوێنێکی ناردوون، هەربۆیە کە جوولەکە لە جیهاندا پژاوە، ئەوە لە دوای شەڕی بابلییەکان ئەوەیان بەسەر هات، بەڵام دوای ٤٠٠٠ ساڵ گەیشتنە ئەو قەناعەتەی جوولەکە تەواو نابێت، چوونە هەر شوێنێك بازاڕی ئەو وڵاتەیان داگیرکردووە، بۆیە ناچار بوون لە شوێنێکدا کۆیان بکەنەوە، یەکەمجار ویستیان لە وڵاتێکی ئەورووپی کۆیان بکەنەوە، پاشان هێنایانن بۆ فەلەستین، ئێستاش دەبێت لەگەڵ ئیسلام پێکبێن، ڕێز لە شەریعەتەکەی بگیرێت وەك لە دەستوورەکانماندا نووسیوومانە، مامەڵەیەکی جوانی لەگەڵ بکرێت، بۆ ئەوەی هەم موسڵمانەکە بیر بکاتەوە بە جوانی دینەکەی خۆی پیادە بکات و لەم تیرۆر و توندڕەوییە دوور بکەوێتەوە، هەمیش ئەوەی خۆی بە موسڵمان نازانێت، بە بیروبۆچوونی خۆیدا بچێتەوە، مەبەستم ئەوەیە ئێزیدی وەك ئایین تەنها یەك کەسیشی بمێنێت، دروست دەبێتەوە و لەناو ناچێت. بۆیە ئەگەر داعش دەیەویت ئێزدی پاکتاو بکات، ئەوا ئەوەی بۆ ناچێتە سەر و خاوەنی بۆ دروست دەبێتەوە.

**شوان رابەر ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بۆ گوڵان:**

# بەڕێز مسعود بارزانی رۆڵێکی باڵاو بەرجەستەی لە ئازادکردنی ناوچەکانی شنگالدا هەبووە



**سەبارەت بە بارودۆخی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و هەوڵەکان بۆ یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، شوان رابەر ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:**

لەبەر ئەوەی ئێستا ئێمە وەکو کورد و کوردستان زیاتر لە پێشوو لە بارودۆخێکی ناهەموار و تاقیکردنەوەداین، پیلانی زۆری دوژمنانمان لەسەرە، پرۆسە و قۆناغێکی گەورە و گرنگمان لەپێشە کە راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی و پاراستنی گەل و نیشتمانمانە، زۆر زەرووره کورد هەمووی یەکدەست و یەکهەڵوێست و یەکپارچە بێ، ئەوەش بەوە دەکرێ کە حوکمڕانیی خۆمان بە دامودەزگایی بکەین، دادگەری کۆمەڵایەتی بەرپا بکەین، ئاسایشی نەتەوە و نیشتمانمان بپارێزین و ئەو پەڕی خزمەت بە گەل و نیشتمانمان بکەین، بەرژەوەندی گەل و وڵات بەسەر بەرژەوەندی کەس و حزبدا هەڵبژێرین، رێزی زیاتری یەکتر بگرین، خیلافی سەلبی وەلا بنێین، بەرەو سەربەخۆیی گەل و وڵات هەنگاو بنێین، حزبایەتی لە دامودەزگاکاندا نەکەین، حزب تەدەخولی حکومەت نەکات، رێز لە ئیرادەی خەڵك بگرین، بڕوامان بە دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات هەبێت، هێزەکانمان لە وەزارەتی پێشمەرگەدا یەکبخەین، میلیشیا و هێزی تایبەت نەمێنن، وەزارەتی پێشمەرگە سەرکردایەتی سەربازی شەڕ و شۆڕەکان و پێشمەرگە بکات، زیاتر سنوورەکانمان قایم بکەین، گیروگرفتە ناوخۆییەکان چارەسەر بکەین، پاڵپشتی نێودەوڵەتی بەدەست بێنین، ژێرخانی ئابووریمان پتەو بکەین، حوکمڕانیی باشی گەل و وڵات بکەین، ئازادی ئیجابی زیاتر بەرپا بکەین، مافەکانی مرۆڤ بپارێزین، گەورە بیر بکەینەوە، ئایندەیەکی گەشی دوور رەچاو و بینا بکەین، لە هەڵەکانی یەکتر ببوورین، دەسەڵات و سامانی وڵات قۆرخ نەکەین و لە بەرژەوەندی خۆماندا بەکاری نەهێنین، خزمەتی باشی گەل و وڵاتی پێ بکەین، زیاتر رێز لە پێشمەرگە بگیرێ و زیاتر خزمەت و خەرجی بکرێ. یەکتر لەپیلانی دوژمنان ئاگادار بکەینەوە، لەسەر بیر و رای سیاسی و ئینتیمای حزبی یەکتر یاساغ و قەدەغە نەکەین. پیلان لە یەکتر نەگێڕین، هەموومان لەگەڵ گەل و وڵاتدا زۆر ساغ و راست بین. بۆ خەڵك کاربکەین و بژین، نەك تەنها بۆ خۆمان. هەموومان پێکەوە ئامانجەکانی گەل و نیشتمان تاقیق بکەین و دەستکەوتەکانی زیاتر بکەین. هەموو ئەوانە هۆکار و بنەمای سەربەخۆبوون و جاڕدانی دەوڵەتی کوردین. سەبارەت بە رۆڵی بەڕێز کاك مسعود بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێم لەم دواییانە لە شەڕەکان، بەتایبەت لە گرتنەوەی ناوچەکانی شنگال رۆڵێکی باڵا و بەرجەستەی هەبووە، خۆی بۆ ماوەیەك لەوێ ماوەتەوە و سەرکردایەتی شەڕەکەی کردووە، بۆیە ئەگەر هەموو هێزەکانی کوردستان بەهەموو یەکە سەربازییەکانیەوە لەهەموو ناوچەکان لە ژێر فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگە و سەرۆکی هەرێم بن، بەرهەم و دەستکەوتی باشتریان دەبێت، ئەوانیش لە ئیجابیات و سەلبیاتی شەڕەکان و بارودۆخی پێشمەرگە مەسئول دەبن، ئەوەش مافێکی دەستووریی خۆیانە .



فەخری کەریم سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەلمەدا بۆ گوڵان:

# وجوودی بەردەوامی سەرۆک بارزانی لە بەرەکانی شەڕدا متمانە و قوربانیدانی لە ئیرادەی پێشمەرگەدا زیندوو کردەوە

**فەخری کەریم وەك رۆشـــنبیرێکی ناسراو لەسەر ئاستی عێراق و جیهانی عەرەبی دەشێ خودی ناوەکەی لە وەسفکردنەکەی گەورەتر بێت، بەوەش ناسراوە کە وەك سیاسەتمەدارێك نەتەوەکەی خۆش دەوێت و بڕواشی بە مافی نەتەوەکانی دیکەش هەیە و رۆژنامەنووسێکی پرۆفیشناڵ و سەرنووسەری رۆژنامەی (ئەلمەدا)یە و رۆژنامەکەشـــی لەسەر ئاستی عێراق یەکێکە لەو رۆژنامانەی داکۆکی ســـتراتیژیەتی عێراقێکی دیموکراتی و مافی هەموو عێراقییەکان دەکات. بۆ قســـەکردن لەســـەر رەوشـــی ئێستای عێراق، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵی ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** چ خوێندنەوەیەکت بۆ کەوتنی شـــاری موسڵ لە حوزەیرانی ساڵی رابردوو هەیە، بەتایبەتی کە ئەو سوپا گەورەیەی تێدابوو، بەڵام بەئاسانی شارەکەیان تەسلیمی داعش کرد؟**

- بـــە بۆچوونی مـــن هۆکاری کەوتنی موســـڵ و دەوروبـــەری بۆ شکســـتی ئەو سیاســـەتە دەگەڕێتەوە کە نوری مالیکی پەیڕەوی دەکـــرد، بەتایبەتی خولی دووەمی حوکمڕانییەکەی مالیکی و سیاسەتەکەی بووە هۆی دارمانی رەوشـــی سیاسی و ئابووری و ئەمنی و سەربازی و لێکترازانی پێکهاتەی کۆمەڵگەی عێراقی، لە هەمان کاتدا دووبەرەکی و دوورخستنەوەی خستە نێو لایەنە سیاســـییەکانی نێو پرۆسەی سیاسیی وڵات کە لە بنەڕەتدا دارمابوو، بـــەڵام دیارە ئەوەی کە پێوەندی بە رەوشی ســـەربازییەوە هەبوو کە راســـتەوخۆ لەلایەن نووسینگەی فەرماندەی گشـــتی هێزەکانی چەکدارەوە هەڵدەسووڕا، ئەوەی دەرخســـت کە ئەو نووسینگەیە لە بنەڕەتەوە شـــەرعی نەبووە و سەرپێچیی دەستوور بووە، ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگاداربوون لەسەر ئەو کەسانەی کە ئەم نووسینگەیان بەڕێوە دەبرد، دەیانزانی کە کەسانێکی نەزان و دوور لە زانیاری و رۆشنبیریی سەربازیی بوون، پاشـــان تاکڕەویی مالیکی لە بڕیار و فەرمانی سیاسی و ئەمنی و هەوڵدان بۆ بەزۆر چەســـپاندنی دەسەڵاتی سیاســـی خۆی زیاتر لـــەوەدا دەرکەوت کـــە هەوڵیدەدا بـــۆ چەندین خولی دیکەش هەر ســـەرۆك وەزیران بێت، ئەمەش بووە هۆی ئەو شکست و بەزینەی کە تا ئێستا کاریگەریی بە ســـەرمانەوە ماوە، بۆیە پێموایە قسەکردن لەسەر موســـڵ بەبێ ئاماژەکردن بە سیاسەتی پێشووی مالیکی بە هەموو لایەنەکانیـــەوە کەموکورتی تێدایە، ئەویش جەختکردنەوەیە لەســـەر ئـــەوەی کە لە میانی حوکمڕانیـــی مالیکیدا عێراق لـــە نیمچە دەوڵەتەوە بوو بە دەوڵەتێکی فاشـــیل و دارماو، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە خیانەتکردن و ئەوەی کە پێوەندیی بە کشانەوەی هێز هەیە، بۆ وردەکاریی ئەمەش رەنگە زۆربەی لایەنی ئەم بابەتە راست بێت و هەندێکی دیکەش زێدەڕۆیی تێدابێت، بەڵام ئەوەی دیار و ئاشـــکرایە ئەوەیە کە موسڵ رۆژانە دەکەوت و داگیر دەکرا، چ لەلایەن تیرۆریستانی داعش، یان بەعسییەکان، یاخود پاشماوەی رژێمی پێشوو، بۆیە ئاماژەکەی سەرۆك مســـعود بارزانی کە هۆشیاری دا بەوەی موســـڵ خەریکە دەکەوێت، نەك هەر راست بوو، بەڵکو شتێکی دووپاتکراوەیە بە راستی و وەقایعەوە.

*** خوێندنەوەت بۆ داعش چییە و پێتوایە ئەوانە کێن و چۆن بەو خێراییە توانییان بڵاوببنەوەو گوند و شارۆچکەکان و دواتر شارە گەورەکان هەر وا بە ئاسانی و خێرایی داگیربکەن؟**

- داعش درێژکراوەی چوارچێوەی ئەو تیرۆریستانەن کە لە دوای رووخانی سەدام حوسێنەوە پەیدابوون، ناوکی داعش بریتییە لەوانەی کە دوای رژێم بەتەنیا مانەوە لە دەستوپێوەند و پاشماوەکانی گرێدراو بە حزبی بەعس، یان ئەوانەی کە لە دەزگا داپڵۆسێنەرەکان بوون، ئەوانەی کە بەرژەوەندییەکانیان نەماو دەسەڵاتیان لە عێراق لەدەست چوو، بەڵام بە رای من گرنگترین هۆکاری ژیانەوەی ئەو رێکخراوە تیرۆریستییە ئەو سەرچاوە کۆمەڵایەتی و سیاسییە بوو کە دیسانەوە لە ئەنجامی ئەو جوداکاریی و پەراوێزخستنەی سیاسەتی چەوتی مالیکی و حوکمڕانانی دەوروبەری، بووە هۆی دروستبوونی بۆشاییەك و داعش توانی ئەو بۆشاییە بقۆزێتەوە، دەتوانم ئەوەش بڵێم ئەگەر مالیکی سیاسەتی پەراوێزخستنی پێکهاتەی سوننەی نەبوایە، مەترسی و سەرهەڵدانی داعش بەو شێوەیە نەدەبوو، هەروەها هەوڵی بەردەوامی مالیکی بۆ چەسپاندنی سیاسەتی تایفەگەری کە لە راستیدا خزمەتی ئەو تایفەیەشی نەکرد کە ئەو بانگەشەی ئینتیمای بۆ دەکرد، بە پێچەوانەوە زیانێکی زۆری پێگەیاند و چەمك و بەهاکان و ناوبانگی ئەو تایفەیەی لەکەدار کرد کە داوای نیشتمانپەروەری و پاراستنی سەروەری و سەربەخۆیی وڵاتی دەکرد، هەروەها تێکدانی پەیوەندییەکانی نێوان هێز و پێکهاتەکانی دیکە، کە مالیکی و دارودەستەکەی ئەو پەیوەندییانەیان لاوازکرد، بۆیە من پێموایە سڕینەوە و لابردنی یەکجارەکی مەترسیی ئەو تیرۆریستانە لە عێراق پێویستی بە گۆڕینی ریشەیی ئەو هەموو وردەکارییانەی پرۆسەی سیاسی هەیە، من لەو باوەڕەدام کە بەڕێز حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیران نەخشەڕێگەی داڕشتووە کە دەکرێ چارەسەری داعش و هەموو دیاردە نەرێنییەکانی رابردوو بکات، ئەگەر ئەم نەخشەڕێگەیە بە شێوەیەکی پراکتیکی جێبەجێ بکرێت. هەرەسهێنان بەهۆی چەند سەد کەسێك، یان دووسێ هەزار کەسێکی سەر بەداعش نییە کە هاتوونەتە عێراقەوە، بەڵکو ئەم هەرەسهێنانە لە دوو هۆکاری بەیەکەوەگرێدراو سەرچاوە دەگرێت، یەکەمیان ئەو سیاسەتە هەڵە و مەترسیدارە بوو کە مالیکی پەیڕەوی دەکرد و بووە هۆی سەرهەڵدانی باوەشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی داعش و ئامێزی بۆ گرتنەوە، دووەمیان ئەوانەی بەرگرییان لەو ناوچانە دەکرد و لەناو سوپای عێراق بوون، بیروباوەڕی سیاسییان نەبوو، تەنانەت بۆچوون و دیدی نیشتمانپەروەرانەشیان نەبوو، بەپێچەوانەوە رێژەیەکی زۆری ئەوانە (فەزائی-بندیوار) بوون و رێژەیەکی دیکەش لە گەندەڵی و زێدەڕۆییەوە گلابوون کە ئەمانە هاندەربوون بۆ زیاتر سەرهەڵدان و جێگیربوونی ئەو تیرۆریستانە.

*** سەبارەت بەو خاڵەی ئاماژەت پێکرد، دەبینین کە حکومەتەکەی عەبادی ماوەیەکە پێکهاتووەو تائێستا رەوشی سوپا، هەروەها خزمەتگوزاری و باری ئەمنی هیچ گۆڕانکاریی بەسەردا نەهاتووە، پێتوایە دۆخەکە هەر بەم شێوەیە دەمێنێتەوە، یان گۆڕانکاریی بەسەردا دێت؟**

- سەرەتا دەمەوێ بڵێم کە رەنگە پتر لە ١٢٠ رۆژ بەسەر پێکهێنانی حکومەتەکەی عەبادیدا رەت بووە، سیاسەتی پێشوو بێجگە لەو خاڵە چەوت و هەڵانەی باسمان کردن، رەنگە گەنجینەیەکی بێ سەرمایەی لەدوای خۆیدا جێ هێشتبێت، کە ئەمە پەیوەست بووە بە گۆڕانکاریی لە نرخەکانی نەوت، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا مەسەلەی سوپا پێویستی بە هەوڵی نائاسایی و پێکەوەیی هەیە لە حکومەت و هێزە سیاسییەکان، نەك هەر لە پڕچەککردن، یان مەشق، بەڵکو لە مەسەلەی بیروباوەڕی سەربازی، چونکە مانەوە لە چوارچێوەی تایفەگەریدا بە هەر شێوەیەك بێت، ئەو هێزە ناتوانێت چی دیکە بەرگری لە سەروەریی وڵات بکات و دژی تیرۆریست و دوژمنان بوەستێتەوە، من پێموایە ئەرکێکی زۆر دەکەوێتە سەرشانی عەبادی و حکومەتەکەی و ئەم ئەرکانە بەبێ تیمارکردنی هەموو دەردەکانی ژیانی سیاسی و کەشوهەوای سیاسی جێبەجێ نابن، هەروەها تاکو سەقامگیرییەکی نیشتمانی نەیێتەئاراوە و هەموو هێزە سیاسییەکانیش پشتگیری لێ نەکەن، ئەم پرسە سەرکەوتوو نابێت، چونکە پێویستی بە یەکهەڵوێستیی نیشتمانی هەیە، ئەو هەنگاوەی پەیوەستە بە پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەند یەکێکە لە بنەماکانی پێوەندیی بەردەوام تاکو هەموو ئاستەنگەکان نەهێڵێت، مەسەلەی دابینکردنی خزمەتگوزاریش بۆ هاووڵاتیان ئەمەیان بە سێ، یان چوار مانگ بەدی نایەت، بەڵکو پێویستی بە ماوەیەك هەیە رەنگە بۆ ماوەی ساڵێکیش بێت.

*** رەنگە هەندێ کەس بپرسێت راستە ئەو هەموو پارەو سامانەی بەهەدەر برا، یان لە بازرگانی خەیاڵی خەرجکران، هۆکارەکەی سیاسەتمەدارانی پێشوو بوون، بەڵام ئەوەتا مالیکی خۆی جێگری سەرۆك کۆمارە، ئەدی بۆچی لێپرسینەوە لەکەس ناکرێت؟**

**هەرێمی کوردستان لەسایەی ئەو هەلومەرجە ئاڵۆزەی ناوچەکە، بوو بە نموونەی برایەتی و باوەشێشی کردۆتەوە بۆ هەموو نەتەوەو پێکهاتەکان**

**لەو باوەڕەدام کە بەڕێز حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیران نەخشەڕێگەی داڕشتووە کە دەکرێ چارەسەری داعش و هەموو دیاردە نەرێنییەکانی رابردوو بکات**

**ئەگەر مالیکی سیاسەتی پەراوێزخستنی پێکهاتەی سوننەی نەبوایە، مەترسی و سەرهەڵدانی داعش بەو شێوەیە نەدەبوو**




پرێس کۆنفرانسی سەرۆکی کوردستان لە ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/٢١ لە سەر چیای شنگال

- ئەمەیان پرسیاری هەموو هاووڵاتییەکە، چۆن دەکرێت بڕوا بکەین، یان ئومێد بخوازین، یاخود بپرسین چۆن گۆڕانکاری ڕوودات لە کاتێکدا کە سەری گەندەڵی یان بنەچەکەی لە نێو دەوڵەتە و بەرپرسیارێتییان هەیە، بۆ من قورسە وەڵام بدەمەوە، تەنانەت بۆ هاووڵاتیش هەر بەم شێوەیە، بەڵام وەڵامەکە ئەوەیە کە قسەکردن لەسەر گەندەڵی بەدەر لە چینی سیاسەتمەداران دەتوانم بڵێم کەموکوڕییە لە شرۆڤەکردنی ئەم بابەتە، چونکە چینی سیاسەتمەداران و شێوازی حوکمڕانی کە لە پشکایەتیی تایفەگەریدا بەرجەستە دەبێت، هەروەها زێدەڕۆیی لە بنەماکانی دەستووری لە مامەڵەکردندا، هاوکات بەداخەوە لاوازیی دادگا و نەبوونی هێزی دیموکراسیخوازی کاریگەر کە بتوانێ گوزارشت لە جەماوەر بکات و پەردەی ئابڕووبردن لەسەر ئەو دیاردەیە هەڵماڵێ، ئەمەشیان هەر کەموکورتییە، بەڵام وەك سیاسەتمەدار، یان شارەزا و لایەنی پەیوەندیدار بە کاروباری سیاسی دەتوانین بڵێین کە چارەسەرکردنی ئەو دیاردە مەترسیدارانە ئەوەندە ئاسان نییە، بەڵکو زۆر ئاڵۆزە، چونکە ڕەنگدانەوەی ململانێیەکی توندی بەرژەوەندیی باڵایە، یان گورزێکە بەر پۆست و پێگەی سیاسیی هەندێك کەس، یان هێز دەکەوێت و دواجار دەبێتە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان، ڕەنگە ئێمە هیواو ئاواتمان ئەوە بێت کە حکومەتەکەی بەڕێز عەبادی لە ئایندەدا ئەو نەخشەڕێگەیەی حکومەتەکەی جێبەجێ بکات کە خستیە بەردەم پەرلەمانی عێراق، یان لەو دیالۆگەی کە بەڕێزیان بەر لەچەند ڕۆژێك لەگەڵ ڕۆژنامەی ( ئەلمەدا ) ئەنجامی دابوو، بەڵام ئەمە سەرناگرێت، ئەگەر هەموو هێزە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە جورئەتەوە ڕووبەڕووی ئەو گەندەڵی و سەپاندنی دەسەڵات و ڕەوشە ناهەموارە نەبنەوە لە پێناو بەدیهێنانی گۆڕانکاریدا، لە پێشەوەی هەمووشیان ڕاگەیاندن و میدیاکان کە حکومەتی پێشوو پەراوێزی خستبوون.

*** لەبەر ئەوەی لە نزیکەوە سەرۆك بارزانی دەناسن، ڕۆڵیان چۆن هەڵدەسەنگێنن، بەتایبەتی لەگەڵ هێرشەکانی داعش بۆ سەر کوردستان و هاتنی داعش و نزیکبوونەوەی داعش لە هەولێر، هەروەها ئەو شەڕانەی ئەم دواییە بەتایبەتیش کە وەك تەحەددایەك گەیشتە چیای شنگال؟**

- لەوانەیە هەرچییەك بڵێم بچێتە قاڵبی وەسفکردنەوە، لەبەر ئەوەی من زۆر لە نزیکەوە مسعود بارزانی دەناسم، بەڵام من لێرەدا ئەو دۆستایەتییە دەخەمە ئەولاوە و بە

**بە ویژدانەوە دەڵێم هەڵوێستی سەرۆک مسعود بارزانی بریتی بوو لە گەڕاندنەوەی هاوسەنگی بۆ ڕەوشەکە، نەک تەنیا بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی عێراق، هەروەها وجوودی بەردەوامی جەنابیان لە بەرەکانی شەڕدا متمانەی بۆ پێشمەرگە گەڕاندەوە،ئەو نموونەیەی کە سەرۆک بازانی لە ماوەی رابردوودا پێشکەشی کرد، ڕاستەوخۆ بووە هۆی هەرەسهێنانی داعش، لە دواشەڕیشدا لە شنگاڵ داعشەکان بەبێ بەرگری هەڵدەهاتن و پێشمەرگەش ڕاویان دەنان تا دەرەوەی سنوور**

ویژدانەوە دەڵێم کە هەڵوێستی سەرۆك مسعود بارزانی بریتی بوو لە رووبەڕووبوونەوەی بەهێزی بەڕێزیان لە گەڕاندنەوەی هاوسەنگی بۆ رەوشەکە، نەك تەنیا بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی عێراق، هەروەها وجوودی بەردەوامی جەنابیان لە بەرەکانی شەڕدا متمانەی بۆ پێشمەرگە گەڕاندەوە، هەروەها زیندووکردنەوەی نەریتی قارەمانانەی پێشمەرگە کە بەداخەوە لەم چەند ساڵەی رابردوودا دیارنەمابوون بە هۆی هەندێ دیاردەی نەرێنی کە لە هەرێمی کوردستاندا زاڵ بوون، بەهاکانی قوربانیدان و بەرگری و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ئەوانە دەرئەنجامی ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییانەی پێشمەرگە بوون، ئەو نموونەیەی کە سەرۆك بازانی لە ماوەی رابردوودا پێشکەشی کرد، راستەوخۆ بووە هۆی هەرەسهێنانی داعش، لە دواشەڕیشدا لە شنگاڵ کە لە زاری بەڕێزیانم گوێ لێ بوو، داعشەکان بەبێ بەرگری هەڵدەهاتن و پێشمەرگەش راویان دەنان تا دەرەوەی سنوور، من پێموایە ئەم قۆناغە زۆر گرنگ و مەترسیدارە، بۆیە لەسەر سەرکردایەتیی کوردستانی پێویستە رێکبکەون تاکو هەموو بستێکی ئەم خاکە رزگاربکرێت و لە دەستی داعش پاك بکرێتەوە، من پێموایە تەنیا بە لەناوبردنی داعش نەوەستین، بەڵکو هەوڵبدەین جارێکی دیکە ئەزموونی کوردستان هەڵبسەنگێنین لە رووی سیاسی و ئابووری و سەربازی و ئەمنییەوە، بە واتایەکی دیکە هەموو هێزە زیندووەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستانی بەئاگابێنینەوە، تاکو وا بکەین کە هەموو شتێك کە پەیوەندیی بە بارودۆخی کوردستانەوە هەیە بە کێشەو پرسی هەموو هاووڵاتیانی کوردستان دابندرێت، نەك بە تەنیا کێشەی حکومەت و سەرکردایەتیی کوردستان بێت، من پێموایە پێویستە ئەو ئەزموونە هەموو حزب و هێزەکانی بەشدار لە پرۆسەی سیاسیی کوردستان بەئاگابێنێتەوە کە دەبێت بیربکەنەوە لەوەی کە هەرێم و هێزە کوردستانییەکان یەك بخرێن، نەك کورتبین بن لەوەی کە ئەم لایەن و ئەو لایەن هانبدرێت کە بیر بکاتەوە لەو بەرژەوەندییەی کە دەستی دەکەوێت، ئەگەر تەبا نەبوو، یان بە پێچەوانەی لایەنەکەی دیکە بوو، خاڵێکی گرنگ ئەوەیە کە ئەو سەرکەوتنانەی هەرێمی کوردستان و ئەو رۆڵەی سەرۆك مسعود بارزانی بەڵگە و ئاماژەیە بۆ هەموو هێزە سیاسییەکان، هەروەها بۆ سەرکردایەتی سیاسی لە بەغدای دووپاتکردەوە کە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر بنەمای سەرەکییە بۆ لەناوبردنی داعش، هەروەها بنیادنانەوەی دەوڵەتێکی دیموکراسیی فیدراڵ خێراتر دەکات.

*** لەسەر زاری دەیان شارەزاو چاودێر و شرۆڤەکاری بیانی دەگوترێت کە بەڕێز مسعود بارزانی سیاسەتێکی وردبینانەی هەبووە بەرامبەر بە کێشەکان و سەرهەڵدانی ئەم شەڕوشۆڕە، بۆیە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی ئیقلیمی و دەوڵەتانی دۆست هەموویان پاڵپشتی سەرۆك بارزانی بوون، چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەو واقعە هەیە؟**

- لە سیاسەتدا، هەروەها ئەگەر ئەو سیاسەتەش لە رووبەڕووبوونەوەدا بەرجەستە بوو، فاکتەری یەکلاکەرەوە هەمیشە لەسەر زەوی دەبێت، ئایا هێزی مرۆیی و سەربازی دەتوانێت داکۆکی بکات لە سنووری ئەو زەوییەی لەسەری دەوەستێت، یان نا؟ پاشان فاکتەری یارمەتیدەر دێن، واتا قسە لەسەر فاکتەری دەرەکی دەکرێ، وەك پشتیوانیی ماددی و سەربازی، ئەم فاکتەرانە یارمەتیدەرن، بەڵام ئەگەر هێزێك لەسەر زەوی نەبێت کە بتوانێت بجووڵێتەوە ئەو کاتە ئەو فاکتەرانە هیچ بەهایەکیان نابێت، رەنگە لە شوێنی دیکە ببینین کە فڕۆکەکان گورز دەوەشێنن، بەڵام بەداخەوە هیچ دەستکەوتێکیان نییە، یەکێك لەو هۆیانەی کە پشتیوانی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی خێراکرد، ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان بە روون و ئاشکرا دووپاتی کردەوە کە شەریکە و دەکرێ متمانەی پێ بکرێت، بە واتایەکی کۆنکریتی کە ئەگەر چەکی پێدرا ئەوا دەتوانێت بەکاری بێنێت، یان ئەگەر یارمەتی درا بە هێزی ئاسمانی ئەوا هێزێك لەسەر زەوی هەیە و لە جووڵەدایە، هەروەها ئەو پاڵپشتییە بەدەر نییە لەوەی کە هەرێمی کوردستان لەسایەی ئەو هەلومەرجە ئاڵۆزەی ناوچەکە، بوو بە نموونەی برایەتی و باوەشیشی کردۆتەوە بۆ هەموو نەتەوەو پێکهاتەکان، بۆیە ئەم هەموو فاکتەرانە وایان کرد کە بە پەلە ئەو پاڵپشتییە بگاتە کوردستان، ئەمە لەپاڵ ئەو هەوڵە سیاسی و دیبلۆماسییەی سەرکردایەتیی کوردستانی و لە سەروویانەوە سەرۆك مسعود بارزانی لەم چەند ساڵەی رابردوودا بۆ ئەو وێنایەی خستیە بەردەم رای گشتی و نێودەوڵەتی و عەرەبی و جیهان دەربارەی ئەو رەوشەی لە عێراق دەگوزەرێت، ئەمە وێڕای کۆتاییهێنان بەو گرژی و ناکۆکییانەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لە ماوەی حوکمڕانیی مالیکی سەریانهەڵدابوو، کە دواجار بووە هۆی شکستی بەرچاوی ئەو سیاسەتە و دەرئەنجامیش داگیرکردنی سێیەکی خاکی عێراق بوو لەلایەن داعشەوە، کە ئەمەش مەترسییە بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکەو جیهان بەگشتی.

**ناوکی داعش بریتییە لەوانەی کە دوای رژێم بەتەنیا مانەوە لە دەستوپێوەند و پاشماوەکانی گرێدراو بە حزبی بەعس، یان ئەوانەی کە لە دەزگا داپلۆسێنەرەکان بوون**

**خولی دووەمی حوکمڕانییەکەی مالیکی و سیاسەتەکەی بووە هۆی داڕمانی رەوشی سیاسی و ئابووری و ئەمنی و سەربازی و لێکترازانی پێکهاتەی کۆمەڵگەی عێراقی**

# هەڵمژینی قەیران لە خاکی ئیسلامدا

(۱)

لە بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا، وڵاتانی خاکی ئیسلام، بەتایبەتی ئەوانەی کە ڕژێمی ئۆتۆریتێر بە تۆخی دەیانبات بەڕێوە، لە سێ چرکەی گەورەدا ڕووبەڕووی قەیرانی سەخت و بکوژ بوونەتەوە و ناچاربوون بە گۆڕینی میتۆد و ستراتیژیی مامەڵەکردن لەگەڵ ناوەوە و دەرەوەی کۆمەڵگەکانیاندا.

چرکەی یەکەم بریتییە لە داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە لە ساڵی ۱۹۹۰ و پاشان ڕزگاکردنی لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە. پاش تەواوبونی هەشت ساڵی جەنگ لەگەڵ ئێرانی ئایەتوڵاکاندا، عێراقی سەدام حوسێن لە گەورەترین قەیرانی ئابووریدا تا بینەقاقای نقووم ببوو، بەڵام لە هەمانکاتدا پڕچەك بوو بە باشترین و تازەترین چەکی جیهان. ئەمەش نەك هەر وڵاتانی کەنداو، بەڵکو (ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوروپا و ئیسرائیل)یشی تۆقاندبوو! بۆیە پرسیاری لەناوبردنی لە کۆی ئەو ناوەندانەدا خۆی بەسەر هەموو لایەکدا فەرزکرد. لێرەوە، وڵاتانی کەنداو، کە لە هەشت ساڵی ڕابردوودا، دەرگای خەزێنەی قەرزەکانیان بۆ سەدام کردبووەوە، دەستیانکرد بە داواکردنەوەی و لە هەمانکاتدا وشیاریش بوون بەوەی کە عێراق ناتوانێت ئەو قەرزانە بداتەوە. لە هەلومەرجێکی ئاوادا و لە ۲ ی ئۆگستی ۱۹۹۰ دا سوپاکەی سەدام حوسێن پەلاماری کوێت دەدەن و داگیری دەکەن. لەم چرکەساتە بەدواوە، ئیدی چیرۆکێك کۆتایی پێدێت و چیرۆکێکی دیکەی مەزن لە وڵاتانی خاکی ئیسلامدا دەستپێدەکات.

چرکەی دووەم بریتییە لە هێرشی جیهادیستەکانی ئەلقاعیدە بۆ سەر نیۆیۆرك و واشنتۆن لە ۱۱ی سێپتەمبەری ۲۰۰۱دا. لەو ڕۆژە بەدواوە و لەدوای ئەوەی کە هەمووومان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە وێنەی ئەو مرۆڤانەمان بینی کە لە پەنجەرەی بورجەکەوە خۆیان فڕێدایە خوارەوەو دڵنیاش بوون لەوەی کە دەمرن، ئیتر بەپێی وتەی سەرۆکی ئەمریکا، شەو بەسەر جیهانێکی جیاوازدا داهات. ساڵێك دوای ڕووداوەکە، زۆربەی ڕۆژنامەکان وێنەی بن لادن و وێنەی ئەو مرۆڤەیان لەپەنای یەکتردا بڵاوکردەوە، بۆ نموونە ڕۆژنامەی (Le Monde) ی فەرەنسی لەخوار ئەو دوو وێنەیەوە نووسیبووی: «سێبەری بن لادن بەسەر جیهاندا.»

لە ڕێگەی ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنەکانەوە، ئیتر هەستمان بەوەکرد کە هەموو شتێك ئامادەیە بۆ ئەوەی لەو ڕووداوە شتێکی وەك دابڕان لەگەڵ دنیای پێشوودا بیناکرێت. واتە ئیتر ۱۱سێپتەمبەری۲۰۰۱ بەتەنها ڕووداوێکی جەرگبڕ نییە، بە تەنها هاواری دایکە کوڕ مردووەکان و منداڵە هەتیوەکان و ورد و خاش بوونی دوو بورج نییە، بەڵکو دابڕانێکی مێژووییشە.

چرکەی سێیەمیش بریتییە لە سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی جیهانی عەرەبی لە ۲۰۱۱ دا. لەم چرکەیەدا بن عەلی، موبارەك، عەلی عەبدوڵلا ساڵح، قەزافی، لەسەر عەرشی دەسەڵات دەهێندرێنە خوارەوە. سووریای ئەسەدەکان دەبێت بە گۆمی خوێن. بەحرەین و عومان و مەغریب و کوردستان دەبن بە شانۆی چەندین خۆپیشاندان. لە کۆتاییشدا ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، زیاتر لە دوو سەد و پانزە هەزار کیلۆمەتر لەنێوان عێراق و سووریادا کۆنترۆڵ دەکات و خەلافەتی ئیسلامی ڕادەگەیەنێت.

هەر یەکێك لەم سێ چرکەیە، سێ گورزی کاریگەری بەهێز بوون لە ئۆتۆریتاریزمی ڕژێمەکانی خاکی ئیسلام و پرسی گۆڕانکاری و دەستکاریکردنی شتەکانیان وەرگێڕایە سەر جەبرێك کە چیدی کەس نەتوانێت پشتگوێی بخات. لەم سێ چرکەیەدا، چ لەناوەوە و چ لەدەرەوە، ڕژێمەکانی خاکی ئیسلام ڕووبەڕووی چەندین پرسیاری جەوهەری بوونەوە، لەوانە :

تا کوێ ئەم ڕژێمانە دەتوانن شەرعی بن و تا کوێ چیرۆکی شەرعییەتیان وەك فاکتی واقیعی وەردەگیرێت و لەلایەن کۆمەڵگەی جیهانییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت؟

تاکوێ زنجیرەی شکستە یەك لە دوای یەکەکانی ئەم ڕژێمانە لەلایەن کۆمەڵگەکانەوە هەرس دەکرێن و لە کوێدا ئەم شکستانە خاڵی کۆتایی لەسەر دوادێڕی ڕژێمە ئۆتۆریتێرەکانی خاکی ئیسلام دادەنێن؟

تا کوێ ئەم ڕژێمانە دوور لە ریفۆرمە قووڵەکانی سەردەم دەتوانن بژین و لە کوێدا و کەی و لەگەڵ کێ، چیرۆکی ریفۆرمی تەندروستی واقیعی لە وڵاتانی خاکی ئیسلامدا دەستپێدەکات؟

لە هەر یەکێك لەم سێ چرکەیەدا، ڕژێمەکانی خاکی ئیسلام، بە شێوەیەکی گشتی سێ جۆر ستراتیژییان بەکارهێناوە و هەوڵیانداوە لە ڕێگەیانەوە، درێژە بە تەمەنی خۆیان بدەن و قەیرانەکان وەك ئیسفەنج هەڵبمژن.

ستراتیژیی یەکەم : کرانەوەی سیاسی.

ستراتیژیی دووەم : کرانەوەی ئابووری.

ستراتیژیی سێیەمیش: هۆکاری دەرەکی.



دکتۆر عادل باخەوان*

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

* سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ لە پاریس



# یەکێتیی ئەورووپا و عێراق و کورد

د. شێرزاد نەجاڕ

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی



## ٢

**● دانیشتنی لیژنەی پەرلەمانیی ئەورووپا سەبارەت بە عیراق**

لیژنەی پەرلەمانیی تایبەت بە عیراق لە ناو پەرلەمانی ئەورووپیدا، ڕۆژی پێنج شەمە ٢٠١٤/١٢/٤لە بارەگای پەرلەمانی ئەورووپایی لە (هۆڵی A5E_2) کاتژمێر ٩:٣٠ سەرلەبەیانیی تا کاتژمێر١٤:٠٠ی پاش نیوەڕۆ کۆبوونەوەیەکی سازدا، داڤید کامپڵ بانرمان سەرۆکی نێردەکانی پەرلەمانی ئەورووپایی بۆ پێوەندییەکان لەگەڵ عیراقدا دەسپێکی دانیشتنەکەی بە وتەیەك کردەوە کە (هومام باقر جەعفەری ) جێگری سەرۆك پەرلەمانی عیراق لە تەنیشتی دانیشتبوو، بڕیاریش وا بوو ئیبراهیم جەعفەری وەزیری دەرەوەی عیراقیش ئامادەی ئەم دانیشتنە بووایە، بەڵام داوای لێبوریني کرد بوو بەهۆی ئەوەی ناچار بووە لە هەمان وادەو کاتدا لە برۆکسل ئامادەی کۆبوونەوەیەکی تر بێت.

لە وتەکەی دەسپێکدا بانرمان پەنجەی خستە سەر خاڵی پاڵپشتیەکانی پەرلەمانی ئەورووپایی بۆ حکومەتی نوێی عیراق و هاندەری ئەو دیالۆگ و دانوستاندنانە بوو کە لەگەڵ سەرجەم پێکهاتەکانی ناو وڵاتدا بە ئەنجامی دەگەیەنێت، هاوکات کردەوە وەحشیەکانی داعشیان ڕەت

کردەوەو پشتگیری خۆیان بۆ سوپای عیراق و پێشمەرگە لە جەنگی دژە تیرۆردا دەربڕی، هەروەها جەختیشی کردەوە لەسەر ناردنی هاوکارییە مرۆڤایەتیەکان بۆ ئاوارەکانی کە لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان هەڵاتوون، هەروەها پێشوازی گەرمی لەو ڕێککەوتنەی دوایی کرد کە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان کراوە، ئەوەش قبوڵکراو نییە کە پێشمەرگەکانی کوردستان بە بێ موچە لە بەرەکانی جەنگدا بن..

لەم چوارچێوەیەدا بانرمان جەختی کردوە لەسەر منداڵان و ئافرەتە رفێندراوەکان بەتایبەتیش ئافرەتە ئێزیدیەکان، هەروەها ئاماژەی کرد بەپرۆسەکانی کوشتن و وێرانکردنی شوێنەوارە دێرینەکان. لەلای خۆیەوە هومام حەمودی ئاماژەی دا بەوتەکانی سەرۆکی دانیشتنەکەو لەو بارەیەوە وتی: راپۆرتەکە واقیعیانە بوو، دواتر باکگراوەندی ئەو بڕیارانەی لەلایەن حکومەتی عەبادیەوە دراون خستەڕوو کاتێك ئاماژەی دا ((بە هاوسەنگ کردنی هێزە مەزهەبیەکان لەناو دامودەزگاکانی دەوڵەتدا)) هەروەها ((سەر لەنوێ بونیاتنانەوەی هێزە چەکدارەکان)) لەگەڵ ((دەرچواندنی بڕیارەکانی لێخۆشبوونی گشتی و ئازادکردنی زیاتر لە ٣٠٠٠ راگیراوی ناو زیندانەکان)) دواتر درێژەی پێداو وتی ((دوژمنێکی هاوبەش بۆ هەمووان هەیە کە جێگای مشتومڕ نییە کە ئەویش دوژمنێکی عەقائیدییەو مامەڵە لەگەڵ سیاسەتی کوشت و بڕو بەکۆیلەکردنی خەڵکیدا دەکات)) هەروەها وتی: من شەرم دەکەم کە بەمشێوەیە باس لە عێراقێك دەکەم کە لەمێژوودا وڵاتی دەستپێکی دامەزراندنی شارستانیەکانە، دواتر وەسفی داعشی کرد بەوەی شێرپەنجەیەکی مەترسیدارن و پیشەسازییەکی عەرەبیی ئیسلامەوین و پێویستە لە سەر عێراق و موسڵمانان ڕووبەڕووی ئەم بە پیشەسازیکردنەی ئاینی ببنەوە، هەروەها وتی فیکری داعش رەنگە عەرەبی و ئیسلامیی بن، بەڵام هێزەکەی لە خۆرئاواوە هاتووە، لەپاش ڕووداوەکانی سوریاوە وەرچەرخاوە بۆ تەحەددایەکی جیهانی، هەموانیش پێویستە بەرپرسیارێتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم تەحەددایە بگرنە ئەستۆ دواتر ئاماژەی دا بەدوا کۆبوونەوەی ڕێکخراوی یونسکۆ کە رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣ سازدرا لە ژێر دروشمی (چۆن بەفەرهەنگ و شارستانیەت ڕووبەڕووی داعش ببینەوە)، ئەمڕۆش لە پەرلەمانی ئەورووپیدا پرسیارەکە ئەوەیە چۆن عێراق بەهاوکاری ئەورووپا بتوانن ڕووبەڕووی ئەم بابەتە ببنەوە. داعش حاڵەتێکی تازەیە لەعێراق، پێویستە هەمووومان ئامادەساز بین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەك تەنها لەرووی سیاسیی بەڵکو دەروونیش، پێویستیشە ئەورووپیەکان لەگەڵ عێراقیەکاندا بەدوای چارەسەری ئەم گرفتە بگەڕێن چونکە ژمارەیەکی زۆری چەکدارانی داعش لە ئەورووپاوە هاتوونەتە ناو ڕێکخراوەکەوە بەنموونە زیاتر لە ١٠٠٠ چەکدار لە فەرەنساو ٤٠٠ چەکدار لە ئەڵمانیاوە، ئاماژەشی دا بەوەی عێراق لەسەر دوو ئاست ڕووبەڕووی ئەم قەیرانە بۆتەوە، لەسەر ئاستی سوپاو پێشمەرگە لەلایەك و هەروەها لەسەر ئاستی حەشدی شەعبی لەلایەکی ترەوە.

**● یەکەم: تەوەرەکانی کۆبوونەوە**

١. تەحەددای سەربازی و بەرەنگاربوونەوەی داعش: سەرۆکی نێردەی ئەمەریکی لە یەکێتی ئەورووپا لەسەر ئەم تەوەرە وتوێژی کرد.

٢. دیالۆگی سیاسی سەبارەت بە دۆزە هەرێمایەتیەکان ئەوانەی بەرژەوەندی هاوبەشیان لەگەڵ یەکدا هەیە: لەم تەوەرەشدا سەرۆکی بەشی نیمچە دوورگەی عەرەبی، هەروەها بەرپرسی ئێران و عێراق لە فەرمانگەی خزمەتگوزارییە پراکتیکیەکان لە یەکێتی ئەورووپا و سەرۆکی دەستەی هاریکاری جوگرافیا بۆ ناوەندی ئاسیاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەم تەوەرەدا گفتوگۆیان کرد.

٣. دانانی مافەکانی مرۆڤ، دۆزە مرۆڤایەتیەکان و قەیرانی پەناهەندەکان: لەم بوارەشدا ژمارەیەك لە پسپۆرانی تایبەت بە بوارەکانی مافەکانی مرۆڤ و پەناهەندە قسەیان کرد.

٤. نزیکەی یەك کاتژمێر تەرخانکرا بۆ وتوێژ لەسەر ئەو خاڵانەی پێشوو، بەڵام دەرفەت نەدرا بەکەسانی تر تاوەکو لە وتووێژەکە بەشدار بن بەهۆی بەرتەنگی کات.

**● دەکرێت خاڵەکانی وتووێژەکان لەمانەی خوارەوە چڕ بکەینەوە:**

● لەبەرژەوەندی هەمووانە هاریکاری عێراق بکرێت لەم دۆخە خراپەی تێی کەوتووە.

● هەماهەنگی کردن لەگەڵ عێراق بۆ مەسەلەی مەشقپێدانی هێزە ئەمنیەکانیی.

● یەکێتی ئەورووپا ئامادەیە بۆ پاڵپشتیکردنی کاری دژە تیرۆرو لەناوبردنی ئایدیۆلۆژییەتی تیرۆرستان.

● جەختکردنەوە لەسەر مافەکانی مرۆڤ.

● دانانی بەرنامەی کار لە ٢٠١٤- ٢٠١٨.

● لەسەر پەرلەمانی عێراق پێویستە چالاکتر بێت و ئەو کەموکورتییە تەشریعیانەی پێوەندیدارە بە٦٠ دەقی یاساییەوە چارەسەر بکات کە لەدەستووری ٢٠٠٥ دا هاتوون.

● جەختکردنەوە لەسەر سەربەخۆیی دادگاو دوورخستنەوەی لە سیاسەت.

● جەختکردنەوە لەسەر پرۆسەی بونیاتنانەوەی دەوڵەتی عێراق کە خۆی دەبینێتەوە لەدروستکردنی دامودەزگا مەدەنیەکان، لەمبارەیەوە یەکێتی ئەورووپا شارەزایی بەر فراوانی هەیەو دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت، هەروەها ئاماژە درا بە پێدانی سەربەخۆیی زیاتر بۆ هەرێمەکان و پەرەپێدانی رۆحیی هاووڵاتیبوون، دوور لەبناغەی ئیتنی و تایەفەگیریی.

● عێراق پێویستی بە ئاشتبوونەوەی گشتی و بەرجەستەکردنی رۆحی رێزکردنی فرەیی هەیە.

● لەسەر ئاستی ئابووری ئاماژە درا بەو قەیرانە داراییەی

**فیدریکا موگیرینی وتی کە هاوکارییەکی باش لە چوارچێوەی یەکێتی ئەورووپا بۆ هەرێم بەرێوەیەو هەروەها لەسەر ئاستی تاکە تاکەی وڵاتانی ناو یەکێتیەکەش هاوکاری تر دەنێردرێن بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە داعش تەنیا هەڕەشە نییە بۆ عیراق و کوردستان بەڵکو هەڕەشەیە بۆ ئاسایش و ئارامی هەموو جیهان**

که عێراق ڕووبەڕووی دەبێتەوە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتی خاو هاوکات زۆر بەووردی ئاماژە درا بەو ڕێکەوتنەی دوایی کە لەنێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی فیدراڵ واژوو کرا، ئەم ڕێکەوتنەیان بەئەرێنی وەسف کرد، هەروەها پەنجە خرایە سەر دروستی ئاودیوکردنی نایاسایی پارە بۆ دەرەوەی وڵات ، لەم ڕوانگەیەوە جەختیان لەســەر ئەوە کردەوە کە پێویستە سامانی عێراق تەنیا خەڵکی عێراق لێی سودمەند بن.

● یەکێتــی ئەوروپا دەتوانێــت ڕۆڵی ناوبژیــوان بگێڕێت بەهاوشــانی گەمەکارە هەرێمیەکانی تر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق.

● یەکێتــی ئەوروپا لە دانانی بەرنامەیەکی پێشــنیازکراو بۆ ســاڵانی ٢٠١٣ – ٢٠١٧ هاوکار دەبێت کە تایبەتمەندە بــەم بابەتانە: بەرنامەی نیشــتمانی عێراقی، ســەروەری یاســاو مافەکانی مرۆڤ، پشتگیری خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی، وزەی نوێبووە.

● بــە ڕای یەکێتی ئەوروپــا پێویســتیەکی زۆرهەیە بۆ دەستەبەرکردنی بەرنامەیەکی گشتگیر کە هەموو لایەنەکانی سەربازی و سیاسی و پەرەپێدان بگرێتە خۆ.

● **دووەم: سەرنج و تێبینی سەبارەت بە کۆبوونەوەکە**

● شــاندی پەرلەمانــی عێراقی جگە لــە حەموودی لەم بەڕێزانەش پێکهاتبوو(یونادم کەننا، ئالا تاڵەبانی، ســەلاح جبووری، سادق روکابی ) شاندی وەزارەتی دەرەوەی عێراقیش باڵیۆز ســەفییە ســوهێل بەرپرســی فەرمانگەی ئەوروپا لەوەزارەتی دەرەوە لە ئاستی ئەو کێشە و باسە جەوهەرییانەدا نەبوو کە گفتوگۆی لەســەر دەکرا، چونکە جگە لە بابەتە ســەربازییەکان چەندین دۆزی سیاســی و دەوڵەتمەداری و فیکری قووڵیــش باس دەکرا، ئــەم کۆمەڵێك تێبینی زۆر لاوازی خستەڕوو، تەنانەت ئەندامانی شاندەکەش لەم باشتر نەبوون، بەشێوەیەك سەرۆکی دانیشتنەکەی ناچارکرد بەهۆی درێژی قســەی دووبارەو لاوازەوە قسەکانیان پێ بپچڕێنێت، هەموو خەمی سەرۆکی شاندەکەی عێراقیش هاتوهاوار بوو بــۆ ئەوەی یەکێتی ئەوروپا چــادر بنێرێت بۆ پەناهەندەکان لە وڵاتێکدا کە بودجەی ســاڵانەی لەســەروو ١٠٠ ملیار دۆلارەوەیە.

● ئەندامانی شاندە کوردیەکەش کە خرابوونە ناو چوارچێوەی شــاندی عێراقیــەوە ڕۆڵی بەرچــاوی خۆیــان نەگێڕا، بەتایبەت بۆ ئــەو بابەتانەی کە پێوەندارە بەقەیرانەکانی کە حکومەتی هەرێمی کوردســتان ڕووبەڕووی بۆتەوە بەهۆی ئــەو پشتگوێخســتنە بەئەنقەســتەی بەغــداوە بەتایبەت ئەوانــەی پێوەندییان هەیــە بەچەکدارکردنی پێشــمەرگە لەبەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ئەمانیش تەنها بە تۆنی بەرزی دەنگیان هەر دەیانــووت ڕزگارمان بکەن و یارمەتیمان بدەن وەك ئەوەی ئێمە کەم ئەندام بین.

● نوێنــەری حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان بێدەنگ دانیشتبوو، لەهیچ گفتوگۆیەك بەشداری نەکرد، لەکاتێکدا شــوێنێکی تایبەتی بــۆ دانرابوو تابلۆیەکــی گەورە لێی نووســرابوو (krg) بەمەرجێك هەموو چاوەکان لەسەر ئەو بوو شــتێك بڵێت و کاتێکی کراوەشیان بۆ تەرخانکردبوو تا وەکو نوێنەری هەرێمی کوردستان لەیەکێتی ئەوروپا وتووێژ بکات.

● **سێیەم: یەکێتی ئەوروپاو هەرێمی کوردستانی عێراق**

لەســاڵی ٢٠٠٣ بەدواوە یەکێتی ئەوروپــا ئاوڕی داوەتەوە لەبارودۆخــی عێــراق و هەرێمی کوردســتان، کۆمەڵێك بۆنــەی گرنگ هەبوون بــۆ پەرەپێدانی ئــەم پێوەندییانە لەگەڵ یەکێتی ئەوروپــادا، لەزۆر بۆنەی تایبەتدا هەبوون بــۆ پەرەپێدانی پێوەندییەکان لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا لەوانە سەردانی ســەرۆك بارزانی بۆ بارەگای یەکێتی ئەورپا لە برۆکســل لە ٢٠٠٩/١١/١٠ هەروەهــا چاوپێکەوتنی نێوان بەڕێزیان و خافێر ســۆلانا ڕێکخەری بــاڵای بەرگری و ئاسایش لە ئەوروپا، هەروەها کۆبوونەوەی بەڕێزیان لەگەڵ لێژنــەی کاروبــاری دەرەوەی یەکێتــی ئەوروپی کە تێیدا پەرەســەندنە سیاســیەکانی عێراق و تەحەددیاتی ئایندەو پەرەپێدانی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و یەکێتی ئەوروپا پتەوکران، هەروەها ســەردانی ســەرۆك بارزانی بۆ پەرلەمانی ئەوروپی لە ڕێی بانگێشتێکی فەرمی لێژنەی پێوەندییەکانــی دەرەوەی پەرلەمانەکە لە ٢٠١٤/١/٢١ کە ســەرۆك بارزانی لەوێ وتەیەکی گرنگی پێشکەش کردوو تێیدا وتی:((ئێمە لەهەرێمی کوردســتان پشتمان بەستووە بەسیاســەت و کەلتــووری لێبووردەیــی و پێکەوەژیان و قبووڵکردنی بەرامبەر، هەرێمی کوردستان بەرێژەیەکی بەرز ئارامی و ئاسایشی تێدا هەیە لەکاتێکدا ئێمە لە دەستپێکی بونیاتنانــی دامــودەزگا دیموکراتیەکانداین پێویســتمان بەهاوکاری ئێوەیە بۆ ئەوەی بەدروستی لەسەر بناغەیەکی هاوچەرخ ئەم دامودەزگایانە دابمەزرێنین، چاومان بڕیوەتە پاڵپشــتیەکانتان بۆ مافەکانی گەلی کوردســتان، ئومێد دەکەیــن نوێنەرایەتیەکی تایبەتمان لەنــاو یەکێتی ئەوروپا هەبێــت ئەمە هاوکار دەبێت بــۆ پەرەپێدانی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردســتان و وڵاتانی ئەوروپی لەبوارەکانی ئابووریدا، داواتان لێدەکەین پشــتگیری پرۆژەی سیاســی لە عێراقدا بکەن لەســەر بناغەی ئیلتزامکردن بەدەستوورو پرەنسیپەکانی دیموکراتیەت و فیدراڵیەت و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە عێراق و ناوچەکەدا بەگشتی )).

دواتــر لــە ٢٠١٤/١١/٦ ڕاوێژکاری ئاسایشــی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسرور بارزانی سەردانی بارەگای یەکێتی ئەوروپای کردەوە ئەویش لە وتەیەکدا کە لەبەردەم پەرلەمانی ئەوروپی داوای چەکدارکردنی هەرێمی کوردســتانی کرد بەچەکی قورس، هەروەها جەختیشــی کردەوە لەسەر ئەوەی ڕێکخراوی داعش کە ئێستا هەرێمی کوردستان بەرەنگاری بۆتەوە، مەترسییەکە بۆ هەموو جیهان بەو سیفەتەی بڕوای بەهیچ ســنوورێك نییە، دەقاو دەق بارزانی وتی: (هەرێمی

**نوێنەران و پسپۆران و باڵیۆزەکانی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا خودی خۆیان سەردانی بنکەکانی دەنگدان و ئەو جێگایانەیان کردووە کە هەڵبژاردنی تێدا ئەنجامدراوە ئەوان سەرسام بوون بەحەماسەتی خەڵکی کوردستان لەناو کێبڕکێی هەڵبژاردندا، لای خۆشیەوە سەرۆک بارزانی لەکاتی پێشوازیکردنی لەو شاندە شایەتحاڵی ئەوانی بەرز نرخاند کە بەڵگەیە لەسەر شارستانیبوونی گەلی کوردستان**

کوردستان بەرەنگاری داعش بۆتەوە لەبری هەموو جیهان) ئاماژەشی دا بەئاوارەبوونی سەدان هەزار هاووڵاتی مەدەنی کە لەناوچەکانی باکوری عێراق و ناوچە کوردستانیەکانی دەوروبەری هەرێم دەربەدەر بوون، دواتر وتی : خەڵکی شنگال دووچاری کۆمەڵکوژی بوونەتەوە بەهەزارەهایان بەرەو مەرگ راپێچ کراون و کچان و ژنانیان لەلایەن داعشەوە رفێندراون زیاتر درێژەی بەقسەکانی دا و وتی:حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ پاڵپشتیەکی ماددی لە حکومەتی عێراقەوە پێنەگەیشتووە لە رووبەرووبوونەوەی داعش، زیاتریش روونی کردەوەو وتی(بەغدا تەنیا بەوە نەوەستاوە کە هاوکاری مرۆیی و چەکی لەم چەنگەدا بۆ نەناردوین بەڵکو بەشی هەرێمی کوردستانی لە بودجەی فیدراڵی لێبڕیوین).

هەروەها لە ٢٧ /٣/٢٠١٤ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوی کەوت بەشاندێکی باڵای یەکێتی ئەوروپا کە بەسەرۆکایەتی کریستیان بیکر نێردەی تایبەتی کۆمسیۆنی باڵای کاروباری دەرەوە، هەروەها یانا هایباشکۆ‌فا باڵیۆزی یەکێتی ئەوروپا لەعێراق هاتبوون لەم دیدارەدا باری ئێستای عێراق و هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق بەگشتی (مەبەست لە هەڵبژاردنەکانی نیسانی ٢٠١٤) خرانە بەر باس شاندەکە جەختیان کردەوە لەسەر ئیلتزامی یەکێتی ئەوروپاو پاڵپشتی تەواویان بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن، بۆ ئەم مەبەستە تیمێکی تایبەتیان بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان رەوانە کرد ئەمەش لە چوارچێوەی خۆسازدان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و هاریکاری و بەشداریکردن لە پرۆسەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەلایەن حۆیەوە نێچیرڤان بارزانی ئەم دەستپێشخەرییەی یەکێتی ئەوروپای بەهەند زانی و تیشکی خستە سەر بارودۆخی پەنابەرە سورییەکان لە هەرێمی کوردستان، شاندی یەکێتی ئەوروپاش چالاکیەکانی حکومەتی هەرێمی بەرز نرخاند بەتایبەت لەبەهاناچوونی پەناهەندەو دابینکردنی بژێوی و هاوکاری مرۆیی بۆیان، لە دەرئەنجامی ئەم سەردانەشدا لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای یەکێتی ئەوروپا راگەیەنرا کە لەهەفتەکانی داهاتوودا نووسینگەیەکی تایبەت بەهاریکاری مرۆیی لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە لەهەولێر دەکرێتەوە کە ئەرکی ئەوەیە هاوکاری هەرێم بکات بۆ پێشوازی لەو پەناهەندە سووریی و ئاوارانەی ترەوە کە لەناوچەکانی تری عێراقەوە روویان لەکوردستان کردووە، هەروەها بۆ زەمینەسازیی لە پێناوی چاککردنی پێوەندییەکانی نێوان هەولێرو بەغدا چارەسەر دۆزینەوە بۆیان لە ڕێگای گفتوگۆوە کۆتایی هێنان بەو ناکۆکیانەی پێوەندییان بە بودجەو دۆسیەی نەوتەوە هەیە، هەروەها پەرەپێدانی پێوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دەروبەرو چەند بابەتێکی تریش لەنێوان شاندی یەکێتی ئەوروپاو سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان خرایەڕوو.

لە ٢٠١٤/٥/٨ سەرۆك بارزانی چاوی کەوت بە خاتوو یانە هایباسکۆفای نێردەی یەکێتی ئەوروپای لەعێراق کە لەگەڵ باڵیۆزەکانی یەکێتی ئەوروپا هاتبوون لەو دیدارەدا خاتوو یانا سوپاسی یەکێتی ئەوروپای بەسەرۆك بارزانی گەیاند بۆ ئەوەی توانیویتی پێوەندییە ستراتیژییەکانی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان پەرەپێ بدات، هەروەها پیرۆزبایی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانی لێکرد کە لەهەرێمدا ئەنجامدراو بەهەڵبژاردنێکی خاوێن و دیموکراتی لەقەڵەمدا، ئاماژەشی بەو ئەزموونە دیموکراتیەی هەرێمی کوردستان کرد کە لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوازەیە ئەمەش پاش ئەوە هاتووە کە نوێنەران و پسپۆران و باڵیۆزەکانی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا خودی خۆیان سەردانی بنکەکانی دەنگدان و ئەو جێگایانەیان کردووە کە هەڵبژاردنی تێدا ئەنجامدراوە ئەوان سەرسام بوون بەحەماسەتی خەڵکی کوردستان لەناو کێبڕکێی هەڵبژاردندا، لای خۆشیەوە سەرۆك بارزانی لەکاتی پێشوازیکردنی لەو شاندە شایەتحاڵی ئەوانی بەرز نرخاند کە بەڵگەیە لەسەر شارستانیبوونی گەلی کوردستان. هەروەها رۆڵی کوردی لە داهاتووی عێراق و مەسەلەی شەراکەتی نیشتمانی خستەروو ئاماژەی بەوەدا لە پێناوی تێگەیشتن لە گرفتەکانی عێراق پێویستە مێژوو ماهیەتی ئەو وڵاتە هەڵسەنگێنێت، چونکە عێراق لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانیەوە لەسەر بناغەی شەراکەتی نێوان هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد دامەزراوە بەڵام بەدرێژایی ساڵانی دواتر ئەم شەراکەتە کراوەتە قوربانی ململانێ و ستەمکاری حکومەتەکانی پێشووی عێراق، ئاماژەی بەوەشدا کە پێویستە دەستووری عێراقی جێبەجێ بکرێت بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی عێراق هەست بەئارامی بکەن و لە ژیانی سیاسی دا هاوبەش بن و ماددەی ١٤٠ لەدەستووری عێراقی جێبەجێ بکرێت و هەیکەلی سوپای عێراق لەسەر بناغەیەکی نیشتمانی دابڕێژرێتەوە و دۆزی پێشمەرگەش چارەسەر بکرێت و یاسای نەوت و غاز دەربچێت و ئاماری دانیشتووان ئەنجام بدرێت و هەموو ئەو دامودەزگاو فەرمانگانەی لەدەرەوەی دەستوور دانراون ڕەتبکرێنەوە.

ئەوانەی لەم کۆبوونەوەیەدا گفتوگۆیان کرد بریتی بوون لەو باڵیۆزانەی یەکێتی ئەوروپا کە لەسەر دۆزەکانی تایبەتمەند بە داهاتووی عێراق و رۆڵی کورد تێیدا باسوخواسیان هەبوو، پرۆسەی سیاسیی هەرێم و بارودۆخی پەناهەندەکانی سووریایی بەشێکی تری باسەکان بوون..

لە ٢٠١٤/٨/١٥ وەزیرانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا کۆبوونەوە بۆ تاوتوێکردنی مەسەلەی پشتگیریکردنی عیراق و هەرێمی کوردستان لە لایەنی چەك و تەقەمەنییەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون لە گەیشتن بە کۆبڕیار، لەبەرئەوە ئەم بڕاردەیەیان بەجێهێشت بۆ دەوڵەتەکان تا هەر کامیان بەپێی بڕیاری سەربەخۆی خۆیان کاربکەن بۆ پێدانی چەك بە کوردی عیراق، کە مەبەست لێی پێشمەرگەیە بە مەرجێك دەسەڵاتی فیدراڵی ڕەزامەندی لەسەر هەبێت..

سەرۆک بارزانی ئاماژەی بەوەدا کە پێویستە دەستووری عێراقی جێبەجێ بکرێت بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی عێراق هەست بەئارامی بکەن و لە ژیانی سیاسی دا هاوبەش بن و ماددەی ١٤٠ لەدەستووری عێراقی جێبەجێ بکرێت و هەیکەلی سوپای عێراق لەسەر بناغەیەکی نیشتمانی دابڕێژرێتەوە و دۆزی پێشمەرگەش چارەسەر بکرێت و یاسای نەوت و غاز دەربچێت و ئاماری دانیشتووان ئەنجام بدرێت

کۆماری چیک ڕایگەیاند کە دەست دەکات بە گەیاندنی چەک و تەقەمەنی بۆ کورد ئەمەشی لە بەیانێکی وەزارەتی دەرەوەی چیکیی خرایە روو بە بێ ئەوەی ناوی جۆرو چەندێتی چەک و تقەمەنیەکانی تێدا بێت

لەم بارەیەوە وەزیری دەرەوەی نەمسا سباستیان کۆرتس ڕازی نەبوو لەسەر ناردنی چەك بۆ پێشمەرگە لە ئاماژەیەکیدا بەوەی وڵاتەکەی تەنیا هاوکاریی مرۆیی بۆ ئاوارەکان دابین دەکات..

کۆرتیس لەم بارەیەوە وتی (( ئامادە نین بۆ هاوبەشی کردن لە ناردنی چەکدا، چونکە ئەوە کێشەی ئێمە نییە، وەك دەشزانن ئێمە سەرچاوەی گەورەی چەك دابین کردن نین و هێزێکی گەورەی سەربازیمان نییە))

بەڵام کۆماری چیك ڕایگەیاند کە دەست دەکات بە گەیاندنی چەك و تەقەمەنی بۆ کورد ئەمەشی لە بەیانێکی وەزارەتی دەرەوەی چیکیی خرایە ڕوو بە بێ ئەوەی ناوی جۆرو چەندێتی چەك و تەقەمەنییەکانی تێدا بێت، هاوکات وتەبێژی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا دیڤید کامیرۆن ڕایگەیاند کە بەریتانیا بە شێوەیەکی ئەرێنی باسی لەوە کرد کە تاوتوێی هەر داوایەکی کوردی عیراق دەکات بۆ ئەو مەبەستەش ئێستا بەریتانیا دەستی کردووە بە گواستنەوەی ئەو کۆمەکە سەربازییانەی وڵاتانی تر پێشکەشی کوردیان کردووە..

لە پەرەسەندنێکی تردا نێردەی باڵای ئاسایش و سیاسەتی دەرەوە فیدریکا موگرینی لە ٢٠١٤/١٢/٢٢ سەردانی عیراق و هەرێمی کوردستانی کرد، لە بەغداش لەگەڵ حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیران و ئیبراهیم جەعفەری وەزیری دەرەوە کۆبویەوە، لە کۆبوونەوەکەدا تاوتوێی ڕۆڵی ئەوروپا بۆ کۆمەکیکردنی عیراق کرا لە بوارەکانی سەربازی و سیاسی و مرۆییەوە، موگرینی وتی کە یەکێتی ئەوروپا لەو بڕوایەدا کە ئاسایش و سەلامەتی عیراق بەشێکە لە ئاسایش و سەلامەتی ئەوروپا، چونکە عیراق وڵاتێکی گرنگە بۆ یەکێتی ئەوروپا، چونکە بەرەنگاربوونەوەی داعش تەنیا شەڕێکی سەربازی نییە بەڵکو شەڕێکی فەرهەنگی و فکریشە و شەڕێکە بە لای هەموو عیراقیەکان و هەموو هاووڵاتیانی جیهانیشەوە بایەخی خۆی هەیە، لەبەرئەوە یەکێتی ئەوروپا بایەخ بە عیراق دەدات تا ببێتە ناوچەیەکی ئارام و سەقامگیری و پەرەپێدانی تێدا ڕوودات، لەو بارەیەوە پشتگیریەکانی ئەوروپا بۆ عیراق ساڵی ٢٠١٤ گەیشتۆتە ١٥٠ ملیۆن یۆرۆ.

لە پاش بەغدا سەردانی هەولێری کردو چاوی کەوت بە سەرۆك بارزانی و لە نزیکەوە مەسەلەی کۆمەك و هاریکاری یەکێتی ئەوروپایی بۆ هەرێمی کوردستان خستەڕوو، بەوەش وەسفی کوردستانی کرد کە خاکی پێکەوەژیانی هەموو پێکهاتەکانە چ لەسەر ئاستی سەربازیی و ئاسایش یان مرۆڤایەتی، لەو بارەیەوە فیدریکا موگرینی وتی: هاوکارییەکی باش لە چوارچێوەی یەکێتی ئەوروپا بۆ هەرێم بەڕێوەیەو هەروەها لەسەر ئاستی تاکە تاکەی وڵاتانی ناو یەکێتیەکەش هاوکاری تر دەنێردرێن بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە داعش تەنیا هەڕەشە نییە بۆ عیراق و کوردستان بەڵکو هەڕەشەیە بۆ ئاسایش و ئارامی هەموو جیهان، ئەو شەڕە قارەمانانەی هەرێم لە دژیان دەیکات جەنگی ئێمەیشە لەبەرئەوە ئێمە ئیلتیزاممان هەیە بەهاریکاریکردنی گەل و حکومەتی هەرێمی کوردستان و سوپاسیان دەکەین بۆ ئەوەی لەسەرو توانای خۆیانەوە ئەم هەموو ژمارە زۆرەی ئاوارەی عیراقی و سورییایان جێگەکردۆتەوە.. ئێمە یارمەتی پەناهەندەو ڕاکردووانی دەستی ستەم و شەڕەکان دەدەین، ئەمەی دەیبینین ژمارەیەکی یەکجار زۆری ئاوارەیە قەبارەی موعاناتیان گەورەیەو باری شانی گەل و حکومەتی هەرێمی کوردستانی قورس کردووە، بە ڕاستی ئەمە کارەساتێکی مرۆییە))

سەرۆك بارزانی لای خۆیەوە پێی وت کە هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لە بەرەنگاربوونەوەی ڕێکخراوی داعش و ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیە هیچ داهاتوویەکی دیاریان نییە..

لە بابەتێکی تردا لە وەڵامی سەرۆك بارزانی بۆ ڕۆژنامەنووسێك بارزانی وتی: مافی چارەی خۆنووسین مافێکی سروشتیی گەلی کوردە و بڕیاردان لێی دەگەڕێتەوە بۆ خودی گەلی کورد.

پاش خستنەڕووی هەموو چالاکی و دیدارەکان وا دەردەکەوێت کە یەکێتی ئەوروپا بە شێوەیەکی جدی گرنگی بە پەرەپێدانی پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ عیراق و هاوکات لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەدات، ئەمەش پێویستی بە بایەخێکی تایبەت هەیە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ پەرەپێدانی ئەم بایەخدانە بە شێوەیەکی جۆریی، لەم بارەیەوە ئەم پێشنیازانە دەخەمە ڕوو:

- **پێشنیازەکان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان**
- یەکێتی ئەوروپا ٢٨ دەوڵەت لە خۆ دەگرێت، گەورەترین کۆمکاری ئابووری و سیاسیە ئەمەش وا دەکات هەوڵدان بۆ نزیك کەوتنەوە لێی نزیك بوونەوە بێت لە بنکەکانی دروست کردنی بڕیار، ئەمەش پێویست دەکات بە وەڵامدانەوەی ئەرێنی ئەم پێوەندییانەوە بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لیژنەیەکی تایبەت لە پسپۆران و شارەزایان لە بواری یەکێتی ئەوروپا دابمەزرێت تا ڕاپۆرت و بیروڕاو ڕاوێژەکانی خۆیان پێشکەشی حکومەت بکەن بۆ پەرەپێدانی پێوەندییەکانی نێوان هەردوولا.
- گۆڕینی هەیکەلیەت و ڕێگەی کارکردنی نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناو یەکێتی ئەوروپا (چونکە هەبوونی نوێنەرایەتیەکان دەسکەوتێکی زۆر گرنگە) تا کەشوهەوایەك بۆ کاری هاوبەش بخولقێت( بە پێی نەریت و ئەتەکێتی دبلۆماسی دەوڵەمەند کراو بە بیروڕای پسپۆڕان و زانستخوازانی تایبەتمەند) بە شێوەیەك نوێنەرایەتیەکان ببنە کێشێکی ڕاستەقینە نەك تەنیا کێشێکی کلێشەییان هەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی خولقاندنی دەرفەتی گەورە بۆ ئەوەی لە بوارە هەموجۆرو فراوان و هەمەچەشنەکانی یەکێتی ئەوروپا وەربگیرێت.

**سەرۆک بارزانی لە وتەیەکی گرنگیدا کە لە یەکێتی ئەوروپا پێشکەشی کردوو تێیدا وتی: ئێمە لەهەرێمی کوردستان پشتمان بەستووە بەسیاسەت و کەلتووری لێبووردەیی و پێکەوەژیان و قبووڵکردنی بەرامبەر، هەرێمی کوردستان بەرێژەیەکی بەرز ئارامی و ئاسایشی تێدا هەیە لەکاتێکدا ئێمە لە دەستپێکی بونیاتنانی دامودەزگا دیموکراتیەکانداین پێویستمان بەهاوکاری ئێوەیە بۆ ئەوەی بەدروستی لەسەر بناغەیەکی هاوچەرخ ئەم دامودەزگایانە دابمەزرێنین**

**وتەبێژی دیڤید کامیرۆنی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا ڕایگەیاند کە بەریتانیا بە شێوەیەکی ئەرێنی باسی لەوە کرد کە تاوتوێی هەر داوایەکی کوردی عیراق دەکات بۆ ئەو مەبەستەش ئێستا بەریتانیا دەستی کردووە بە گواستنەوەی ئەو کۆمەکە سەربازییانەی وڵاتانی تر پێشکەشی کوردیان کردووە**



هۆشیار زێباری لەسێ کابینەی حکومەتی عێراقدا پۆستی وەزارەتی دەرەوەی عێراقی پێسپێردرابوو، لەو ماوەیەدا کە عێراق لە خراپترین بارودۆخی سیاسی و دیپلۆماتی بووە، ئەم پیاوە دیپلۆماتییە توانی هاوسەنگی دیپلۆماتیی عێراق لە جیهاندا رابگرێت، هەتا ئەو کاتەی رەفتارەکانی مالیکی وایکرد وەزیرە کوردەکان بەشداریی لە حکومەت هەڵپەسێرن و بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران نەکەن، زێباری لە حکومەتە تازەکەی (عەبادی)دا پۆستی وەزارەتی دارایی پێسپێردراوە، کاری ئەم وەزارەتەش هەتا پێش ئەوەی زێباری ببێتە وەزیری دارایی، سەرچاوەی هەموو کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بووە، بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا کە لە ١٠٠ رۆژ کەمترە لە وەزارەتەکەی دەستبەکار بووە، توانراوە بودجەی ٢٠١٥ لە ئەنجوومەنی وەزیران پەسەند بکرێت و بنێردرێتە پەرلەمان و خوێندنەوەی بۆ بکرێت، ئەمەش جاری یەکەمە لە دوای رووخانی رژێمی بەعسەوە لە ٢٠٠٣ تا ئێستا، بودجەی عێراق بەم شەفافییەتە و بەم خێراییە بنێردرێتە پەرلەمان، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم وەزارەتە وێران و هەستیارە،ئەم دیمانەیەمان لە بەغدا لەگەڵی ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

## هۆشیار زێباری وەزیری دارایی حکومەتی عێراق بۆ گوڵان:

# بۆ یەکەمین جارە لە عێراقدا سیستمی باج پەیڕەو دەکەین و لەشەش مانگی یەکەمدا کورتهێنانی بودجە پڕدەکەینەوە

*** ئەگەر لەو خاڵەوە دەست پێبکەین کە لایەنی کوردستانی ئەمجارە زووتر گەیشتنە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا، ئایا بە چ شێوەیەك کورد بەشداری لە حکومەتی عێراقیدا کردووە و چۆن توانراوە لە ماوەیەکی کەمدا بگەنە ڕێککەوتن؟**

- ئەمجارە بڕیاری سیاسیی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان ئەوە بوو بەشدار بین لەم حکومەتە تازەیەدا و پەند لە هەڵەکانی پێشتری حکومەتی رابردوو وەربگیرێت، بێگومان بەشداربوون پێویستە لەسەر بناغەی چەند پرەنسیپێك بێت، لەوانە: یەکەمیان قووڵکردنەوەی پرەنسیپی شەراکەتە، دووەمیان پێویستە پرەنسیپی سازان و تەوافوقی سیاسی لەسەر هەندێ گرفت و خاڵی ستراتیژی هەبێت، کە قابیل نین بۆ ئەوەی بە پرەنسیپی کەمینە و زۆرینە یەکلایی بکرێنەوە، سێیەم پێویستە مافەکانی هەرێم لە بودجە و لە نەوت و لە یارمەتیدانی پێشمەرگە زۆر بە روونی و ئاشکرایی حکومەتی عێراق پابەندێتی پێوە هەبێت، واتە هەر بە قسە و بەڵێنی باق و بریق نەبێت، ئەمانەیە بناغەی بەشداربوونی ئێمە لەم حکومەتە، لەو رۆژەوە تا ئێستا ئێمە وەك وەزیری دارایی عێراق بەردەوامین لەسەر ئیشوکارەکانمان، کە پێشتر زۆربەی زۆری کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێم لەم وەزارەتەدا کەڵەکە دەبوون، واتا بابەتەکانی بودجە و خەرجی و واریداتی نەوت و هاریکاری و یارمەتیی دارایی هەر هەمووی لە وەزارەتی داراییدان، لەسەر ئەو بناغەیە بەڕاستی دەروازەیەکی باش کراوەتەوە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی دیکەش، ڕێککەوتنی بودجە و نەوت بناغەی چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکەیشە، پێش چەند رۆژێك بەر لە ئێستا لە ماوەیەکی خێرادا بودجەی ٢٠١٥ پێشکەشی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە و نێردراوەتە پەرلەمان، پاش ئەوەی یەکەمین خوێندنەوەی لەسەر کراوە، بڕیارە لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠١٥ ڕێککەوتنی کۆتایی لەسەر بکرێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنێکی جۆری گەورەیە بۆ حکومەتی تازەی عێراقی، تا بە کردەوە جێبەجێی بکات و ئەمجارە هەر بە قسە نابێت، کێشەکانی هەرێمی کوردستانیش کە لەگەڵ بەغدا هەیبووە، هەموویان چارەسەریان بۆ دۆزرایەوە.

*** واتە لەمەودوا کارەکان ئاسانتر بەڕێوە دەچن و گرفتی بۆ دروست نابێت؟**

- کارەکانی ئەمساڵ زۆر قورس دەبن، لەبەر ئەوەی مەسەلەکە تەنیا کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا نییە، بەڵکو کێشەیەکی مەترسیدار لە پێشمان قوت بۆتەوە کە عێراق و کوردستانیشی تووشی دوو هێدمەی گەورە کردۆتەوە، یەکەمیان هاتنی داعش و چەندین گرووپی تیرۆریست و گرێبەستی سەربازیی و چەك کڕین و مووچەی ئەم هەموو خەڵکەیە کە شەڕی داعش دەکەن، دووەمین هێدمە دابەزینی

**داعش بەو هەڕەشانەی بۆ سەر زۆربەی ناوچەکانی عێراق هەیەتی هۆکارێکی دیکە بوو بۆ یەکگرتن و ڕێککەوتنی لایەنەکانی عێراق تا پێکەوە ڕووبەڕووی هەڕەشە گەورەکەی تیرۆر ببنەوە**

**لە هەرێمی کوردستان کە سەقامگیری تێدایە و ئیدارەیەکی باشی حوکمڕانیی هەیە، زۆربەی زۆری پرۆژەکان کە حیسابیان بۆ کراوە، جێبەجێ دەکرێن، جگە لەوە هەرێم بەشی خۆی بە تەواوەتی لە خەرجییەکانی حاکیمە وەردەگرێت**

**لیژنەی ماددەی ١٤٠ لە ئەنجوومەنی وەزیرانە و گوژمەیەک پارە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی ئەو ماددەیە تەرخانکراوە، پارەکە لە چوارچێوەی ئەمینداریتی گشتی ئەنجومەنی وەزیراندایە کە بۆ ماددەی ١٤٠ تەرخان کراوە**

**بۆ یەکەمین جار لە مێژووی عێراقدا باج دادەنێین، چ لەسەر سیم کارتی مۆبایل، چ لەسەر ئۆتۆمۆبێل، هەروەها لەسەر ئەنتەرنێت و بلیتی گەشت و سەفەر و لەسەر کۆمپانیاکانیش، وڵاتانی دنیاش هەموویان لەسەر باج دەژین**

نرخی نەوتە لە بازاڕەکانی جیهانـــدا، واتە نرخی بەرمیلێك نەوت لە ١١٠ دۆلارەوە هاتۆتە ژێر ٦٠دۆلار کە ئەم دابەزینە زۆر و خێرایە لە چاوەڕوانی کەســدا نەبووە، کە بۆ ســاڵی ٢٠١٥ش دۆخەکەی قورســتر کردووە لەســەر باری دارایی عێراق و بارگرانییەکی سەختە لەسەر بودجەی گشتی، بەڵام بەپێـــی ئەو راڤە و شــرۆڤەکاری و پــرس و رایەی لەگەڵ زۆربەی لایەنە جیهانییـــەکان کردوومانە، مەزەندەکان ئەوەیە کە نرخی نەوت جارێکی دی ئاستی خۆی بەدەست دێنێتەوە و رەنگــە بچێتــەوە دەوروبەری ٧٠ تـــا ٨٠ دۆلار، ئێمە بۆ وەرگرتنی هەموو ئەگەرێك لـــەم بودجەیەدا نرخی نەوتمان لەســـەر ٦٠ دۆلار حیساب کردووە، بە رێژەیەکی گریمانەیی لە سنووری سێ ملیۆن و سێ سەد هەزار بەرمیلی رۆژانە، چ بەو نەوتەی کوردســـتان کە رۆژانە ٢٥٠ هەزار بەرمیلە و چ بەو نەوتەی هەنـــدێ کێڵگەی کەرکووك کە ٣٠٠ هەزار بەرمیلە و بەو رێژەیەی کە لە شوێنەکانی دیکەی عێراقیشەوە رەوانە دەکرێت، کۆی گشتی دەکاتە سێ ملیۆن و سێ سەد هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا.

*** لەســـەر ئاستێکی فراوانی نێودەوڵەتی و لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانیشـــەوە بە گەرمی پێشوازی لەو رێککەوتنەی نێـــوان هەولێر و بەغدا کراوە، لە پـــاش رێککەوتنەکە هێڵی پێوەندییـــە نێودەوڵەتییەکان زۆرتر لەگـــەڵ عێراقدا کرانەوە، کەچی لە ناوەڕۆکیدا هاتووە ئەم رێککەوتنە تەنیا بۆ ساڵێك دەبێت، ئایا ئەگەر کێشـــە لەســـەر هەناردەی نەوت و غاز دروست ببێتەوە، کێشەکانی تریش بنبەست نابنەوە؟**

- راســـتە رەنگە ئەم رێککەوتنە قسەی کۆتایی نەبێت، بەڵام بە چوارچێوەی رێککەوتنێکی کۆتاییدا دەیبینم، چونکە چارەســـەر دۆزینەوە بۆ هەموو کێشەکان لە چوارچێوەی ئەم رێککەوتنەدا خۆیان دەبیننەوە، مەبەستم ئەوە نییە ئەمە تەنیا بۆ ساڵێك بێت، بەڵکو لەوە گرنگتر گەڕانەوەی متمانەکردن بە یەکتر دروســـت دەکات، ئەم رێککەوتنە لەســـەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانیش بە گەورەترین دەســـتکەوت بـــۆ حکومەتی عەبادی حیســـاب دەکرێـــت، چونکە ئەمە زەحمەتترین کێشـــەی حکومەتی پێشوو بوو، کە بە نەفەس و نییەتـــی ئەرێنییەوە چارەســـەری پێ نەدەکـــرا، چونکە حکومەتی پێشـــوو هەمیشـــە بە بێ متمانەیی و گومانەوە رووبەڕووی ئەم کێشـــانە دەبووەوە، بەڵام ئەمجارەیان هاتۆتە ســـەر بەرە، هەردوولاش پێویســـتیان بەم رێککەوتنە هەبوو، ئەنجامەکەشـــی وا بوو کە سوود و قازانجی هەردوولای تێدا بێت، نەك لایەنێك لەســـەر حیســـابی لایەنێکی دی قازانج بکات، هیچ جەمســـەرێك بۆ خاتری جەمســـەرەکەی دی نەشـــکاوە تێیدا، ئەگەر تەماشای ئەنجامەکەی بکەین، ئەم رێککەوتنە قازانجی بۆ هەردوو لا هەبووە.

*** وەك تەماشای پرۆژەیاسای ئەمساڵمان کردووە، پرسی پێشـــمەرگە لەناو بودجەکە وەك پرســـێك بە ئەرێنی دانراوە، ئایا گرنگیی ئەم پرســـە لە ناو پرۆژەی بودجەی عێراق بۆ کوردستان چییە؟**

- ئەمـــە یەکەمین جارە بە راشـــکاوی و بە روونی و بە شێوەیەکی رێکوپێك باســـی ئیلتیزامی حکومەتی فیدراڵ دەکرێت بۆ ئەوەی یارمەتی پێشـــمەرگە بـــدات، نەك وەك دارشتنی قسەی بریسکەداری بێ بەرهەم، ئەمجارە بەشێك لـــە بودجەی هێزەکانی زەمینی عێـــراق تەرخان دەکرێت بۆ کوردســـتان، لە کوردستان نە هێزی ئاســـمانی و نە هێزی دەریاوانی هەیە، بەڵام بە پێی رێژەی دانیشـــتووان بەشـــێك لەو بودجەیە لە وەزارەتی بەرگری عێراقەوە بۆ پێشـــمەرگە جودا دەکرێتەوە کە لە ســـنووری ملیارێك و دوو سەد ملیۆن دۆلاردایە، ئەمە کە لە بودجەدا دابندرێت و بە رێککەوتنیش بێت، ئیتر دەبێتە ئیلتیزام، حکومەتی بەغدا لەوە تێگەیشتووە کە پێشـــمەرگە رووبەڕووی تیرۆریستان و داعش بۆتەوە بە درێژایـــی هەزار کیلۆمەتری بـــەرەی جەنگی بەرەنگاریی لە خاکی وڵات دەکات، پێشـــمەرگە دەســـتکەوتی زۆری بەدەستهێناوە، هەر لە شنگال و خانەقین تا مەخموور و رەبیعە و کۆبانێ، ئەمە دەبێ بە بێ منەت حیســـابیان بۆ بکرێت، چونکە پێشمەرگە بەشێکی بنەڕەتی ئەو رووبەڕووبوونانەیە، پێویســـتە تەنیا نەخرێتە قاڵبی یارمەتییەوە، بەڵکو پێویستە بخرێتە ئاستی مەشق و راهێنان و چەك کڕین و ئامادەسازی لۆجیســـتی ســـەربازی، بە رای من ئەمە وەرچەرخانێکی ئەرێنی بوو لە عەقڵییەتی حکومەتی فیدراڵیدا وەدیهات.

*** کێشـــەی ســـەرەکی کە رووبـــەڕووی وەزارەتەکەتان دەبێتەوە وەك باســـتکرد دابەزینی نرخـــی نەوتە، بەپێی ئەو نرخـــی ٦٠ دۆلارەی بۆ هەر بەرمیلێك دانراوە، نزیکە ٢٠ تا ٢٥ ملیار دۆلار کورتهێنانتان بۆ دروست دەبێت، بەرنامەتان بۆ چارەسەری ئەو کورتهێنانە چییە؟**

- بەڵێ کورتهێنان هەیە، لە رەشنووســـی پرۆژەیاســـای بودجە مەزەنـــدەی کورتهێنانەکە بە ٢٣ ترلیۆن دینار کراوە، چارەیەکمان بۆ دۆزیوەتەوە کە چۆن تەمویلی بکەین، چۆن پارە لە ســـەرچاوەی تری ناوخۆوە بدۆزینـــەوە، ئەگەر بەم شـــێوەیەی کە باسی دەکەم، بۆتان حیســـابی بکەین، ئەوە لـــە دەرئەنجامدا کورت هێنانەکە نامێنێت، کۆی گشـــتی کورتهێنان ٢٥,٤ترلیۆنە، لەوە نزیکەی دوو ترلیۆن لادەبرێت بۆ حیسابی ئیداری نیشتمانی، لە مووچەی کاربەدەستانی گەورەی دەوڵەت و کاربەدەستانەوە رێژەیەکیان لێ دەبڕدرێت، لە حیسابێك دادەنرێت بۆ پەیداکردنی سیوولە، ٢٣ و ترلیۆن و ٤٠٠ ملیۆن کە دەمێنێتەوە بەم شێوەیە دامانپۆشیوە: سێ ترلیۆنمان دەبێت بۆ ئەرســـیدەی مدەوەری ســـاڵی ٢٠١٤و ٢٠١٥، دوو ترلیۆن و شتێك عێراق مافی راکێشانی تایبەتی لە سندوقی قەرزی نێودەوڵەتی هەیە، بەپێی رێککەوتنێکی کۆن کە لەگەڵ ئەوان کردوومانە، شـــەش ترلیۆن سەنەداتی دەرەکی دەردەهێنین، شـــەش ترلیۆنیش ســـەنەداتی دەنگی گشـــتی لە رێـــی دابەزاندنی یەدەگی یاســـایی بانکەکان کـــە ١٥٪ـە، کـــە کردوومانە بە حەوت و نیو، کە شـــەش ترلیۆنێك زیاد دەکات، ســـێ ترلیۆنـــی دیکەش لە بانکی مەســـرەفی بازرگانی عێراقی وەردەگرین، ســـێ ترلیۆنیش

حەواڵاتی خەرجی لە بانکە حکوومیەکان وەردەگرین، لەبەر ئەوە کورتهێنانەکە قەپات دەبێت و ئەمە بۆ یەکەمین جارە بودجەیەکی واقیعی و کردارەکیانە پێشکەش دەکەین، نەك خەیاڵی، با کورتهێنانیشی تێدا بێت، حیسابمان کردووە ئەو ئیرادەی دێت بریتییە لە ٨٤ ترلیۆن کە لە نەوتەوە دێت بە پێی ئەم حیساباتە وردانەی کردوومانە و نزیکەی ١٥ ترلیۆنیش لە شتی دیکەوە دێت، واتە تا سنووری ٩٩ ترلیۆن واریدی خۆمانە لە عێراقدا، ڕەنگە زیاتریش بێت بەڵام خەرجی بەکارخستن کە زۆربەی بۆ مووچەکانە، زۆرە، کە لە سنووری هەشتا ترلیۆندایە، پڕۆژەکانی وەبەرهێنانیش لە سنووری ٤٥ ترلیۆنە، بیست و پێنج ترلیۆنیش وەك وتم کورتهێنانە، بودجەکەش بۆ ساڵێکە، بەڵام یەکەمین شەش مانگی سەرەتای ساڵەکە لەسەر ئەم حیساباتە کارمان بۆ کردووە، واتە دەبێ مووچەکان بدەین و ئیلتیزاماتی حکوومی و ئیلتیزاماتی مووچەی ناوخۆ و ئیلتیزاماتی دیکەی عێراقی بدەین، هەژدە ترلیۆنی دیکە هەیە کە بە بودجەی تەواوکاری واتە تەکمیلی دەناسرێت، ئەمەمان حیساب نەکردووە، ئەگەر بارودۆخەکە وا بکەوێتەوە لە کورتهێنانی دارایی ڕزگارمان بوو، ئەو کاتە ئەویش دەدەین، بۆئەوەی ئەم بودجەیە بە بێ کێشە بەشی وڵاتەکە بکات، هەروەها بۆ یەکەمین جار لە مێژووی عێراقدا باج دادەنێین، چ لەسەر سیم کارتی مۆبایل، چ لەسەر ئۆتۆمۆبێل، هەروەها لەسەر ئەنتەرنێت و بلیتی گەشت و سەفەر و لەسەر کۆمپانیاکانیش، وڵاتانی دنیاش هەموویان لەسەر باج دەژین، هەر لە ئەمریکاوە تا وڵاتانی ئەوروپا و زۆربەی وڵاتانی دنیاش تەنیا ناوەستن بەو واریداتەی کە بە ئاسانی دەستدەکەوێت، وەك داهاتی وزە و نەوت بەڵکو بودجەی خۆیان بە باج مسۆگەر دەکەن.

*** پێش دەستبەکاربوونی حکومەتی عێراقی ئەمە باس دەکرێت کە جگە لە داهاتی نەوت داهاتی دیکە بۆ عێراق پەیدا بکرێت، پێتانوایە ئەم هەنگاوەی دەینێن بتوانن چارەسەری ئەو کورتهێنانە زۆر و گەورەیەی پێ بکەن؟**

- ئێمە دەبێت خەڵکی سەرتاسەری عێراق بەمە قایل بکەین، گەرچی لە هەرێمی کوردستان باشترە وەك لە بەغدا و شارەکانی عێراق، بەڵام خەڵکی ئێمە هێشتا کرێی ئاو و کارەباو شارەوانی و تەلەفوونات و خزمەتگوزارییەکانی دیکە نادەن، لە هەموو دنیا زۆر پێویستە ئەو خەرجییانە بدەن، بەڵام خەڵکی عێراق بە منەت و بە ناحەقی دەبینێ ئەم کرێیانە بداتە حکومەت، بۆیە دەبێت فەرمانگەکانی حکومەت ڕۆڵی هۆشیاری و هەروەها فشاریشیان هەبێت تا هاووڵاتی ئەم کرێیانە بدات کە بۆ خزمەتی خۆیەتی، هەروەها باجی دی ئەی تی واتا فرۆشیاری ئەمە بیرۆکەیەکە بۆ یەکەمین جارە لە عێراق دابندرێت، جگە لەمانە پێویستە داهاتی کشتوکاڵی و پیشەسازی و گومرگی و سەرچاوەی دیکەشی هەبێت.

*** لە هەرێمی کوردستان تێبینی هەیە لەسەر ئەم بودجەیە، لەوانە دابیننەکردنی بڕێك پارە بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠، ئەوە چۆن چارەسەر دەکەن؟**

- ئەم قسەیە بێ بنەمایە و ڕاست نییە، ئەم مەسەلەیە زۆر جاری دی بە وردی باسی لێوەکراوە، لیژنەی ماددەی ١٤٠ لە ئەنجوومەنی وەزیرانە و گوژمەیەك پارە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی ئەو ماددەیە تەرخانکراوە، پارەکە لە چوارچێوەی ئەمینداریێتی گشتی ئەنجومەنی وەزیراندایە کە بۆ ماددەی ١٤٠ تەرخان کراوە.

*** تێبینیەکی دی کە لەسەر بودجەکە هەیێت لە هەرێمی کوردستانەوە ئەوەیە کە دەگوترێت بەشی ١٧٪ بە کوردستان دەدرێت لەو بڕەی کە عێراق لە ساڵی ٢٠١٥ خەرجی بکات، نەك لە کۆی بودجەکە، دەڵێن ڕەنگە عێراق بە تایبەت لە باشوور و ناوەندا بەهۆی شەڕ و ناسەقامگیری دۆخەکەیانەوە نەتوانن بودجە بخەنە بواری کار و پڕۆژەکانەوە، بەمەش کارتی هەرێمی کوردستانیشی پێوە دەسووتێت، ئەوە تا چەند ڕاستە؟**

- ئەمەش ڕاست نییە، هەموو ئەو حیساباتانە کراوە و زۆربەی زۆری بودجەکە هی نەفەقاتی جاری، یان تەشغیلیە کە بە کوردی خەرجی بەکارخستنی پێ دەڵێن، واتە بۆ ئەو خەرجییەی بۆ مووچە کە دەکاتە ٨٠٪ی خەرجییەکان، ئەوەی دیکە ٤٥٪ی وەبەرهێنانە، لە باشوور و ناوەند و ئەو شوێنانەی کە دۆخی تایبەتیان تێدا دروست بووە، تەنیا چەند پڕۆژەیەك جێبەجێ ناکرێن، بەڵام لە هەرێمی کوردستان کە سەقامگیری تێدایە و ئیدارەیەکی باشی حوکمڕانیی هەیە، زۆربەی زۆری پڕۆژەکان کە حیسابیان بۆ کراوە، جێبەجێ دەکرێن، جگە لەوە هەرێم بەشی خۆی بە تەواوەتی لە خەرجییەکانی حاکیمە وەردەگرێت، کە بریتین لە کۆبۆنی خۆراك و داودەرمان و دیکۆمێنت و ڕەگەزنامەو شتی دیکە.

*** ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغداتان وەك چوارچێوەیەك بۆ پرسەکانی دیکە و گەڕانەوەی متمانە هەژمار کرد، ئایا شاندەکان لە بەغداوە دێنە هەرێم بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو خاڵانەی ڕێککەوتنیان لەسەر کراوە؟**

- بابەتی چوون و هاتنی شاند بەپێی ئەم دۆخەی پاش ڕێککەوتن، دەبێتە شتێکی ئاسایی و پێویست ناکات وادەکان و کاتی هاتن و چوونەکان زۆر بە بایەخەوە گەورە بکرێنەوە، هەر گرێکوێرەیەك، یان بەدواداچوونێ لە هەر جێیەك هەبێت، هەر لایەنێکی پێویست بێت بۆ ئاسایی بوونەوە و کردنەوەی دەرگای چارەسەر، بێ دانانی وادە و وادەکاری دەچنە لای یەکتر، دیوارەکان شکاون، ڕەنگە پاش کاتێکی دی عەبادی خۆی حەز بکات بێتە هەولێر بۆ درێژەدان بە ڕێککەوتنەکە، ئێستا هاریکاری و دیقەت و وردبینی و هەوڵی باشتر هەیە، دواتر بیرتان نەچێت بارودۆخی گشتی عێراق هەمووی لە ژێر هەڕەشەدایە، داعش بەو هەڕەشانەی بۆ سەر زۆربەی ناوچەکانی عێراق هەیەتی هۆکارێکی دیکە بوو بۆ یەکگرتن و ڕێککەوتنی لایەنەکانی عێراق تا پێکەوە ڕووبەڕووی هەڕەشە گەورەکەی تیرۆر ببنەوە.

**تا سنووری ٩٩ ترلیۆن واریدی خۆمانە لە عێراقدا، ڕەنگە زیاتریش بێت بەڵام خەرجی بەکارخستن کە زۆربەی بۆ مووچەکانە، زۆرە، کە لە سنووری هەشتا ترلیۆندایە، پڕۆژەکانی وەبەرهێنانیش لە سنووری ٤٥ ترلیۆنە**


**یەکەمین جارە بە ڕاشکاوی و بە ڕوونی و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک باسی ئیلتیزامی حکومەتی فیدراڵ دەکرێت بۆ ئەوەی یارمەتی پێشمەرگە بدات، نەک وەک دارشتنی قسەی بریسکەداری بێ بەرهەم، ئەمجارە بەشێک لە بودجەی هێزەکانی زەمینی عێراق تەرخان دەکرێت بۆ کوردستان**

**ڕەنگە ئەم ڕێککەوتنە قسەی کۆتایی نەبێت، بەڵام بە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکی کۆتاییدا دەیبینم، چونکە چارەسەردۆزینەوە بۆ هەموو کێشەکان لە چوارچێوەی ئەم ڕێککەوتنەدا خۆیان دەبیننەوە**



## لێکدانەوەیەکی تیۆری

# نەگەڕانەوەی پسپۆڕان و خاوەن کارامەکانی کوردی هەندەران بۆ کوردستان



د. لەتیف کەریم واحید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

● **پێشەکی**

دەگمەنی کارامەیی لە زۆربەی بوارەکانی کاردا لە کوردستان چەقی بەستووەو وادەردەکەوێت بەئاسانی مل بە ململانێی بازاڕی بەناو ئازاد نەدات. لەهەمان کاتدا وادەردەکەوێت کە سنوورەکانی بازاڕی هێزی کار بەتایبەت بە رووی هێزی کاری ناوچەیی و جیهانیدا کراوەیە. لە کاتێکدا رێگرییەکی یاسایی ئەوتۆ بە رووی هاتوچۆی هێزی کاردا بەدی ناکرێت، کەلێنی دەگمەنی هێزی کاری کارامە و پسپۆڕ لە زۆر بوارەکانی ئابووریی کوردستاندا وەك هێزێکی سەربەخۆ بەردەوامی هەیە و ئەم کەلێنە بەئاسانی پڕنابێتەوە. بەردەوامبوونی ئەم دیاردەیە لێکدانەوەی سیاسی و ئابووری خۆی هەیە. زۆر جار دەگوترێت کە گوایە ئەو کوردە پسپۆڕ و شارەزایانەی لە دەرەوەی وڵاتن، ژیانی خۆیان لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بە باشتر دەزانن و نایگۆڕنەوە بە ژیان لە کوردستاندا، یا گومان لە دڵسۆزی و نیشتمانپەروەرییان دەکرێت، بۆیە هەوڵنادەن ئەم کەلێنە تا رادەیەك پڕبکەنەوە. ئەم گوتارە، لە دەرەوەی ئەو بۆچوونە سەرپێیانە هەوڵدەدا بە شێوەیەکی بابەتییانە لێکدانەوەیەکی تیۆری ئابووری بۆ ئەو دیاردەیە بخاتەڕوو.

دەگمەنی کارامەیی لە بازاڕی کاری کوردستاندا دیاردەیەکی ئاشکرایە و سەرەڕای هەبوونی خەڵکێکی زۆری خاوەن بڕوانامەی بەرز و هەبوونی چەندەها زانکۆی فەرمی و ئازاد، ئەم دەگمەنییە بەردەوامە و بووەتە هۆی ئەوەی کوردستان وەك حکومەت و وەك بازاڕ پشتێکی زۆر ببەستێت بە هێزی کاری بێگانە. ئەم پشتبەستنەش بەتایبەت لە بوارەکانی خزمەتگوزاری و کارە کارامەییەکاندا بە ئاشکرا دەبیندرێت. کاری خزمەتگوزاری لێکدانەوەی کەلتووری خۆی هەیە کە پشتبەستن بە داهاتی نەوت لە ماوەی دە ساڵی رابردوودا لە کوردستان لە چەشنی وڵاتەکانی کەنداودا دروستی کردووە. کەمیی هێزی کاری پسپۆڕ و کارامە تا رادەی دەگمەنی پێویستی بە لێکدانەوەی ئەکادیمییانە هەیە. هەبوونی ئەم دەگمەنییە چەند رووی لە یەك جیاوازی هەیە. لە پێش هەموویانەوە، دواکەوتوویی ئابووری و کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی کۆنەوە بە ئاشکرا مۆرکی لە بازاڕی کار و کارامەییدا بەدی دەکرێت. واتە هەر لە کۆنەوە ئەم پرۆسەیە هەبووە و سەردەمی رژێمی لەناوچووی پێشوو کاریگەری خۆی لەم بوارەدا بە جێهێڵاوە، جا چ لە رووی کوژران و لەناوچوونی کەسە کارامەکانی کۆمەڵگەوە بێت، یا راوەدوونانیان بۆ دەرەوەی وڵات. لە هەمان کاتدا، خولیا و ئامانجەکانی رژێمی پێشوو زۆر لە بوارەکانی سیاسی و سوپاییدا خۆی دەگرتەوە، بەتایبەت دوای هەڵگیرسانی جەنگ لەگەڵ ئێران، ئیدی جەنگە یەك لە دوای یەکەکان بوونە مایەی داڕووخانی بازاڕی کار و کارامەیی و ئەو ژێرخانە لاوازەش کە هەبوو بەرەو رووخان چوو.

لە پاڵ ئەم پرۆسەیەدا و وەك کاردانەوەیەکی سروشتی، دەزگاکانی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی هێزی کار و کارامەیی، بەتایبەت خوێندنی باڵا، کادرە پێشکەوتووەکانی خۆی لە دەستدا و رۆژبە رۆژ بەرەو داخزان و رووخان چووەوە و تائێستاش ئەم پرۆسەیە بەردەوامە. لە بارێکی ئاوادا پێشبینی دەکرێت کەلێن لە نێوان پێویستی (خواست) ی کۆمەڵگە بۆ کارامە و پسپۆڕی و هەبوونی (خستنەڕووی) کارامەوە گەورەتر ببێتەوە. ئەو کەلێنەش لە دوای لابردنی رژێمی پێشوو و دروست بوونی سەرچاوەی دارایی بۆ نوێژەنکردنەوەی ئابووریی کوردستان بە ئاشکرا بەدی دەکرێت.

پێش باسکردنی شێوەی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە، پێویستە چاوێك بە تایبەتمەندییەکانی بازاڕی کاری کوردستاندا بخشێنین.

● **تایبەتمەندییەکانی بازاڕی کاری کوردستان**

بازاڕی کاری کوردستان لە رواڵەتدا لە بازاڕێکی ئازاد و کێشدار (flexible) دەچێت، بەڵام لە راستیدا مەرج نییە ئەم تێگەیشتنە دروست بێت. بازاڕی کاری کوردستان لە زۆر رووەوە پێکهاتووە لە چەند بەشێکی لەیەك جیا و تا رادەیەکی زۆر سەربەخۆ لەیەکتر. گەر بازاڕی کار بە قوچەکێك وێنە بکرێت وەك لە نەخشەی یەکدا دەردەکەوێت، بنی قوچەکەکە کاری بێ کارامەیە و سەری قوچەکەکەش کاری کارامەیە کە پسپۆڕ و سەرتۆپکی بەڕێوەبردنی دەزگاکانی حکومەت و ئابووری و کۆمەڵگە دەگرێتەوە. کێشی بازاڕی کار لە هەموو رووەکانەوە لە بەشێکی ئەو قوچەکەوە بۆ بەشێکی تری دەگۆڕێت. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هێزی سیاسی و رێکخراوەیی ئەندامانی هەر بەشێك و سروشتی کاری ئەو کەرتە ئابوورییە کە پێویستی بەو جۆرە کارە هەیە. ئەمەش لە خۆیدا قەوارە و بەهای دەستکەوتە ئابوورییەکانی ئەندامانی هەر بەشێکی بازاڕی کار دەخاتەڕوو. بۆ نموونە: ئەندامانی لای خوارەوەی قوچەکە، واتە کرێکارانی بێکارامە، هێزیان لە بازاڕی کاردا نییە و دەستکەوتەکانیشیان بە ئەندازەی هێزەکەیان لاوازە. بۆیە بازاڕەکەیان هەموو کات کراوەیە و بەئاسانی کرێکاری دەرەکی دێنە ناوەو لێی دەردەچن. هەر بۆیە لە کوردستاندا کرێکاری نیپاڵی و بەنگلادیشی و فیلیپینی و تەنانەت عەرەب و تورکیش بە ئاسانی تەراتێنی تێدا دەکەن.

**کەلێنی دەگمەنی هێزی کاری کارامە و پسپۆڕ لە زۆر بوارەکانی ئابووریی کوردستاندا وەک هێزێکی سەربەخۆ بەردەوامی هەیە و ئەم کەلێنە بەئاسانی پڕنابێتەوە**

**زۆربەی هەرە زۆری کوردی رەوەندی دەرەوە وڵاتیان بە ناچاری و لە ژێر پاڵەپەستۆی بارودۆخی زۆر نالەباردا بەجێهێڵاوەو هەمیشە چاوێکیان لە هاتنەوەیە بۆ وڵات**

لەو قوچەکەدا، هەتا دەچینە سەرەوە دەستکەوتە ئابوورییەکان، واتە کرێ و دەستکەوتەکان بەرز دەبنەوەو بەو پێیەش ئەندامانی ئەو بەشە زیاتر بەرگری لە دەستکەوتەکانیان دەکەن و گەر بکەونە بەر هەڕەشەوە ڕێگری لە هاتنی ئەندامی نوێ بۆ بازاڕەکەیان دەکەن. هەتا دەگاتە سەرتۆپکی قوچەکە کە دەستکەوتەکان و پایە کۆمەڵایەتییەکەی ئەندامان هێندە بەرزە کە بەئاسانی ناهێڵن کەسی دەرەکی بێتە ناو کارەکەیانەوە.

لە کوردستانی ئێستادا، پەیوەندی سیاسیی ئەندامەکانی بازاڕی کار و پارتە سیاسییەکان بەپێی جێگەیان لە قوچەکەدا دەگۆڕێت. بۆ نموونە، بۆ بەدەستهێنانی کارێك، هێزی کاری بێ کارامە پێویستی بە لایەنگری سیاسی بۆ هیچ پارتێك نییە، چونکە لە زۆر باردا، هەلومەرجی کارەکە هێندە نزمە ڕەنگە ئەندامی پارتە دەسەڵاتدارەکان هەر بێزیان نەیەت، ئەو جۆرە کارانە بکەن. بۆیە بازاڕی کارەکەیان ئازادە و هاتنە ناوەو چوونە دەرەوە لێی بێ کۆت و بەندە. لەو قوچەکەدا، هەتا بۆ سەرەوە بچین، پەیوەندییە سیاسییەکان بەهێزتر دەبن، هەتا دەگاتە سەرتۆپکی قوچەکە کە پوستەکان بە پاوەنی سیاسی دەژمێردرێن. گرفتی گەورە لێرەدا لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەگەر کۆمەڵگە کەسی شیاوی بۆ ئەو پۆستانە نەبێت، چۆن ئەو جێگانە پڕدەکرێنەوە؟!

تایبەتمەندییەکی دیکەی بازاڕی کاری کوردستان ئەوەیە کە یەکێتی کرێکاران لە شێوەی سەندیکای وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بوونی ڕاستەقینەیان نییە. واتە سنووری هێزی کاری ڕێکخراو و ناڕێکخراو بەسانایی دەرناکەوێت. بۆیە، شێوەو سروشتی بەرهەڵستی ئەندامانی گرووپەکانی کەرتی جیاوازی بازاڕی کار لە دژی هاتنەناوەوەی کرێکارانی دەرەکی بۆ بازاڕی کارەکەیان شایستەی هەڵوێستەیە کە لە پاشدا دێینە سەری.

**کەلتووری دژایەتیکردنی کوردانی هەندەران لە نێو کارمەنداندا بە شێوەیەک سەقامگیر بووە کە گەڕاوەکان (دەرەکێکان) هەست بە نامۆیی خۆیان لە وڵاتی خۆیاندا زۆر زیاتر دەکەن وەک لە وڵاتە بێگانەکانی نیشتەجێبوونیان**

### ● لێکدانەوەی تیۆری بۆ ڕەفتاری بازاڕی کار


بە شێوەیەکی گشتی، بازاڕی کار دەکرێت بە دوو بەشەوە، هێزێکی کار کە لە ناو کاردان و بڕێکی دیاریکراو هێز و دەستکەوتیان هەیە و هێزێکی دیکە یا لە دەرەوەی کاردان (بێکاران) یا لە دەرەوەی چوارچێوەی سیاسی واتە سنووری وڵاتدان و دەیانەوێ لە دەستکەوتەکاندا بەشداربن. پێویستە لێرەدا ئەوە بخەینەڕوو کە ئەگەری ئەوە هەیە کرێکارانی کاردار کە دەتوانین بەکرێکاری ناوەکی (Insiders) ناوی لێبنێین، گەر لە یەکێتی کرێکاراندا (سەندیکاکاندا) هێزی خۆیان ڕێکخستبێت، توانای بەرگری و بەرهەڵست کردنیان بەرزدەبێت بە ڕووی کرێکارەکانی دەرەوەی بازاڕدا کە دەتوانین بە دەرەکێکان (Outsiders) ناوی بنێین. لێرەدا دەبێت ئەوەش ڕوون بکەینەوە کە دەبێت دەستکەوتەکانی ناوەکێکان هێندە بەرزبن کە شایانی بەرگریکردن بن. لە لاکەی ترەوە، دەرەکێکان لە سەندیکادا ڕێکنەخراون و ڕەنگە هێچ پەیوەندیەکیشیان بە یەکترەوە نەبێت، هەر بۆیە هێزی یەکگرتوویان نییە بۆ خۆیان و یاسایەکیش نییە کە زۆر لە کۆمپانیایەك یا دەزگایەکی حکومەت بکات کە کاریان پێ بدات، یا هەلی کاریان بۆ بڕەخسێنێت.

ئەو لێکدانەوەی سەرەوە ئەوە دەردەخات کە گەر ناوەکێکان هێزی لەباریان هەبێت و بە شێوەیەکی کارا بەکاری بهێنن ئەوا دەبنە هۆی دروستبوونی بێکاری لە وڵاتدا. واتە هەندێ جێگەی کار هەن کە بە ئاسانی پڕناکرێنەوە. دەرئەنجامێکی تریش ئەوەیە کە کرێ ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی کارامە نابێت و چەواشەکاری و شێواندنێك لە دیاریکردنی کرێی کارا بۆ کاری شیاو (Efficient Wage) دروست دەبێت. هەر بۆیە تیۆری ناوەکی-دەرەکی (Insider-Outsider) کە داهێنانی دێنیس سنۆوەر (Dennis Snower) و ئەسەر لیندبێك (Assar Lindbek) هەوڵێك بوو بۆ لێکدانەوەی بەشێکی دیاردەی بێکاری لە وڵاتە ئەورووپییەکاندا. ئەوەی گرنگە بۆ ئێمە لێرەدا شیکردنەوەو خستنەڕووی ئەو تیۆرییە نییە لە خۆیدا، بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا شیکردنەوەیەك بۆ ڕەفتاری بازاڕی کاری کوردستان لەمەڕ هاتنەوەی کوردانی هەندەراندا لە بەر ڕۆشنایی ئەو تیۆرییەدا دەکرێت؟

### ● هاتنەوەی هێزی کاری کوردی هەندەران (Kurdish Diaspora) بۆ کوردستان

**دەسەڵاتدارانی وڵاتانی دیکە، وڵات بە وڵات بە دوای کەسانی کارامەی خۆیاندا دەگەڕێن و ڕێ و شوێن بۆ گەڕانەوەیان خۆش دەکەن، حکومەتی کوردستانیش دەبێت سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرای بۆ ئەم مەبەستە هەبێت**

بێگومان کوردستان نیشتمانی هەموو کوردانە و کوردانی هەندەران ئازادن بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان و باب و باپیرانیان. پێویستە ئەوەش بگوترێت کە زۆربەی هەرە زۆری کوردانی ڕەوەندی دەرەوە وڵاتیان بە ناچاری و لە ژێر پاڵەپەستۆی بارودۆخی زۆر نالەباردا بەجێهێڵاوەو هەمیشە چاوێکیان لە هاتنەوەیە بۆ وڵات. زۆریان لە وڵاتانی بیانیدا هەلی خۆپێگەیاندن و خۆکارامەکردنیان بۆ ڕەخساوەو ئێستا پسپۆڕن لە بوارە جیاجیاکانی کاردا. لە لایەکی ترەوە، هەندێکیان بەهۆی بارودۆخی گوزەرانیانەوە نەیانتوانیوە لە بازاڕی کاری کارامەدا جێگەی خۆیان بکەنەوە و ئێستا لە پەراوێزی بازاڕی کاردا بە کاری دەست بۆ دەم و کاری نایاساییەوە گیریان خواردووە. ئەو توێژە ئێستا لە بازاڕی کاری بێگانەدا نامۆن و بە شێوازی جۆراوجۆر و جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و دەبنە ئامانجی




نەخشەی -١-:قوچەکی بازاڕی کاری کوردستان

تاوانەکانی رەگەزپەرستی لە وڵاتی میوانیاندا. زۆر لەو کەسانەش گەر بۆیان هەڵبکەوێت، خوازیاری گەڕانەوەن بۆ وڵات.

ئەو ئازادییەی لەسەرەوە باسکرا، لە راستیدا هێندە راست و دروست نییە. لە قوچەکی بازاڕی کاردا هەتا بو سەرەوە بچێن هێندە زیاتر رێگری لە هاتنەوەی پسپۆڕان و هێزی کاری کارامەدا دەکرێت. رێگری و بەرهەڵستیەکانیش بە دوو جۆر دروست دەکرێن: یەکەم: لە بازاڕی کاردا، رەنگە ئەندامانی سەندیکاکان لە رێگەیەکی فەرمی راستەوخۆوە بەرهەڵستی بۆ گەڕانەوەی کوردانی هەندەران دروست نەکەن، بەڵام بە شێوەی جۆراوجۆری ناڕاستەوخۆ و کارا بەربەرەکانی گەڕانەوەی کوردان دەکەن. بۆ نموونە: تاقیکردنەوەکانی ئەو کەسانەی دەیانەوێت بگەڕێنەوە بە شێوەیەك داڕێژراون کە بوار بە پسپۆڕانی ئەورووپی و باکووری ئەمریکاش نادات بگەڕێنەوە. لە هەمان کاتدا، بە شێوەیەکی بەربڵاو کەلتووری دژایەتیکردنی کوردانی هەندەران لە نێو کارمەنداندا بە شێوەیەك سەقامگیر بووە کە گەڕاوەکان (دەرەکێکان) هەست بە نامۆیی خۆیان لە وڵاتی خۆیاندا زۆر زیاتر دەکەن وەك لە وڵاتە بێگانەکانی نیشتەجێبوونیان. شێوازی دژایەتیکردنەکەش لە هاوکاری نەکردنیان لە بواری کار و دروستکردنی گرفتی هەڵسووڕان و بەڕێوەبەرایەتی و تەنانەت ناو و ناتۆڕە لێنان و درۆ و بوختان بۆ هەڵبەستن خۆی نیشان دەدات. دووڕوویەکی ناوەکییەکانی بازاڕی کاری کوردستان لەوەدا دەردەکەوێت کە بەرامبەر پسپۆڕێکی بێگانە دەبنە نۆکەر و خۆیان بە ئەوپەڕی نزم پیشان دەدەن، بەڵام بەرامبەر بە پسپۆڕێکی کوردی هەندەران دەبنە تێکۆشەر و وڵاتپارێز و بلیمەت. تەنانەت کۆنە بەعسییەکانیش بە بێ شەرم ئەم هەڵوێستە دەنوێنن.

هۆکاری سەرەکی ئەم بەربەست دروستکردنەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کرێکارانی ناوەکی باش دەزانن کە لاوازی و نزمیی پسپۆڕیەکانیان و شێوەی نادروستی وەرگرتنی بڕوانامەکانیان زۆر زوو بۆ کەسانی دەروە دەردەکەوێت و ئەگەری ئەوە هەیە کە بە پەیدابوونی کەسێکی شیاو ئەوان پلە و پایە و دەستکەوتەکانیان لەدەست بدەن. بۆیە هەموویان بەبێ بوونی سەندیکایەکی فەرمی یەکدەگرنەوە لەسەر ئەوەی نابێت ئەو کوردانە بگەڕێنەوە. ئەم هەڵوێستەش خۆڕسکانەیە و پێویستی بە رێکخراوی فەرمی نییە. بۆ سەرکەوتنیشیان لەم



**دووڕوویەکی ناوەکییەکانی بازاڕی کاری کوردستان لەوەدا دەردەکەوێت کە بەرامبەر پسپۆڕێکی بێگانە دەبنە نۆکەر و خۆیان بە ئەوپەڕی نزم پیشان دەدەن، بەڵام بەرامبەر بە پسپۆڕێکی کوردی هەندەران دەبنە تێکۆشەر و وڵاتپارێز و بلیمەت، تەنانەت کۆنە بەعسییەکانیش بە بێ شەرم ئەم هەڵوێستە دەنوێنن**

ململانێیە ئەو توێژەی بازاڕی کار لە کوردستاندا خۆیان بە توندی بەستووە بە پارتە سیاسییەکانەوە. لەو پێوەندییەشدا زۆربەیان دەبن بە پیاو و موریدی پیاوانی دەسەڵاتدار و دەسەڵاتدارانیش بەئاسانی نەشیاوی خۆیان و قۆرخکردنی پوستەکانیان بۆ هەمیشەیی بە بوونی ئەو توێژە لایەنگرە بە رەوا لە قەڵەم دەدەن و بەردەوامی پێدەدەن! بۆ نموونە: لە ئێستادا هیچ کەسێك نییە لە پۆستێکی باڵادا کە لە سێبەری لێپرساوێکی سیاسی، یا بەلای کەمیەوە هێزی پارتێکی سیاسیدا نەبێت. ئەم دیاردەیە لە رووی زانستی ئابووریەوە دەبێتە هۆی دوو دەرئەنجامی نەرێنی لە بازاڕی کاردا. یەکەم، دەستکەوتەکانی پلە و پایەدارەکان زۆر لە سەرەوەی ئاستی پسپۆڕی و کارامەییاندایە. بۆیە هێزی بازاڕی ئازاد توانای دیاریکردنی کرێی کار (Efficient wage)ی نییە. بە واتایەکی دی، چونکە لە بازاڕدا کرێ و مووچە بە ئازادانە و بەپێی توانا (Merit) دیاری ناکرێت، کرێ و دەستکەوتەکان زۆر بەرزترن لە ئاستی پێویستی خۆیان، هەر بۆیە زۆر جێگەی ئەو بازاڕە بە هێڵی ئاسنین پەرژین دەکرێن بۆ کەسانی خاوەن پەیوەندی سیاسی. دووەم، چونکە بازاڕی کار بە ئازادی وەرناچەرخێت، دیاردەی کەسی نەشیاو بۆ کار لە هەموو بوارەکاندا بەدی دەکرێت.

هەردوو دەرئەنجامیش دەبنە مایەی بەربڵاوبوونی ناکارایی (Inefficiency) لە دەزگاکاندا. لە لایەك تێچووی کار (کرێ و دەستکەوت و رێگە جۆراوجۆرەکانی خۆدەوڵەمەندکردن) زۆر بەرزن و لە سەرووی ئاستی خۆیانەوەن و لە سەر کۆمەڵگە و ئابووری کوردستان زۆر دەکەون، لە لایەکی دیکەوە زۆربەی کارە گرنگ و هەستیارەکان وان بەدەست خەڵکی نەشیاوەوە و راپەڕاندن و پێشەوەچوونی کار و خزمەتگوزارییەکانی هاونیشتمانییان لە ئاستێکی زۆر نزمدان. ئەو رێگر و بەرهەڵستیانەی باسکران بوونەتە هۆی ئەوەی سەرەڕای هەبوونی سەرچاوەیەکی هێزی کاری کارامە و پسپۆڕی کورد لە دەرەوەی وڵات، دەگمەنی پسپۆڕی لە کوردستاندا بەردەوامەو هێزێکی ناوخۆیی هەیە هۆشمەندانە کار لە پێناوی پڕنەکردنەوەی دەکات.

لێرەدا روونکردنەوەیەکی کورت لە سەر بەرنامەی تواناسازی حکومەتی کوردستاندا لە جێگەی خۆیدایە؛ لە کاتێکدا حکومەتی کوردستان لە ماوەی



سێ ساڵی رابردوودا نزیکەی **٢٨٣** ملیۆن دۆلاری بۆ بەرنامەیەکی بێسەروبەرە و بێ پلانی تواناسازی خەرجکردووە، رێگە خۆش ناکات بۆ بەهرە وەرگرتن لە سەرچاوەی پسپۆڕی و کارامایی کوردانی هەندەران کە کورستان یەك دۆلاری لە رێگەی پەروەردەکرنیاندا خەرج نەکردووە. ئەم سیاسەتەش نەك هەر دژ بەخۆیە (Paradox) بەڵکو ئەوپەڕی بەفیرۆدانی سامانی وڵاتە. لەوەش سەیرتر ئەوەیە دوای خەرجکردنی زیاتر لە سەدەها هەزار دۆلار لە قوتابییەکدا و دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی لە دەرەوەی وڵات (تێچووی ساڵێکی قوتابییەك لە وڵاتێکی ئەورووپی زیاتر لە **٥٥** هەزار دۆلارە و حکومەت نەك هەر کاری بۆ پسپۆڕییەکەیان نییە، بەڵکو زۆر جار هەر لێیان ناپرسێتەوە.


لە کۆتاییدا وەك ئەنجامگیرییەك پێویستە ئەوە باسبکەین کە بۆ پڕکردنەوەی دەگمەنی کارامە لە بازاڕی کاردا، حکومەتی کوردستان پێویستی بە پلانی کورت خایەن و درێژخایەن هەیە. لە دێژخایەندا، پێویستە دەزگاکانی دروستکردن و پێگەیاندنی کارامەو زانست نوێژەن بکاتەوە و گەر پێویست بکات دەزگای نوێی بۆ دابمەزرێنێت. ئەو سیاسەتەش سەرناگرێت بەبێ چاکسازی لە بواری خوێندنی باڵادا کە لە هەموو کات زیاتر ئێستا پێویستی بە بەرنامەیەکی نوێ و رادیکاڵانە هەیە. لە کورت مەودادا، دەبێت بوارە پێویستەکانی بازاڕی کار بە هێنانی پسپۆڕ و کەسانی کارامە لە دەرەوەی کوردستان پڕبکرێتەوە. هێنانەوەی پسپۆڕو لێهاتووانی کوردی هەندەران کۆمەکێکی زۆر بەو پرۆسەیە لە کورت مەودادا دەکات. ئەم وتارە تەنها تیشکی خستە سەر یەکێك لە گیروگرفتەکانی هاتنەوەی ئەو کوردانە بۆ وڵات. پێویستە ئەوەش باسبکەین کە دەسەڵاتدارانی وڵاتانی دیکە، وڵات بە وڵات بە دوای کەسانی کارامەی خۆیاندا دەگەڕێن و رێ و شوێن بۆ گەڕانەوەیان خۆش دەکەن. تەنانەت رژێمی لەناوچووی بەعسیش سیاسەتی خاوەن کارامەییکانی هەبوو (سیاسة أصحاب الكفائات). حکومەتی کوردستانێش دەبێت سیاسەتێکی روون و ئاشکرای بۆ ئەم مەبەستە هەبێت. سیاسەتێکی لەو جۆرەش لەلایەك پاشەکەوتی داراییە بۆ کوردستان کە لەهەموو کات ئێستا زیاتر پێویستی بەو داراییە هەیە. لەلایەکی ترەوە گوڕ و تینێکی بەجۆش بە پرۆسەی پێشکەوتنی ئابووری کۆمەڵایەتی دەدات.

**حکومەتی کوردستان لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا نزیکەی ٢٨٣ ملیۆن دۆلاری بۆ بەرنامەیەکی بێسەروبەرە و بێ پلانی تواناسازی خەرجکردووە، رێگە خۆش ناکات بۆ بەهرە وەرگرتن لە سەرچاوەی پسپۆڕی و کارامایی کوردانی هەندەران کە کورستان یەک دۆلاری لە رێگەی پەروەردەکرنیاندا خەرج نەکردووە**

# ڕۆڵی حكومەت و سیستمی پەروەردەیی

# لە دروستكردنی گەنجی وەبەرهێن و بەتوانادا





**جیهان بە ئاراستەیەکدا دەڕوات کە (مەعریفە) قسەی یەکەم و کۆتایی دەکات. غافڵبوون لەو چەمکە و ڕەهەندە فکرییەکانی لە رابردوودا زۆر کارەساتی گەورەی دروستکردووە و بۆ داهاتووش مەترسیدارتر دەبێت. ئەگەر هەموو پارە و هێزی بازووی دنیامان لە بەردەست بێت، بە بێ مەعریفە ناتوانین شەقاوێك بۆ ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی خۆمان و کۆمەڵگەکەمان هەڵبگرین. زۆر دەسەڵاتی سیاسی و حاکم و حوکمڕان بە پشتتێکردن لە مەعریفە، تووشی هەڵدێران بوون. هەر مەعریفەشە وادەکات کچێکی گەنج (مەلالە یوسفزای) سنووری تەمەنی یاساییش دەبەزێنێت و لە تەمەنی ١٧ ساڵی خەڵاتی ئاشتی (نۆبل)ی جیهانی وەردەگرێت، یان کوڕێکی گەنج (مارك زوکەربێرگ) دەبێتە داهێنەر و خوڵقێنەری گەورەترین تۆڕی کۆمەڵایەتی و بەرفراوانترین ئامرازی سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری و پێوەندیگرتن و (فەیسبووك)ەکەی سنووری ئەمسەر تا ئەوپەڕی گلۆپی خاکی داگیردەکات و تابۆی سانسۆرەکانیش تێکدەشکێنێت! بێگومان مەعریفە و دەسەڵات دوو چەمکی پێکەوە گرێدراون و سەرچاوە و ژێرخانی مەعریفەش لە پەروەردەو فێرکردنەوە دەست پێدەکات، بۆیە بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێین کە: حکومەت و سیستمی پەروەردەی کوردستان لە دروستکردنی گەنجی وەبەرهێن و بەتوانادا چ رۆڵێکیان بینیوە و چ پێشنیار و رێکارگەلێکمان بۆ ئەو پرۆسە ستراتیژییە هەیە؟**

## ژینگەی پەروەردەیی گەنج

خێزان، خوێندنگە، کۆمەڵگە و دەسەڵات (بە دەسەڵاتی چوارەمیشەوە) لە چۆنایەتی ژینگەی پەروەردەیی گەنجدا کاریگەری راستەوخۆیان هەیە. ئەو چوار جومگە سەرەکییە، هەم دەتوانن گەنجی خەمۆك و بێ ئومێد، یان سەرکێش و توندوتیژ بەرهەم بهێنن، هەم دەتوانن گەنجی وەبەرهێن و ئەهلی مەعریفە و بیرکردنەوە و هێمن و لەسەرخۆ و تەنانەت زانا و داهێنەریش دروست بکەن! کۆی ئەو چوار جومگەیە پێویستە زەمینەی وەبەرهێنان بۆ گەنج خۆش بکەن. ئەوەش مەعریفە و ئەقڵانییەت و پلانی تایبەتی پێویستە تاوەکو گەنجان بە بێ جیاوازیی رەگەزی لە گشت بوارەکانی ژیانیاندا سەرکەوتوو بن.

**خێزان:**

خێزان پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە کە تێیدا باوان هەموو هەوڵەکانی دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی منداڵانی بخاتە بەر خوێندن و بە چرای زانست شەوەزەنگی بەردەمیان ڕووناك بکاتەوە. هەتا ئاستی رۆشنبیریی خێزانیش بەرزتر بێت، دایك و باوکان باشتر دەتوانن بە بێ جیاوازی رەگەزی بەها بە پەروەردەی منداڵی خۆیان بدەن. بۆ ئەوەش دەبێت شەڕی نەهێشتنی نەخوێندەواری بە بارتەقای پاراستنی خاك و نیشتمان بایەخی پێبدرێت. لە بەر ئەوەی دایك و باوکی خوێندەوار بە بەرچاوڕوونییەکی بەرفراوانترەوە لە داهاتووی منداڵەکانیان دەڕوانن و بە هزری وردبینیان باشتر رێنمایی و کارئاسانی بۆ گەشەی منداڵەکەیان دەکەن و بە هێزی کاری خۆیان تێچووی ئەو گەشەکردنەش دابین دەکەن.

### خوێندنگە و نموونەیەکی جیهانی

خوێندن لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە تا خوێندنی باڵا لەخۆ دەگرێت، هەر قۆناغێکیش پلانی هاوچەرخ و مەنهەجی زانستیی پێویست بە خۆی هەیە. منداڵ لە باخچەکانەوە فێری رێزگرتن لە مافی مرۆڤ و یەکسانی رەگەزی دەکرێت. بەڵام ئەو ناوەندانە لە کۆمەڵگەی نەریتی و ناپیشەیی ئێمەدا گەلێك کۆسپ و تەگەرەیان لە بەردەمە و تەنانەت لە ئاستی زانکۆکانیش پێشکەوتنێکی ئەوتۆ رەچاو ناکرێت. لێرەدا با زانکۆیەکی بەناوبانگی جیهان بە نموونە وەربگرین ،زانکۆی هارڤارد لە ئەیالەتی ماساچۆست (شاری بۆستون نزیك لە کەمبریج)ی ئەمریکا ساڵی ١٦٣٦ لەلایەن دەستەی یاسادانەرانی کۆچەرەوە بە ناوی (زانکۆی نوێ) دروست کرا. تا ئێستاش ئەو زانکۆیە بە بەهێزترینی زانکۆکانی جیهان لە رووی زانست و تەنانەت وەرزشیشەوە هەژمار دەکرێت و کەسانی وەك داهێنەرانی فەیسبووك دەرچووی ئەو زانکۆیەن. مارك ئیلیۆت زوکەربێرگ، ساڵی ١٩٨٤ لە دایك بووە، پرۆگرامسازی کۆمپیوتەرە و یەکێکە لەو چوار دامەزرێنەرانەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك. ئەو وەك خاوەن بیرۆکەکە لە ساڵی ٢٠٠٤ لە ناو بەشەناوخۆیی زانکۆی هارڤارد بنەمای ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییەی دانا و چوار ساڵ دواتر بووە گەنجترین ملیاردێری جیهان و ساڵی ٢٠١٠ گۆڤاری تایم پلەی یەکەمی لەناو ١٠٠ کەسایەتی کاریگەری جیهان بۆ دەستنیشان کرد.

### رای راهێنەرانی گەشەپێدانی مرۆیی

ئەگەر واز لەو ناوەندە نموونەییە بێنین و بگەڕێینەوە بۆ ناو



سالار فەتاح:

**پێویستە لە خوێندنگە پیشەییەکاندا پیشەوەری بازاڕ بهێندرێت و لە رووی پراکتیکییەوە وانە بلێتەوە، ئەوە هاوکارێکی باشە بۆ مامۆستا ئەکادیمییەکان و قوتابیش باشتر فێری پیشەکە دەبێت**

کۆمەڵگـەی خۆمان، دەبینین جیاکاریـی رەگەزی ژینگەیەکی نەشـیاوی تەنانەت لە قۆناغی زانکۆشـدا بـۆ گەنجانی ئێمە دروست کردووە. قوتابیانی زانکۆکانی ئێمە تەنیا بیر لە دەرچوون و دامەزراندن دەکەنەوە و ئاسـۆیەك لە بواری وەبەرهێنانیان بەدی ناکرێت. چاودێرانی پەروەردەیی و راهێنەرانی گەشەپێدانی مرۆیی جەخت لەوە دەکەنەوە کە حکومەت تا ئێستا لەو بوارەدا هەنگاوی جددی هەڵنەگرتووە..

سـالار فەتـاح راهێنەرە لە بـواری گەشـەپێدان و دەڵێت: «لە دەرەنجامی توێژینەوەیەك کە سـاڵی ٢٠٠٨ ئەنجامم داوە، دەبێت بڵێم دروسـتکردنی گەنجی وەبەرهێن و چارەسـەری کێشەکانی ئەو پرسـە پێویسـتی بە چاکسـازی لە زۆر بواردا هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی پرسیارەکەتان تایبەتە بە حکومەت و رۆڵی پەروەردە، بۆیە گرنگە لەم بوارانەدا کاری بۆ بکرێت: پێویسـتە سەرەتا لە باخچەکانی منداڵان و قوتابخانە بنەڕەتییەکانەوە دەست پێبکەین و پیشەوەری بناسێندرێت بە منداڵان و لە لایان خۆشەویست بکرێت. دەبێت لە ماوەی نۆ سـاڵی قۆناغی بنەڕەتیدا منداڵ ناسینێکی لەسـەر خۆی هەبێت کە کەسـیەتی بۆ کام پیشە گونجاوە. واتە بەپێی پلانێکی دوورمەودا لە دوای قۆناغی نۆی بنەڕەتییـەوە هەمـوو خوێندکارێك بچێتە یەکێك لە کۆلێژەکان و بە ویستی خۆی لە پسـپۆڕییەکدا بۆ ماوەی دوو ساڵ ئامـادە بکرێت، دوای ئـەوەی لە پیشـەیەکدا ئامادە دەکرێت، بچێتە کێبڕکێوە بۆ ئـەوەی بچێتە زانکۆ و لـەو بـوارە هەڵبژاردەیەی خۆیدا پسپۆڕی تەواو وەرگرێت و سیستەمی قبووڵ مەرکەزی نەمێنێ. نەهێشتنی سیسـتەمی قبووڵ مەرکەزیش بە کۆمەڵێـك رێکار دەکرێت، کە سـەرەکیترینیان ئەوەیە بـۆ هەر بوارێکی زانسـتی و زانکۆیی تاقیکردنەوەی کێبڕکێ هەبێت لـە نێوان خودی ئەو بوارانەدا کە لـەدوای نۆی بنەڕەتییەوە قوتابـی خوێندوویەتی. واتە نەمانی چواری گشـتی و وێژەیی و زانسـتییەکان، بەوەش سەرجەم ئەو بوارانـەی لە زانکۆدا دەخوێندرێن بهێندرێنە ئاسـتی ئامادەیی، هەڵبەتە بۆ ئەم کارە چەند ساڵ لەمەوبەر پڕۆژەیەکی تەواوکاریم نووسیوە و لەبەردەستمدایە و تێیدا باسی ئەوەشم کردووە کە پێویستە لە خوێندنگە پیشەییەکاندا پیشەوەری بازاڕ بهێندرێت و لە رووی پراکتیکییەوە وانە بلێتەوە، ئەوە هاوکارێکی باشـە بۆ مامۆسـتا ئەکادیمییەکان و قوتابیش باشتر فێری پیشەکە دەبێت».

**سوورد وەرگرتن لە ئەزموونەکان**

ناهیـد موکری چالاکوانی دوورەوڵات سـەبارەت بە هەمان پرس هێمـا بۆ ئـەوە دەکات کـە «حکومەت و سیسـتمی پەروەردە پانتاییکی یەکجار زۆر و بەربڵاوی بۆ شیکردنەوە و پێناسەکردن و کارکردن هەیە، هەروەها چەمکگەلێکن کە لە مێژوویەکی کۆنەوە ئیشـی پێ کـراوە و توانیوێتی نەوەیەك پـەروەردە بکات، بەڵام لەگەڵ هەنگاوەکانی بەرەوپێشـچوونی جیهان ، ئەم چەمکانەش (دەسەڵات و سیسـتمی پەروەردە) روخسارێکی دیکەیان بەخۆوە گرتـووە، هەر بەو پێیەش هەوڵدراوە شـێوازێ نوێتر و کاراتر بۆ سیستمی پەروەردە دەستنیشان بکرێ. حکومەتیش وەك بەهێزترین کەرەسـتە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە رۆڵی سـەرەکیی لە هەموو بوارەکانی ژیان و بەتایبەتی لەسـەر گرنگترین و بەهێزترین وزەی کۆمەڵگە واتە گەنج هەیە بۆ بەرهەمهێنانی نەوەیەکی خاوەن فکر و خوڵقێنەر و بەتوانا لـە وەبەرهێنان». هاوکات دەڵێت: «جیهان بە هۆی تەکنەلۆژیا و دەسـکەوتە سەرکەوتووەکانی بەشەری وەك گوندێکی لێهاتووە و بە ئاسـانی دەتوانین سـوود لە بەرهەمی ئەرێنی و ئەزموونی پەروەردەیی و تەنانەت خەبات و تێکۆشـانی وڵاتانی دیکە وەربگرین. بۆیە پێویستە پێداچوونەوەیەکی ریشەیی بە سیسـتمی پەروەردەی خۆماندا بکەین، تا بتوانین ببینە خاوەن وڵاتێکی پیشـەیی و گەنجی وەبەرهێن و بەتواناش بتوانن تێکەڵ بە بازاڕ ببن و ئابووری خۆیان و وڵاتەکەشیان باشتر بکەن».

**روانگەی گەنجان**

هیشـام عەلی قوتابی قۆناغی ئامادەییە و بە بێزارییەوە دەڵێت: «بەداخەوە جیاوازی زۆر لەنێـوان قوتابیاندا دەکرێ، گەنجێك بە واسـیتەکاری دەچێتە زانکۆکانی ئەمریکا و بەریتانیا بۆ خوێندن، کەچی قوتابی زانکۆمان هەیە تا نیوەشەوان پاقلە و نۆك دەفرۆشـێت». ئەو قوتابییە بە پێویسـتی دەزانێت «حکومەت و رێکخراوەکانی مەدەنی زیاتر خولی شیاندن و راهێنـان و وەبەرهێنان بۆ گەنجان بکەنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن بە پیشەیەکی دڵخوازی خۆیان داهاتووی خۆیان مسـۆگەر بکەن». گوتیشـی: «ئەگەر حکومەت و سیسـتەمی پەروەردە بیانەوێت ئێمەی گەنج تێکەڵی بازاڕ و کاری وەبەرهێنان ببین، پێویسـتە گرنگییەکی زۆر بە ئامادەییە پیشەییەکان بدەن».

**بەڵێنێکی دڵخۆشکەر**

لـەلای خۆیەوە د. پشـتیوان سـادق وەزیری پـەروەردەی



حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گوڵان، ئاشکرایکرد کە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە چوار کۆمەڵگەی پیشەیی گەورە بۆ بەرهەمهێنانی کادری مامناوەندی لە بوارەکانی بازرگانی، کشتوکاڵی، گەشتیاری، کەرتی نەوت و پیشەسازی و...هتد دروست بکرێت. بێگومان ئەو پرۆژەیە لە دروستکردنی گەنجانی وەبەرهێندا ڕۆڵی کاریگەری دەبێت.

کۆڵەکەی پێشخستنی هەموو کۆمەڵگەیەکیش مەعریفە و سەرمایەی مرۆییە کە دەتوانێت لە گۆڕانکارییە تازە و خێراکانی جیهان دانەبڕێت و تەنانەت ڕکابەریشیان بکات.

**پلانی تۆکمە بۆ وەبەرهێنان**
**لە توانای گەنجدا**

سەبارەت بەم پرسە د. نازناز محەمەد هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە سیاسەت و پەیوەندیی نێودەوڵەتی و دکتۆرای لە مێژوو هەیە. پێشتریش سەرۆکی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا بووە لە پەرلەمانی کوردستان لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە حکومەت و سیستەمی پەروەردە چۆن دەتوانن «تاکی بەکاربەر» بکەن بە «تاکی بەرهەمهێن» بەمجۆرە را و سەرنجی خۆی دەخاتەڕوو: «لە سەردەمی گلۆبالیزەیشن کە تەکنەلۆژیا زۆر گەشەی کردووە و ئامرازەکانی خێرای پەیوەندیکردن لەبەردەست خەڵکییە، حکومەت بە پلانی تۆکمە دەتوانێت لە ڕێگەی سیستەمی پەروەردە و خوێندن تاکی بەرهەمهێن بەرهەم بهێنێت. لە ئێستادا گەشەی ئابووری پەیوەستە بە مەعریفە و زانست و زانیاری. «ئابووریی بونیادنراو لە سەر مەعریفە (Knowledge-Based Economy)» هاتەئارا کە زیاتر پشت بە بەکارهێنانی (ئایدیا) دەبەستێ تاکو (توانستی فیزیکی)، واتە بەکارهێنانی (تەکنەلۆژیا) لە جیاتی (گواستنەوەی کەرەستەی خاو و بەکارهێنانی دەستی کرێکاری هەرزان).

مەعریفە لە ڕێگەی سەرچاوەی مرۆیی، بازرگانان و دامەزراوەکان دەبێتە داینەمۆی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی. سەلمێندراوە کە هێزی کاری پڕچەك بە زانیاری ڕاهێندراو، کارامە و خوێندەوار، لە پێشخستنی کار و بازرگانی و ئابووری بەگشتی زۆر گرنگە.

مەعریفە هەم ئاراستەکەری گەشەی ئابووریی وڵاتە، هەمیش ئاراستەکەری کێبڕکێی وڵاتە لەگەڵ جیهاندا. لەم ڕوانگەیەوە، کەرتی پەروەردە و خوێندن کە بەشی هەرە زۆری مەعریفە بەرهەم دەهێنێ، چ لە لایەن حکومەت و چ لە لایەن کەرتی تایبەتەوە بەرز دەنرخێندرێ.

بۆ وەبەرهێنان لە سەرچاوەی مرۆیی بە فەرمی و نافەرمی، خوێندن و فێرکردنی دوورمەودا و ڕاهێنان دەبێتە هۆی کارامەیی لەکاردا.

لەم چەرخە تازەیەدا کاتێ مەعریفە بەهادار دەبێ کە قابیلی کڕین و فرۆشتن بێ، مەعریفەیەك کە لەلایەن بازاڕەوە بەهای نەبێ، هەرمێنیی کەم دەبێت.

جاران ئامانج لە خوێندن، یان بۆ «خۆپەروەردەکردن» بوو، یان بۆ «دامەزراندن» بوو لە کەرتی گشتی، بەڵام ئەمڕۆ دەبێت «تاك» ئامادە بکرێت کە لە بازاڕی جیهانی جێگەی ببێتەوە. حکومەت، یان کەرتی گشتی لەوانەیە ئەو بودجە زەبەلاحەی نەبێت بۆ پێگەیاندنی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە، یاخود توانایی بارهێنانی هەمووانی نەبێت، بۆیە دەبێ پشتگیری لە کەرتی تایبەت بکرێت بۆ کردنەوەی قوتابخانە، کۆلێژ، پەیمانگە و سەنتەرەکانی ڕاهێنان. سیستەمی پەروەردە و ڕاهێنانی تایبەت، دەبێتە هۆی جۆراوجۆرێتی فێرکردن و بارسووکی حکومەت و جووڵەی پتری بازاڕ و ڕکابەریی تەندروستی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بۆ بارهێنانی «تاك» بە باشترین شێوە.

حکومەت لە ڕێگەی دامودەزگاکانی خۆی، پەرلەمان لە ڕێگەی دانانی یاسای گونجاو، کۆمەڵگەی مەدەنی بە چاودێریی وردبینانەی خۆی، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بە پشتگیری و ڕێنموونی خۆیان، دەتوانن چالاکانە کار بکەن لە گۆڕینی «مرۆڤ» بۆ «سەرمایەی مرۆیی».

لە سیستەمی نوێی جیهانیدا وا سەیری مرۆڤ دەکرێ، کە هەر تاکێك بۆ خۆی سەرمایەیە، بەڵام بەو مەرجە سیستەمی خوێندن کاری لەسەر بکرێت و لە «بەکاربەر» بیکاتە «وەبەرهێنەر». واتە وەبەرهێنان لە سەر پەروەردە و سیستەمی خوێندن بکرێت و بخرێتە نێو وتار و پلانی دەوڵەت.

لە ئاراستە و دیدی حکومەت و پەرلەمان، بودجەی وڵات بۆ ئەوە سەرف بکرێت کە هەر مرۆڤێك ببێتە سەرمایەیەك، دواجار ئەم سەرمایەیە، سەرمایەی دیکە بۆ وڵات دەخوڵقێنێ.

تا ئێستا دید و کرداری حکومەتی کوردستان بەرەو ئەو ئاراستەیە بووە کە دەرچووی زانکۆ و خوار زانکۆش تەنیا بەخێو بکات و پارەی لێ سەرف بکات، دواتر دایبمەزرێنێت، بێ ئەوەی ببێتە بوونەوەرێك کە بتوانێ داهێنان بکات، یان لە بازاڕی کار خۆی بدۆزێتەوە و لەگەڵ جیهانی دەرەوە ڕکابەری بکات و سەرمایە بەرهەم بهێنێت، واتە بە تەواوەتی «بەکاربەر»ە.

لە ئێستاوە پلانی حکومەت دەبێ بەو ئاراستەیە بێت، تاکێك بەرهەم بهێنێت کە بتوانێت پشت بەخۆی ببەستێت، بڕوای تەواوی بە توانایی خۆی هەبێت و کارامە و لێهاتوو بێت و بتوانێ گۆڕانێك لە ژیانی خۆی و کۆمەڵگەکەی دروست بکات.


بۆ دروستکردنی سەرمایەی مرۆیی پێویستە لە پرۆسێسی خوێندن (هەر لە قۆناغی بنەڕەتییەوە تا زانکۆ)، دەبێت قوتابی «سەنتەر» بێت و مامۆستا و ستاف و ئیدارە و پرۆگرام و کەلوپەلی خوێندن بە شێوەیەك ئامادە و ڕێکبخرێت کە بتوانن ئەم کائینە دروست بکەن. پێویستە خوێندنگەکان بە کەرەستەی فێربوون و تەکنەلۆجیای تازە تەجهیز بکرێن، بۆ ئەوەی زۆرترین و خێراترین مەعریفە بگاتە دەست قوتابی.

بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی بازاڕی کوردستان دەبێت پەرە بە خوێندنی هونەری و پیشەیی بدرێت، لە هەموو سێکتەرەکانی کارەبا، بیناسازی، دیزاین، میکانیك و ... هتد. هەروەها پێویستە بە پێی یاسای وەبەرهێنان و بە کردارەکی هانی وەبەرهێنەرانی خۆماڵی و بیانی بدرێت کە لە زانکۆ و قوتابخانەکان فێرگە بکەنەوە. دەکرێ بایەخی زیاتر بە خوێندنی پیشەیی بدەن و بۆ ئەم مەبەستە کارئاسانیان بۆ بکرێت لە دابینکردنی زەوی، شوێن و خزمەتگوزاریی پێویست هەڵبەت لە ژێر چاودێریی دەزگاکانی «کوالیتی کۆنترۆڵ» و دڵنیایی جۆری».



د. نازناز محەمەد:


**لە سیستەمی نوێی جیهانیدا وا سەیری مرۆڤ دەکرێ، کە هەر تاکێک بۆ خۆی سەرمایەیە، بەڵام بەو مەرجە سیستەمی خوێندن کاری لەسەر بکرێت و لە «بەکاربەر» بیکاتە «وەبەرهێنەر»**



ناهید موکری:

**پێویستە پێداچوونەوەیەکی ریشەیی بە سیستەمی پەروەردەی خۆماندا بکەین، تا بتوانین ببینە خاوەن وڵاتێکی پیشەیی و گەنجی وەبەرهێن و بەتواناش بتوانن تێکەڵ بە بازاڕ ببن و ئابووری خۆیان و وڵاتەکەشیان باشتر بکەن**

# هەرێمی کوردستان، هەستکردن بە پێگەی جیوپۆلەتیک و سیاسەتی دەرەوەی هەرێم



* سەردارشەریف سندی

لە دەستپێکی سەدەی رابردوودا نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەپێی بەرژەوەندیی کۆمەڵێك ئیمپراتۆری و وڵاتی زلهێز، دوور لە خواستی گەلانی ناوچەکە گۆڕانکاری بەسەردا هات. هاوتەریب لە کۆتاییەکانی سەدەی رابردووشدا هەمان رێڕەوی مێژوویی بە شێوەیەکی دیکە دەستی بە دووبارەبوونەوەی کرد، بەڵام بە شێوازێکی جیاواز. لەم ناوبەینە، بنیاتنانی عێراق لە سەر بنەمای «دەوڵەت و نەتەوەی عەرەب»، دوور لە خواستی کورد و لە دژی پەیماننامەکانی واژۆکراوی دانپێدانراو بە گەلی کورد، سروشتێکی هێنایە ئاراوە، کە کورد دوور لە خواستی خۆی، بوو بە بەشێك لە سنووری جوگرافی و پێکهاتەی نەتەوەیی عێراق. داگیرکردنی کوێت و تەداخولی نێودەوڵەتی لە عێراق، لە ساڵی ١٩٩١/١٩٩٢ بووە هۆی دروستکردنی کیانی سیاسی و جوگرافی و پەرەسەندنی بە دەوڵەتێکی ئەمری واقیع پارێزراو لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. درێژەپێدانی ئەم پاراستنە بووە جێبەجێکردنی پرۆژە درێژخایەنەکانی سیاسی-ستراتیژیکی پەیوەندیدار بە بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئەمریکا و هەندێك وڵاتی ئەوروپی، دەرئەنجام بووە هۆی رووخانی رژێمی سەدام لە ٢٠٠٣ و پەرەسەندنەکانی سیاسی لە عێراق، هەرێمی کوردستانیشی لە ئەمری واقیعەوە گۆڕی بە هەرێمێکی خاوەن پێگەیەکی یاسایی و سیاسیی دامەزراوەیی لە دەستووری عێراق.

پێشهاتەکان و رووداوەکان بەرخودانێکی گەورەی سیاسی کوردی لێکەوتەوە بۆ بەهێزکردنی هەولێر بە پایتەختی سیاسی هاوتەریب لە گەل بەغدا و خاوەن بڕیار نەك تەنیا لە عێراق، بەڵکو تێپەڕاندنی سنوورەکان و بەرفراونکردنی تۆڕی پەیوەندیی دیپلۆماسی، بە سوودوەرگرتن لە کۆمەڵێك ئامراز، لە سەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی. بێجگە لەمە، هەولێر ئێستا لە ئەگەری دیپلۆماسییەتی کارا و هاوتەریبی حکوومی و حزبی لە هەوڵەکانی خۆی سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە. بەتایبەتی لەوەی دوایەمین ئەندامی پێکهاتوو لە ٥ ئەندامەکەی دائیمی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، چین، دەرگای پەیوەندیی راستەخۆ و فەرمی دیپلۆماسی، واتە کونسوڵخانەی گشتیی خۆی لە هەرێمی کوردستان کردەوە. لێرەوە دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە «سندوقە رەشەکەی» سیاسی و دیپلۆماسیی ئاست بەرزی جیهان بوتە بەشێك لە تۆڕی سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندی دیپلۆماسی، ئابووری/ کەلتوری وئاسایشی هەرێم.

لە سەر ئاستی ناوچەکەش هەوڵەکانی هەولێر چڕکراون و گەیشتوونەتە کۆمەڵێك ئارمانجی سیاسی-ستراتیژیك پەیوەندیدار بەم بابەتە، بنیاتنانی عێراق لە سەر بنەمای فیدراڵی لە قۆناغی ئێستا شتێکی گرنگ بوو. کۆمەڵێك فاکتەری وەکو داگیرکردن و دەرکەوتنی ئەمریکا لە عێراق و دەرکەوتنی داعش، کێشەی ئۆکراینا و سووریا کومەڵێك بابەتی پەیوەندیدار بە مێژووی کێبڕکێی شەڕی سارد ئێستا لە پێشڤەچووندان. هەموویان ئاماژەپێدەری ئەم راستییەن، ئەمریکا هەوڵی پەرەپێدان و بەهێزکردنی پێگەی سیاسی-ستراتیژی مێژووی دوور و درێژیەتی. شەڕی ئەفغانستان و عێراق بەشێکی سەرەکیی گراندستراتیژیی ئەمریکایە، کە لە دەریای ناوەڕاست هەتا سنوورەکانی چین دەگرێتەوە، واتە کەمەربەندێك دەخاتە ژێر رکێفی کاریگەریی ستراتیژێکی ئاسایشی خۆی.

بۆیە، بەهێزبوونی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا گرنگە، بەڵام وەکو بەشێك لە عێراق. ئەویش ئەگەر راستەوخۆ نەتوانێت عێراق بیخاتە ژێر رکێفی سیاسەتی خۆی و لە ژێر هەیمەنەی ئێران دەریبێنێت، لە کاتێکدا پێگەی شیعە بەشێك لە قووڵایی ستراتیژی ئاسایشی ئێران لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قەڵەم دەدرێت، ئەوا ئەمریکا بە پیشتیوانیکردنی سیاسی و دیپلۆماسی هەم لە هەرێم و هەم لە سەر ئاستی جیهان و ناوچەکە، نەك تەنیا بەنیازە جۆرە هاوسەنگییەك لە ناوچەکە دروست بکات. بەڵکو دەیەوێ یەکەم فاکتەری سیاسی-ئاسایشی، هەرێم وەکو ئامرازی لاوازیی ئێران بەکار بهێندرێت.

بۆیە، هەر پێشکەوتنێکی سیاسی، لەشکری و ئابووری پەیوەندیدار بە هەرێم، بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە گرنگە. لەم رووەوە هەڵسوکەوتی سیاسیی ئێران، تورکیا، عێراق و سووریا دەبێت خوێندنەوەی بۆ بکرێت. بۆ نموونە: شەڕی داعش بووە هۆی کۆمەڵێك ئاڵوگۆڕی نەخوازراو. دەرهاوێشتە سیاسییەکانی ئەم شەڕە بووە هۆی بەهێزبوونی پێگەی کورد لە سەر ئاستی جیهان. بەڵام کوردی لە بەغدا نزیك کرد. وەکو ئەکتەری کارا لە دابینکردن و رێکخستنی بواری سیاسی ـ ئاسایشی ژێئوپولیتیك – ستراتیژیك، هەرێم بە گۆڕینی سیاسەتی بەرگری، واتە لە خۆپاراستن بۆ بەهێزشبردن، لە رووی ئەمری واقیعەوە بە سەنتەری (ژێئۆپۆلیتیك) دەنگی کورد دێتە هەژمارکردن. هاوتەریب لە گەڵ ئەمە، ئاسایشی جیهان لکێندرا بە ئاسایشی هەرێمەوە. ئەمە فاکتەری یەکەم، کە قووڵایی جیۆپۆلەتیکی هەرێم پشتڕاست دەکاتەوە.

هەڵسوکەوتەکانی ئەم دواییەی تورکیا و ترافیکی چڕی سیاسی- ئابووری لە بەینی هەولێر-ئەنقەرە لە بواری وزە، وایکرد تورکیا هەوڵبدات قووڵایی سیاسی-ستراتیژێکی خۆی دەستنیشان بکات. ئەمە لە کاتێکدایە تورکیا بە روونی دەزانێت پێویستە لە ئاست کومەڵێك بەرژەوەندیی هەرێم، لە پێناو گەیشتن بە ئارمانجەکانی خۆی، چاوپۆشی بکات. ئەمە روونە هەرێم بۆ تورکیا تەنیا ئەوە نییە بۆڕییەکی نەوت و گازی تێیدا تێپەڕێت، بەڵکو ئامرازی دیارکەری پێگەی ستراتیژێکی تورکیایە لە ستراتیژی وزەدا. ئەمە فاکتەری دووەم، واتە تورکیا لە رووی ژیۆپۆلیتیکەوە، پەیوەستە بە قبووڵکردنی پێگەی هەرێم لە ناوچەکە.

لەم هاوکێشەیە گرنگە چاوێك لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی- ئاسایشی ئێرانیش بکرێت. ئێران یەکێك لەو دەوڵەتانەی ناوچەکەیە، هەمیشە پاڵپشتی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردی لە عێراق کردووە. بوونی هەموو تەحەفوزێك لە سەر هەڵسوکەوتی ئێران لە ناوچەکە، ئەم راستییە دیار دەکاتەوە، ئێران لە رووی سیاسەتی دەرەوە هەوڵی بەهێزکردنی پێگە و هەژموونی خۆی لە ناوچەکە دەدات. دروستکردنی پەیوەندیی بەهێز لە گەڵ هەرێم بەشێکە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران، ئەگەر نەتوانێت هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا و تورکیا دوور بکاتەوە، بە لایەنی کەمەوە ئەوا بتوانێت لە کەناڵە جیاوازەکاندا کاریگەری لە سەر هەڵسوکەوتی هەرێم دروست بکات و بتوانێت ئاراستەی سیاسیی هەرێم لە کومەڵێك بابەتدا بگۆڕێت. پەیوەندیدار بەم بابەتە، ئێران توانای بەهێزی هەیە: حکومەتی ناوەندی عێراق (پێگەی شیعە)، دووەم فاکتەرە ناوخۆییەکان: کەش و هەوای سیاسیی هەرێم.

لە لایەکی دیکەوە، ئەمە شاراوە نییە، ئێران هەمیشە هەوڵی داوە، بە تۆمەتبارکردنی هەرێمی کوردستان بە بوونی پەیوەندی لە گەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل حەساسیەت و نارەزایەتی خۆی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان نیشانداوە: هەرێم ئامرازێکە بە دەست دەوڵەتە ئاماژەپێکراوەکان. بۆیە، بە رەخنەکانی دەیەوێت کاریگەری لە سەر هەڵسوکەوت، یان بە لایەنیکەم ئەگەر شکست بە پەیوەندیی هەرێم نەهێنێت، ئەوا بتوانێت لە ئاستێکی لاوازدا بیهێڵێت. واتە بەرژەوەندیی ئێران لە بەر چاوبگرێت و نەبێتە ئامرازێك کە شکست بە تمووحەکانی سیاسی و ستراتیژێکی لە ناوچەکە بهێندرێت. بۆ ئێران، کورد لە رووی کەلتووری، زمانی و مێژووییەوە، رەگ و ریشەی هاوبەشی پێکەوەگرێدراویان هەیە. واتە بۆ ئێران فاکتەری جیۆپۆلەتیکی کەلتووریی گرنگ دێتەدیتن. ئەمە سێیەم فاکتەری قووڵایی دوولایەنەی جیۆپۆلەتیکی هەرێمە.

به لە بەر چاو گرتنی راستیی مێژوویی، کورد نەتەوەیەکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ناو جیهانی ئیسلامدا، کاتێك باس لە دروستکردنی کیانێکی سەربەخۆ بۆ کورد دەکرێت، دۆستی نییە، بەڵکو دوژمنی زۆرترە. بە هۆی جوغرافیای جیۆپۆلەتیکی هەرێم، بەشێکی زۆری دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هۆی هەرێمەوە پێکەوە گرێدراون، یانیش هەرێم ناوەندیی تۆڕی پەیوەندیی ئەم وڵاتانەیە. بۆیە لە ئێستا و داهاتوو گرنگە لە پێناو پاراستنی پێگەی جیۆپۆلەتیکی سیاسی- ئابووری و ئاسایشی هەرێم، هەرێم لە دارشتنی سیاسەتی دەروەی دەوڵەتانی ناوچەکە، پێداگیری لە سەر بەرژەوەندیی هاوبەش بکات. لەو وڵاتانەی کورد بەشێکە لە پێکهاتەی نەتەوەیی، فاکتەری جیۆپۆلەتیکی کەلتورییان دەبێت بەشێك لە ستراتیژی سیاسەتی پەیوەندیی دەرەوەی هەرێم لە گەڵ ئەم دەوڵەتانە بێت. فاکتەری چوارەم: هەرێم پەرە بە قووڵایی جوغرافی- نەتەوەیی خۆی دەدات.

ئەوەی بە گشتی پەیوەندیدارە بە عێراق، بەهێزکردنی پەیوەندیی سیاسی و پەرەپێدان بە پەیوەندییە مێژووییەکانی کورد-شیعە گرنگ دێتە بەر چاو بە گواستنەوە بۆ قۆناغی داهاتوو بە لەبەرچاوگرتنی ئەم راستییە کە ئەم پەیوەندییە لە سەر حیسابی ئیهمالکردن یان لاوازکردنی سوننەی عێراق نەبێت. بۆیە لە سەر ئاستی عێراق هەڵسوکەوتی هەنووکەیی هەرێم لە کردنەوەی دەرگاکانی خۆی بە رووی ئاوارە عەرەبە سوننەکان، دەبێت ببێتە بنیاتنەری دروستکردنی پەیوەندیی کورد-سوننە بە لەبەرچاوگرتن و کارکردن لە پێناو گەیشتن بە پاراستنی بەرژەوەندیی هاوبەش.


وەکو دەرئەنجام، پەیوەندیدار بە هەرێمی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی فاکتەر و بنەما دیارەکان ستراتیژی و رێڕەوی سیاسەتی دەرەوەی هەرێم، یەکەم دەبێت کار لە سەر بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە ناوچەکە بکات، دووەم: راگرتنی تەرازووی هاوسەنگی پەیوەندییەکان بەتایبەتی لەگەڵ وڵاتە زلهێزەکان، ئەگەر بێتو بیر لە دروستکردن و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە سەر جوغرافیای ئێستای هەرێم بکرێتەوە. دەبێت ئەوەش لە بەر چاو بگرین، کە لە رووی سیاسییەوە روون و ئاشکرا بین.

***توێژەری دکتۆرا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان- زانکۆی دهۆك**

**هەولێر ئێستا لە ئەگەری دیپلۆماسییەتی کارا و هاوتەریبی حکوومی و حزبی لە هەوڵەکانی خۆی سەرکەوتنی گەورەی بە دەستهێناوە. بەتایبەتی لەوەی دوایەمین ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، چین کونسوڵخانەی گشتیی خۆی لە هەرێمی کوردستان کردەوە**

**بەهێزبوونی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا گرنگە، بەڵام وەکو بەشێك لە عێراق. ئەویش ئەگەر راستەوخۆ نەتوانێت عێراق بخاتە ژێر رکێفی سیاسەتی خۆی و لە ژێر هەیمەنەی ئێران دەربێنێت**

# لەبارەی واقیعی داڕووخاوی ئێمەوە



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*
بۆ گوڵان دەینووسێت

چەمکی «داڕووخان» (détérioration) ئاراستە بە چەمکی دیکەی هاوشێوەمان دەکات، کە بۆ دەستنیشانکردنی هەمەجۆر حاڵەتی نەرێنیی دیکەی، کە پێیان ئاشنا بووین، بەکار هێندراون، کە رەنگە گرنگترینیان چەمکی «قەیران» (crise) و چەمکی «داڕمان» (déclin& décadence) بن.

هەڵبەت ئێمە لێرەدا نە لە بارەی قەیرانی واقیعەوە، نەش لە بارەی داڕمانەوە قسە دەکەین. دەبێ بشڵێین کە کارەکە تەنیا پەیوەست نییە بە ئاڵوگۆڕ پێ کردنی پەیڤێك بە پەیڤێکی دی، چونکە چەمك، وەك دەزانین، روانینی تایبەت و دیاریکراو ئاشکرا دەکات، ئاماژە بە بەراوردی دەستنیشانکراویش دەکات، هەڵبەت هەوڵەکەی ئێمەش دەچێتە خانەیەکی دیاریکراوی روانین بۆ زەمانی مێژووییانە.

بۆ نموونە، چەمکی «داڕمان»، ناخرێتە گەڕ تەنیا بە پێوانە لەگەڵ سەردەمێکی پرشنگداری زێڕین نەبێت. ئێمە دەشزانین کە ئەوە چەمکێکە پێشتر لە لای زۆر لە رۆژهەڵاتناسان بەکار هێندراوە، بۆ دەستنیشانکردنی واقیعی داخران (ankylose)، کە لە پاش چاخەکانی گەشەکردن، دووچاری کۆمەڵگەکانی ئێمە هات، بە ئامانجی هەڵوەستەکردن لە ئاست هۆیەکانی ئەم داخرانە، پاشان ئەم زاراوەیە لەگەڵ هاوواتاکانی لە لای روانینگەلی سەلەفی بە هەمەجۆر و شێوەکانییەوە بەکارهات.

بە پێچەوانەی چەمکی «داڕمان»، کە رابردوو بۆ خۆی دەکاتە چاوگ، چەمکی «قەیران» وابەستە بە زەمانێکە کە بە ئایندەوە گرێ دراوە. وێڕای رووکاری نەرێنییانەی قەیران، خۆ ئەگەر ئێمە ئەوە دوور بخەینەوە کە دروستە پێی بڵێین «چەمکی چێ بوونی قەیران»، ئەوا هەمیشە قەیرانەکان بە قۆناغی راگواستە و پردۆکەی پەڕینەوە دادەندرێن. راستە ئەوان لاسەنگ و سەنگەلان، بەڵکوو راچەنین و هەژانیشن، بەڵام هەر زوو بەخۆ دێنەوە و هاوسەنگیی خۆیان بەدەست دەهێننەوە. پاشان ئەوان هەمیشە «قەیرانی درێژە پێ دراون»، ئەوان بۆ تەندروستی وەك نەخۆشی، بۆ (ئیرۆس)یش وەك (تناتۆس)ن.

لە پاڵ ئەو وابەستەییە بە ئایندەوە، بە زۆری چەمکی قەیران بە شێوەیەکی بەشەکی لە واقیع دەڕوانێت، ئیدی وەك کەرت کەرت دادەندرێت، کە رەنگە زنجیرەیەك قەیرانی خۆمانە خۆمانەی بەسەردا بێت، کە دەخزێتە نێو بەشەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و تان و پۆیەکەی بنکەن دەکات.

ئاشکرایە کە ئەو چەمکی «داڕووخانەی» ئێمە وەك پەسنێك بۆ ئێستامان پێشنیاری دەکەین، زۆر بە توندی لەگەڵ دوو چەمکەکەی رابردوو جودایە: ئەو نە ئاراستە بە رابردوویەکی گەش و نە بەرەو ئایندەیەکی کراوە دەکات، بەڵکو ئەو وا دەڕوانێتە کەم و کوڕی، بەوەی کە واقیعێکی بنیادگەرانەیە، هەروەها لە یەك ترازانی پێکهاتەکانیشە، ئیدی لە توانایدا نییە نە بەوەی رابردوو، نە بەوەی دادێ، بەراورد بکرێت. کەواتە ئەم چەمکە بەراوردێکی بنیادگەرانە لەخۆ دەگرێت، بە چاوێکی بێ ئومێدی مێژووییانەوە لە واقیعی حاڵ دەڕوانێت. ئەو، خۆبەخۆ ددانی پێدا دەنێت، کە ئیدی رەوشەکە لە توانایدا نییە، کە تەنانەت هانا بۆ رابردووی زێڕینی خۆیشی ببات، وەك چۆنیش دەیسەلمێنێ کە کەم و کوڕی قەیرانێك نییە دەکرێ تێی پەڕێنین. وەك بڵێی ئەم چەمکە هەموو جووڵانەوەیەك لە واقیعدا رەتدەکاتەوە، لەوەدایە کە بێ ئومێدییەکی رەها بنوێنێ، خۆ رەنگە، هەر لەو پێناوەدا، ئەو لە هەموو چەمکەکان بۆ دەستنیشانکردنی رەوشی هەنووکەی ئێمە نزیکتر بێت.

ئەم بێ ئومێدییە کە بە دروستی هەستی پێ دەکەین، ئەگەر ئێمە هەوڵ بدەین بەدواداچوون بۆ ئەو چەمکانە بکەین، کە ئەو هیوایەی بە ئایندە هەڵپەسێردرا، هەروەها ئەو نائومێدییانەی نەوەکانمان هەر لە سەدەمی کۆلۆنیالیزمەوە پێی ئاشنا بوون، دەنوێنن، ئێستاش هەر دەیاننوێنن. ئەو نەوانە ئەوەیان لە سەر بوو، کە کەم کەم و بە گوێرەی هەڵگێڕ و داگێڕی بارودۆخ، هەروەها قەناعەت هێنان بەوەی کە لە توانادایە، خواستی خۆیان کەم بکەنەوە.

ئەم شتە بەتایبەتی لەلای ئەو نەوەیەدا هەست پێ دەکەین، کە لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمدا چاوی بۆ ژیان هەڵێنا، ئەو نەوەیە شازە نەوەی سازشکردن بوو، سازشەکەشی پتر لە بواری خەونەکاندا بوو نەك لە بواری پرەنسیپدا، ئیدی ئەو سڵی لەوە

نەدەکردەوە کە ئەو ئاڵوگۆڕە «قبووڵ بکات» کە بە درێژایی ژیانی خۆی پێی ئاشنا بوو. بە پێی تواناش هەوڵی دا «لێی حاڵی بێت»، جـا بە گوێرەی توانا هەوڵـی کەم کردنەوەی خواسـتەکانی خۆی و هەموارکردنی دەزگای چەمکەزای و پوختەکردنی فەرهەنگی سیاسـیی خۆی دا. ئەگەر ئەو لە پاش بەدیهاتنی سەربەخۆیی (وڵاتانی عەرەب) بەدەم چەمکی ڕەتکردنەوە و شۆڕش و گۆڕان و دابڕانەوە سروودی چڕی، ئەوا دواتر بەوە رازی بوو، کە لە بری ئەوانە بە چەمکی میانڕەوانەتر رازی بێت، ئیدی کەوتە قسـەکردن لەبارەی هاوسـەنگی و دیالۆگ و گونجان و دانوسـتان و تێگەیشتنەوە. ئەگەر ئەو پێشتر بانگەشەی کردبێت بۆ جڤاکێکی دادپەروەر کە یەکسانی تێدا بەرقەرار بێت، پاشـتر بە جڤاکێـك قەرەبووی کردەوە کە کەمتر زوڵم و هەژاری و نەخۆشی تێدا بێت. خۆ ئەگەر پێشتر پێـی وا بوو کە نوێخوازی نایەتەدی بە بێ دابڕان لە نەریت، نـوێ بوونەوەش نابێت تەنیا مەگەر «گۆڕینێکی تێکڕایی» نەبێت، کەچی کەوتە داواکردنی کۆمەڵێك ئاڵوگۆڕ، کە مەرج نییە هەمووان بگرێتەوە، ناشـگاتە بنەماکان، هەوڵیش دەدات کـە قەناعەت بە خۆی بێنێت کە کارەکە ئەو تێدەپەڕێنێت، ئەم شتەش بۆ «قەیرانێکی گەردوونی» دەگەڕێتەوە کە هەمووان هیچ توانا و دەسەڵاتێکیان لە ئاستیدا نییە.

خـۆ رەنگە ئـەو راپەڕینانەی لە زۆر لە وڵاتـان روویان دا، یاخیبوونێك بووبن لەو ئاسـتەی ئاسـۆی خەونـەکان و ئەو تەنگ هەڵچنین بە بواری خواسـتەکان، هەروەها دەرهەق بەو خۆگونجانە باوەی چەمکە دەزگا و ئەو هەموارەی فەرهەنگی سیاسـی. جموجۆڵی راپەڕینەکان هەوڵێك بوون بۆ کردنەوەی ئـەو داخرانەی کە واقیعی لە نێو ئاسـۆیەکی داخراودا بەند کرد، لاوانێکیش سـەرکردایەتییان کرد کە لە قوڕێکی نوێن و سەردەمیش بەوان ئاشنایە، ئەوان لاوانی بێکاری خوێندەوارن. ئـەوان «لاوان»ی بێ پـڕۆژەن، بێ پەیوەسـتی: ئەوان نە گرێـدراوی باوەڕ و نە نەتـەوە، تەنانەت بە پارتەکانیشـەوە پەیوەسـت نین. ئەوەی ئەوانی یەکخستبوو، هەستکردنێکی بە تین بوو بە پەراوێزکردن، هەروەها ئەوەی بەپێی دروشـمەکەی جەزایر پێی دەڵێن: «قۆرخکاری».

لەم رەوشـەدا، زەحمەتە قسـە لەبارەی داکۆکیکردن لە ماف بکەین، یان ئەو بزاوتەی ئەوان بە هەر شەیداییەك بۆ لیبراڵیزم گـرێ بدەین، کە هەوڵ بۆ پاراسـتنی «مافی هاووڵاتی» دەدات. وەك ئەوەی ئەوان بزاوتی بێ ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆژی بن، هەروەها بێ سـەرکردەش. هەرگیز بەر گوێمان نەکەوتووە کە یەکێکیان بڵێ کە سەرکردایەتیی راپەڕینێکی کردووە. هەر ئەمەشە وایکرد کە «مەیدانەکان» لە یەك کاتدا، بۆ چەندین رۆژ، گرووپی هەمەچەشن، پارتەگەلی ناتەبا، تەنانەت ئایینی جۆربەجۆر بگرنەخۆ. لەبەر ئەوەی ئەو راپەڕینانە جیاوازی و پلەبەندیی باویان تێپەڕاند، ئیدی لە سەرووی پارت و قەوارە و لایەنخوازیدا بوون، خۆ رەنگە هەر لەبەر ئەوەش بوو کە نەکرایە نموونـەی جۆربەجۆر، وێنەی هیچ سەرکردەیەکیشـان بەرز نەکـردەوە. وەك راپەڕینی بێ (بەهای باڵا) بوو بن، تەنانەت ئەو هێماکارییەی پشـتیان پێ بەسـت ئەو هێماکارییە باوانە نەبوون، واتە ئەوانەی پێشتر هۆشیاریی نیشتمانی و نەتەوەیی چەسـپاندبوویان، کە هەمبەر بە دوایین رەقیب راگیران، ئەو رەقیبەش ماوەیەك پێی گوترا کۆلۆنیالیزم، پاشـان زایۆنیزم و ئیمپریالیزم ئنجا پاشکەوتن و نەریتخوازی..

ئـەم بزربوونەی هێمـاکاری و رووتاڵکارییـە، هەروەها ئەو وابەسـتەبوونە بە واقیعی کردەنییـەوە، رەنگە لە بنەڕەتدا لە خەسڵەتی «یەکێتی»یەکەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە پشت دیدارەکانی نێو مەیدانەکان و ئەو تەکنیکی سۆشیال میدیایەی بووبێـت، کە بۆ بەدیهێنانی بەکار هات. ئەویش وەك دەزانین، بریتی نەبوو لە بڵاوکراوەیەك کە دابەش بکرێت، یان گرێدانی کۆبوونەوە، شـانەی رێکخسـتنیش نەبوون، بەڵکوو دیداری سـەر تۆڕێك بوون کە تەکنیکی سۆشیال میدیا دەستەبەری کرد، هەروەها ماڵپەڕەکانی پێکەوەڕۆی کۆمەڵایەتی لە رێی نێتـەوە دابینیان کرد. کەواتە ئەمانە پێوەندییەکن لە قوڕێکی نوێ، ئەو، نە لایەنگرییەکی ئایدیۆلۆژی و نە هاوکارییەکی چینایەتییـە، بەڵکوو پێوەندییەکە ئیدی شۆڕشـی زانیاری بواری پێ دەدات، نە ملکەچی لۆژیکی فەزاگەلی باویشە و نە ملکەچی جەمسەرەکانی باوی بڕیاردانیشە. ئیدی بەرانبەر بە مۆرکی سـتوونییانەی پلەبەندی و پێوەندیی نەریتیانەش، ئێمە خۆمان بەرانبەر بە پێوەندیی ئاسـۆییانەدا بینی، کە بە زۆری سنووری جڤاك و نیشتمان تێپەڕ دەکەن.

هەڵبـەت پەرەسـەندنی رەوشـەکە روونی کـردەوە، کە ئەو راپەڕینانە زۆر سـەرکەوتوو نەبوون لە کردنەوەی ئاسۆکان و کردنەوەی داخرانەکان، خۆ رەنگە هۆی ئەوەش ئەمە بێت، کە ئەوان (راپەڕینەکان) تەنیا دژ بە دەسـەڵات، یان پارت، یان گرووپی دەسەڵاتدار بوون، ئەوان دژی پێوەندیگەلی جڤاکی و رایەڵی ئاکار و شێوازی هزری و بەهاگەلی کولتووری، بەرپا نەبوون، ئەمەش بڕسـتی ئەوەیان دەداتی کە دووبارە چاو بە چەمکەکانی مرۆڤ و کۆمەڵ و هزر و مێژوودا بخشێننەوە. کارەکە تەنیا پەیوەسـت نەبوو بە گۆڕینی رژێمەیل، بەڵکوو هەروەهـا، لە بنەڕەتدا بۆ گۆڕینـی زەین و بیرکردنەوە بەرپا بوون.

ئیـدی بۆیە، هەر زوو ئامانجی ئـەو راپەڕینانە، بە زۆری، رووبـەڕووی بەرهەڵسـتیی هێزەیلـی نەریتپارێـز و نەریت دەبوونـەوە، هەروەهـا هەژموونـی هزری متمانـەکار کە خەسـڵەتی میکانیزمی یەکانیگرانەی هەیـە، هەموو فرە رایـی و جیاوازییەك لە هەڵوێسـتدا رەت دەکاتەوە، ئەمەش وای لـێ دەکات هەموو شـتێك بئاخنێتە بازنەکەی خۆیەوە، ئیدی ناچاریشیان دەکات ملکەچی لۆژیکی ئەو بن، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو شـتە میکانیزمێکی ناچارانەش دەگرێتە خۆ، کە هێندەی نەبرد، بوو بە تۆتالیتاریایەکی هزری، پیادەبوونی خـۆی لە بزووتنەوەی تونـدڕەودا بەدی کـرد، هەموو ئەو شتانەشـی رەت کردەوە کە راپەڕینەکان لـە پێناویاندا بەرپا بوون، تەنانەت بەشـداریش بوون لە زیاد بوونی داخرانی ئاسۆ و «داڕووخانی واقیع».

---

*** بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ڕیبات**

**جموجۆڵی راپەڕینەکان هەوڵێک بوون بۆ کردنەوەی ئەو داخرانەی کە واقیعی لە نێو ئاسۆیەکی داخراودا بەند کرد، لاوانێکیش سەرکردایەتییان کرد کە لە قوڕێکی نوێن و سەردەمیش بەوان ئاشنایە، ئەوان لاوانی بێکاری خوێندەوارن**

**لە پاڵ ئەو وابەستەییە بە ئایندەوە، بە زۆری چەمکی قەیران بە شێوەیەکی بەشەکی لە واقیع دەڕوانێت، ئیدی وەک کەرت کەرت دادەندرێت، کە رەنگە زنجیرەیەک قەیرانی خۆمانە خۆمانەی بەسەردا بێت، کە دەخزێتە نێو بەشەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و تان و پۆیەکەی بنکەن دەکات**

یەکێك لە کێشە گەورەکانی ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا «گرفتی ئابووری»یە و تا ئێستا داهات بە ڕێژەیەکی نزیك لە گشتی لە ژێر کۆنترۆڵی پیاواندایە و ئافرەتان وەك پێویست نەبوونەتە خاوەن ئابوورییەکی سەربەخۆ. ئەگەر ئافرەت لە رووی ئابوورییەوە سەربەخۆ نەبێت، چۆن لە پاشکۆبوونی باوك و برا و هاوسەر رزگاری دەبێت؟ ئایا ئافرەتان باشتر ئابووریی خێزان هەڵناسوڕێنن؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە.

# ئافرەتان باشتر لە پیاوان.. ئابووری هەڵدەسوڕێنن





بەیان ئەحمەد :

**ئافرەت هەموو دارایی و داهاتی خۆی بۆ ماڵ و خێزان و منداڵی خۆی تەرخان دەكات، بەڵام پیاوان زۆر جار خەرجی لاوەكییان هەیە و بارگرانی بۆ ئابووریی خێزان دروست دەكەن**

نازدار عەلائەددین سەجادی:

**خەڵكانێك وادەزانن كە ئابووری واتا بازاڕی پارە و بۆرسە و كڕین و فرۆشتن، بەڵام ئابووری لەماڵەوە دەست پێدەكات**

د. عەبدولڕەزاق عوسمان:

**پێویستە سیاسەتی دووبارە ستراكچیزەكردن و پرۆگرامی خۆڕاهێنان و بە كەرتی تایبەتی كردن و ڕەخساندنی دەرفەتی وەبەرهێنان بۆ ئافرەتان بە هەند وەربگیردرێت**

«سەرەتای ژیانی هاوسەریمان هەموو مووچەكەی خۆیشم دەخستە بەردەست هاوسەرەكەم، وامدەزانی كە پارە لەو ناشارمەوە، كارێكی باش دەكەم، كەچی سەیرم كرد مانگانە لە بری مووچەكەی خۆی پارچە كاغەزێكی بۆ دەهێنام لە ڕاچێتەی دكتۆر دەچوو، دەیگوت گیانەكـــەم ئەمڕۆ مووچەكەم وەرگـــرت و٣٥٠ دۆلاریش قەرزدار بووین دامەوە، یان دەیگوت: ١٠٠ هەزاریشم بە خێری گۆڕی بابت دا بە فەقیرێك، یان دەیگوت: چایچییەكەمان كچەكەی نەخۆشە بۆ ئـــەوەی بیباتە توركیا ١١ كەس لە كارمەنـــدەكان بڕیارماندا مەشـــرووعێك بكەین و یەكەم كەس ئەو چایچییە وەری بگرێت، ئێســـتا و ئەوســـاش چەند ئێوە پارەی ئەو مەشـــرووعەتان بینی منیش هەر ئەوەندە، جگە لەوەی هەموو ڕۆژ لە ماڵەوە دەعوەت و دەعوەتكاری بوو، خواردنەوەی مەشرووب بوو بە ماسی و سەروپێ و تكـــە و كەباب، هەمووجار كە خواردنـــی نیوەڕۆی دەعوەتەكان دەمایەوە، دەیگوت گوڵە گیان خواردن ماوە، با خەسار نەبێ، دەچم ماڵی فلان كەس دەهێنم، منیش قســـەم لە قســـەی ئەو نەدەكرد، جگە لەوەی هەفتەی دوو شەو لەگەڵ برادەرەكانی دەچووە نادی، بـــەڵام خوا ڕەحمـــی كرد زوو بە ئاگا هاتمـــەوە و لای خانمێكی دنیادیتە باسی حاڵی خۆمم كرد كە ئامۆزای هاوسەرەكەمە، ئەو باشترین ئامۆژگاری كردم و گوتی: باشترین ژن ئەو ژنەیە دزی ماڵـــی خۆی بێت و بزانێ و بتوانـــێ بۆ منداڵەكانی چوار دینار پاشەكەوت بكات و ئایندەیان مســـۆگەر بكات، زۆری پێچوو تا توانیم هاوسەرەكەم ڕازی بكەم كە مووچەكەی خۆیشی بدات بە من و من مەسرەفی ماڵ بكەم، بێ ئەوەی قەرزدار ببینەوە، ئیدی لەو ڕۆژەوە بە دەســـت قەرزداری و میوان و میوانداری و چێشتلێنان و قاپ شووشتنەوە ڕزگارم بوو، جگە لەوە پاشكەوتێكی باشم دەكرد، ئێســـتا خاوەنی خانوو و ئۆتۆمبێلی خۆمانین و منداڵەكانیشم لە قوتابخانەیەكی نموونەیی دەخوێنن». ئەوە قســـەی بەیان ئەحمەد بـــوو. ئەو ئافرەتێكی فەرمانبـــەرە و دایكی دوو منداڵە و جەخت لەوە دەكاتەوە كە «ئافرەت هەموو دارایی و داهاتی خۆی بۆ ماڵ و خێـــزان و منداڵی خۆی تەرخـــان دەكات، بەڵام پیاوان زۆر جار خەرجی لاوەكییان هەیە و بارگرانی بۆ ئابووریی خێزان دروســـت دەكەن».

ڕێزان قادر كوێخـــا، چالاكی بواری مافەكانی ئافرەتە و هاوكات فەرمانبـــەرە لە بەڕێوەبەرایەتی هۆشـــیاری مین. ئەو یەكێكە لەو هەزاران كەســـەی كە ڕایانوایە ئافرەت باشـــتر لـــە پیاو ئابووری خێزان هەڵدەســـووڕێنێت. هەر لەوبارەیەوە دەڵێت: «ئافرەت باشترین لێكدانـــەوەی هەیە لە بەڕێوەبردنـــی ئابووری، جا چ لەماڵ و چ لە هەر دامودەزگایەكدا بێت، دەتوانێت بەشـــێوازێك بیربكاتەوە كە خزمەتگوزاری و ئیشـــكردن و دابینكردنی پێداویســـتی و گەشە بەخـــۆدان و هەروەها خزمەتكردنی منداڵ لـــە ڕووی ئابوورییەوە ڕێكبخات و بەرنامەی بۆ دابنێت، بەشـــێوازێك بێت كە ڕۆژێ لە ڕۆژان پێویســـتیان بە هیچ كەسێك نەبێت لەكاتی هەر كێشەیەكدا، ئەگەر بڕوانینە ئەم دۆخەی ئێستای كوردستان، دەبینین زۆربەی ئافرەتـــان خاوەنی ئابووری ســـەربەخۆی خۆیانن. ئەگەر ئافرەت خاوەنی ئابـــووری خۆی بێت، لە لای خێزانەكـــەی زیاتر ڕێزی لێدەگیرێـــت و كەمتریش ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە، لەگەڵ هەمـــوو ئەوانەشـــدا بیركردنـــەوەی ئافرەت لە بـــواری ئابووری بیركردنەوەیەكـــی فراوانـــە و دەزانـــێ چۆن بیر لـــەو ئابوورییە بكاتەوە بەشـــێوەیەك كە بۆ ڕێكخستنی ماڵ و خەرجی منداڵ و پێداویستییەكانی تری ژیان بەكای بهێنێت، بە كورتی بە ڕای من ژن لە بەڕێوەبردنی ئابووری لەپیاو سەركەوتووترە و باشتر كارەكانی لەبواری ئابووری ڕێكدەخات، ئیتر لەهەر شـــوێنێك بێت، چونكە ئافرەت دوور تەماشا دەكات.

مامۆستای زانكۆ و ئابووریناس د. عەبدولڕەزاق عوسمان، ڕایوایە ئافرەت لە كۆمەڵگەی كوردیدا ڕۆڵێكی سەرەكی بینیوە و دەڵێت: «ئافرەتی كورد پاشـــای كوردان، پێشـــمەرگە، شاعیر، نووسەر، ڕوناكبیـــر، خاوەن كار و بـــازرگان و .. هتد بـــووە، بەڵام هێزی ئافرەت بە بینینی ئەم ڕۆڵە دەوەســـتێتە ســـەر ڕوانینی كۆمەڵگە لێـــی و ئیعتیراف بە بەهـــای بەرزی ئافـــرەت و ڕۆڵبینینی لە كۆمەڵگەدا و بەهرەمەند بوون لە مافە ڕەواكانی». باسی ئەوەشی كـــرد كە (جێگری ســـەرۆكی بانكی نێودەوڵەتـــی بۆ كاروباری كەمكردنـــەوەی ژمارەی هـــەژاری و بەڕێوەبردنی ئابووری دانی م. لیبزیغر)، لە شـــوباتی ســـاڵی ٢٠٠٧ جەختی لەوە كردووەتەوە كە «توانســـتی ئافرەت لە هۆكارەكانی بەهێزی ئابوورییە بابەتێك نییـــە تەنها پەیوەندی بە خودی ئافرەتەوە هەبێت، دوور لە هەموو مرۆڤایەتی، بەڵكو ئەم توانستە بابەتێكی گەشەپێدانە. بە شێوەیەك كورتهێنـــان لە وەبەرهێنان لە بوارەكانی ئابووری بۆ ئافرەتان دەبێتە هۆی نەجووڵانی گەشـــەی ئابووری و بەرتەسكبوون و بەرەوپێش نەچوونی كەمكردنەوەی ژمارەی هەژاری».

ئەو ئابووریناســـە هێما بۆ ئەوە دەكات كە «ســـەركەوتنی وڵاتان پەیوەستە بە سەركەوتوویی بیرۆكەی ئافرەتان لە بواری ئابووریدا، بـــۆ نمونە لە بەنگلادیش، ئافرەتان ٦٥٪ی هێزی كارن لە كەرتی پیشەسازی جلوبەرگ، كە هەناردەیان لەم پیشەسازییە ٧٤٪ كۆی گشتی قازانجی ساڵانەیە. ئەوەش بۆمان بەدەر دەخات كەوا هزری بەڕێوەبردنـــی ئابووری لە ئافرەتدا بەهێزە و دەبێ ســـوودیان لێوەر بگیرێت.

د. عەبدولڕەزاق عوسمان جەخت لەوە دەكاتەوە كە ئافرەت بنچینەی هەمـــوو گۆڕانكارییەكە لە كۆمەڵگەدا، بۆیە دەبێ هەوڵی تەواو بدرێت بۆ نەمانی نەخوێندەواری و دواتر ڕابهێندرێت بۆ كاركردن و بە شێوەیەكی بەردەوام هەوڵی شارەزایی كاركردنی (لە ڕوانگەی پیشـــەیی و تەكنۆلۆژی و زانســـتی) بۆ بدرێـــت، تاكو دەگاتە ئاستی زۆر باڵا بۆ تێركردنی پێداویستییەكانی بازاڕی كاركردن. گەشەپێدان بە پشت بەستن بە پلاندانانی زانستی و كەمكردنەوەی بەربەســـتەكانی بەردەم كاركردنی ئافرەتان لە داڕمانی ئابووری (الركود الاقتصادی) دەمانپارێزێت، بۆیە پێویســـتە سیاســـەتی دووبارە ســـتراكچیزەكردن و پرۆگرامـــی خۆڕاهێنان و بە كەرتی تایبەتی كردن و ڕەخســـاندنی دەرفەتی وەبەرهێنان بۆ ئافرەتان بە هەند وەربگیرێت، بەمەش ئافرەتیش بەشدار دەبێت لە گەشەپێدان كە مانای وەبەرهێنانی باشـــترین هەبووەكانـــی مرۆیی وڵاتە و بەگەڕخستنیان بۆ باشـــتركردنی ئاستی ماددی و كۆمەڵایەتی و ڕۆشـــنبیری لە ڕێگەی گەشـــەپێدانیان لە ڕێگەی ئابووری و ئیداری بۆ زیادكردنی داهاتی هاونیشـــتمانییان و بەدەستهێنانی خۆشـــگوزەرانی و ژیـــان و ڕۆشـــنبیری بۆیـــان. گوتیشـــی: «دامەزراوەكانی نێودەوڵەتی، گشتی و تایبەت، بۆ نموونە بانكی نێودەوڵەتـــی داوا لە وڵاتان دەكەن خۆیان لە بۆشـــایی ڕەگەزی لە بەشـــداریی ئابوورییان نزیك بكەنەوە. ئەمەش سێ مەبەستی ســـەرەكی و پاڵنەر لە خۆی دەگرێت، یەكەم: مەرجەكانی كاری نادۆســـتانە و ناخۆشەویستانە بۆ ئافرەت لە پەرەپێدانی نەتەوەكان

بووەتە هۆی دابەزینی بەردەوامی بەرهەمداریەتی، ئەوەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ژێر ئاستی پێویستی گەشەپێدان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری. دووەم: کۆمەڵە داتاکان لە ئاستی وڵاتدا نموونەی زۆر بەهێزی پەیوەندی نابەرامبەریی رەگەزی لە هەژاری، نەخۆشی، دوژمنکارانە لە ژێر ناونیشانی پەیوەندی دیاری نێوان خۆشگوزەرانی نەتەوەیی و یەکسانی رەگەزی نیشان دەدەن. سێهەم: لە دوای ٢٠٠٨، حکومەت دەبێ وەڵامدەرەوەی بەرپرسایەتی هەڵگرتن و شەفافیەت بێت و بەرەوپێشیان ببات و مەترسییەکان کەم بکاتەوە».

لێکۆڵینەوەکان نیشانی دەدەن کە هەموو ئەوانەی لە سەرەوە باسی لێوەکرا، لە رێگەی دانانی ئافرەتان و بەشداری پێکردنیان لە کۆمپانیا و کارە گەورەکان بەدەست دێن. هەروەها لە زۆرێك لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات، ئافرەت تا ئاستێکی زۆر خوێندەوارترە لە پیاوان و بە تواناترە لە پێشکەشکردنی کارە پیشەییەکان و شارەزاییەکان، لە هەمان کات گەیشتن بە پلەکانی رابەرایەتیکردن بە شێوەیەکی بەرچاو کەمە و نەتوانراوە ئافرەتانی خاوەن منداڵ، یان تەنانەت کچە گەنجەکان لەخۆ بگرن لە بڕیاردانی هەموو بابەتەکان و خۆیان بڕیاردەری سەرەکی بن لە ژیانی رۆژانە، یان پیشەیی و شارەزاییان. ئەمەش واتە، ئەم وڵاتانە لە کەمیی بەشدارپێکردنی ئافرەت لە هێزی کار و کەمبوونەوەی بەرهەمداریەتی دەناڵێنن. کە ئەمەش بە رۆڵی خۆیەوە دەبێتە هۆی کەمبوونەوە و دابەزینی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی (GDP) و پرۆگرامی کۆمەڵایەتی بەرەو نادیار رێ دەنێت. بۆ ئەوەی ئافرەت رۆڵی خۆی ببینێت لە پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووری-کۆمەڵایەتی و بەشداری پێ بکرێت لە قۆناغەکانی دابەشین و بە بازاڕکردن، دەبێ ئافرەت بۆ رۆڵە جیاوازەکانی خانەوادەیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سیاسی ئامادە بکرێت، بە جەخت کردنەوە لەوەی کە ئافرەت چالاکی ئابوورییانە ئەنجام دەدات و جێگەی گرینگیدانی حکومەت و رێکخراوە ناحکومییەکان (ناوخۆیی و دەرەکی)ە.

ئابووریناس نازدار عەلائەدین سەجادی لە فەرمانگەی میدیا و زانیاری، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت:

«بەوپێیەی ئافرەت ماڵ بەڕێوە دەبات، بیرۆکەی ئافرەت لە بواری ئابووریدا لە هی پیاو زۆر وردترە، خەڵکانێك وادەزانن کە ئابووری واتا بازاڕی پارە و بۆرسە و کڕین و فرۆشتن، بەڵام ئابووری لەماڵەوە دەست پێدەکات، کارەکانی کەیبانووی ماڵ بە چێشت لێنانی و بەخەرجی ماڵەوە بەشێکە لە پرۆسەی ئابووری، هاتنە ناوەوەی ئافرەت بۆ ناوەندەکانی کار و بە گەڕخستنی ئابووری، ناکرێ لەگەڵ کارەکانی پیاو بەراورد بکرێ، چونکە هەردوولا یەکسانن لە کارکردن و راپەڕاندنی ئەرکەکانیان جیاوازیان نییە، بەڵکو ئەرکی سەرشانی ئافرەت قورسترە و ئافرەت لە یەك کاتدا دوو ئەرکی لە ئەستۆدایە، وێڕای ئەوەی ئافرەت لە ماڵەوە لە یەك کاتدا دایکە، هاوسەرە و پەروەردەکاری خێزانێکە، لە هەمان کاتیشدا لە دەرەوەی ماڵ شانبەشانی پیاو کاردەکات، ئەو ئەرکە زۆرەی سەرشانی (حوسن تەسەروف) بە ئافرەت دەبەخشێت و وادەکات وردتر بێت لە شێوازی ئیشکردنەکەی، پێچەوانەی پیاوان تەنیا لە دەرەوە کار دەکەن و کاتێك دەگەڕێنەوە ماڵ نان ئامادەیە و ناوماڵ پاککراوەیە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئافرەت بیرۆکەی بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی بەهێزە، دەبینین زۆر ئافرەتمان هەیە پیاوی نییە، یان بێوەژنە، یان کچە و هاوسەرگیری نەکردووە و دەشتوانێ کارەکەی ببات بەڕێوە و سەرپەرشتی خێزانێکیش بکات، کەچی بە دەگمەن پیاو هەیە بتوانێ بەبێ ئافرەت بژی، بەڵام ئافرەت بەبێ پیاویش دەتوانێ ماڵ و منداڵی خۆی بەڕێوەببات، چونکە تەدبیرەکەی دەزانێ، لێرەوە بەو راستییە دەگەین کە مەسەلەی ئابووری بەشێکی بچووکە لە ژیانی ئافرەت، ئابووری بۆ ئافرەت ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجێك، واتا ئافرەت ئابووری بەکار دێنێت بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجەکانی خۆی».



# ئەقڵانییەت، ئازادی، دیموکراسی لە ئیسلامدا

## ریفۆرمی ئایینی لە میتۆدی (عەبدولکەریم سروش)دا



**ئەوانەی وەک پرۆفیسۆر عەبدولکەریم سـروش بیر لە ریفـۆرم و ژیانەوەی ئایینی ئیسـلام لە جیهانی ئیسـلامی و عەرەبـی دەکەنەوە، ژمارەیان کەمن و دەکرێت بڵێیـن بزاڤێکی نەبینراون، بەڵام دوای دەرکەوتنی داعش و بوونی بزاڤێکی دیکەی نەبینراو کە وەحشـی داعشـی دروسـتکردووە، ئەوا دەبێت جیهانی ئیسلامی و عەرەبی هەوڵبدات خوێندنەوەیەکی ئەقڵانـی بۆ قورئان بـکات و ئایین لە گەندەڵیی سیاسـی پاک بکاتەوە، پرۆفیسـۆر سروش لە سـاڵی ٢٠٠٥ کتێبێکی بە ناونیشـانی «ئەقڵانییەت، ئازادی، دیموکراسی لە ئیسلامدا» بڵاو کردۆتەوە، بەڵام دوای دەرکەوتنی داعش و لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٤ موحازەرەیەکی هەر بەم ناونیشـانە بـۆ قوتابییانی زانکۆی چێلسـی لە بەریتانیا پێشکەشکردووە، ئەم بابەتە لەبـەر رۆشـنایی ئـەو موحازەرەیە ئامادەکراوە.**

«ئیسـلام، ئەقڵانییـەت، ئازادی، دیموکراسـی، کە ئەمساڵ کراوەتە ناونیشانی ئەم موحازەرەیەم لە زانکۆی چێڵسـی، ناونیشـانی کتێبەکەمە کە لە ساڵی ٢٠٠٥ زانکۆی ئۆکسـفۆرد چاپی کـردووە. بۆیە پێتان دەڵێم: ئەم ناونیشانە هی من نییە و لەسەر پێشنیاری زانکۆی ئۆکسفۆرد ئەو ناونیشانە دانراوە، من وەك خۆم حەزم دەکرد ناونیشانێکی دیکەی هەبێت، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێك کـە پەیوەندی بە بازاڕی کتێبەکـەوە هەبوو، بۆ ئەوەی ناونیشانەکەی سەرنجڕاکێش بێت و باش بفرۆشرێت، بەو ناونیشانە بڵاو کرایەوە، بێگومان ئەوەش راستی بوو، لە بـەر ئەوەی بۆ ماوەیەك کتێبەکە کڕیاری زۆر زۆر بوو، چەند جارێکیش چاپیان کردەوە. ئەمە نیشـانەی ئەوەیە سیاسـەتی بازار هاتۆتە ناو زانستیشـەوە و تێکەڵاوی زانستیش بووە، ئەمجارەش کە رێکخەرانی ئەم موحازەرەیە ئەم ناونیشـانەیان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی قسەی لەسەر بکەم، دیسان دەزانم ئەم ناونیشانە (ئەقڵانییەت، ئازادی، دیموکراسـی) سـێ چەمکی زۆر گەورەن بۆ ئەوەی بتوانین لە موحازەرەیەکدا دەرەقەتی بێین، تەنانەت هەتا پێشـەکییەکی تەواویش لەسەر هەرسێ چەمکەکە باس بکەین، بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەم ناونیشـانە بۆ ئێستا لەکاتی خۆیەتی و بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئاراستەیەك ئاڵۆز بووە کە دەتوانم بڵێم من ئێستا تەمەنم ٧٠ سـاڵە و لە ماوەی تەمەنی خۆمدا بارودۆخی لەو شێوەیەم نەبینووە.»

## ● خوێندنەوەیەك بۆ ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بارودۆخێکدایە چارەسەرەکەی لە دەستی سیستمی جیهانی دەرچووە، پاشاگەردانییەکە لە ئاسـتیدا هیچ دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی کارناکات، بڕیارەکانی رێکخـراوی گشـتی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایشـی نێودەوڵەتـی بۆ ئەم ناوچە گرنگـەی جیهـان تەنهـا مەرەکەبی سـەر کاغەزە، بیرمەندانی سیاسی و پسـپۆڕانی مێژووی سیاسەت، گەیشـتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە سیسـتمی جیهانی پۆست شـەڕی سـارد کۆتایی هاتووە و دەبێت جیهان خـۆی رێکبخاتەوە بـۆ ئەوەی سیسـتمێکی جیهانی جیاواز بۆ ئەم پاشاگەردانییە دابمەزرێنێت، سیستمێکی جیهانی ئەوتۆ کە بتوانێت مامەڵە لەگەڵ تیرۆریستانی داعـش و قاعیـدە و بۆکۆ حەرام و شـەباب و هەموو ناوە جیاوازەکانـی دیکەی تیرۆریسـتان بکات. بەڵام دامەزراندنی سیسـتمێکی جیهانی بەو شێوەیە بتوانێت رووبەڕووی ئەم هەمـوو تەحەددییانە ببێتەوە، کارێکی ئاسـان نییە، لەبەر ئـەوەی سیسـتمە کۆنەکە بوونی نەمـاوە و تازەکەش بە ئاسـانی لەدایك نابێت، هەروەها

دامەزراندنی ئەم سیستەمە جیهانییە بە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایش و کۆنفرانسی دەوڵەتانی ئەندامانی ناتۆ و کۆبوونەوەی سەرانی دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستان بەگشتی و دژی تیرۆریستانی داعش بەتایبەتی لە دایك نابێت، هۆکاری سەرەکیی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مەترسیی تیرۆریستان و پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا پێناسەی دەوڵەتی هاوچەرخی گۆڕیوە، لەمەش خراپتر پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا بۆتە باشترین هۆکار بۆ بەهێزبوونی تیرۆریستان و لە هەمانکاتدا بۆتە گەورەترین مەترسی لەسەر پووکانەوەی بنەماکانی لیبراڵ دیموکراتی رۆژئاوا و هەڵتەکاندنی بنەماکانی لیبراڵیزم کە پایەکانی سیستەمی لیبراڵ دیموکراتی رۆژئاوای لەسەر راوەستاوە.

ئەم وەرچەرخانە گەورەیەی پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژی و مەترسیی تیرۆریستان لەسەر جیهان دروستیان کردووە، پێناسەی دەوڵەتی گۆڕیوە، هەروەها حوکمڕانیی گلۆباڵیشی دووچاری پاشاگەردانی و بێ سیستەمی کردووە، راشکاوانەتر لە بری ئەوەی پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا ئاراستە جیهانییەکان لە (گلۆباڵیزەیشن)ـەوە بەرەو حوکمڕانییەکی جیهانی بەرێت و جیهان وەك گوندێکی بچووك کۆبکاتەوە، لە ناو ئەم گوندە بچووکەدا، کۆمەڵێك گەڕەکی دروستکردووە کەس ناتوانێت کوێخای ئەو گوندە بێت، لەمەش ترسناکتر ئەوەیە چیدیکە دەوڵەت بە شێوازی هەرەمی لە سەرەوە بۆ خوارەوە حوکمڕانی ناکرێت و پێویستە شێوازەکەی بگۆڕێت بۆ ئاسۆیی و لە ناوچەیەکی فرەیی وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پێویستە بە شێوەیەکی ئاسۆیی، پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکان، لە چوارچێوەی گرێبەستێك بۆ حوکمڕانی لە دەوڵەتێکی جیاوازدا رێکبخرێنەوە، سەبارەت بەم دەوڵەتە تازەیە، تۆماس فریدمان رۆژنامەنووسی گەورەی ئەمریکی سێ سیفەتی بۆ ئەم دەوڵەتە تازەیە دیاری کردووە کە بریتین لە:

١. سەرۆکی ئەم دەوڵەتە پێویستە ماندێلا بێت، ئەمەش واتە پێویستە بڕوای بە پێکەوەژیان و لێبووردەیی هەبێت. هەروەها بڕوای بە پرۆسەی ئیعترافکردن بە تاوان و پێکهاتنەوە هەبێت.

٢. پێویستە سوپایەکی هەبێت بتوانێت لەسەر زەوی شەڕی تیرۆریستان بکات.

٣. بۆ ئەوەی ئەم دەوڵەتە بە سەلامەتی لەدایك بێت، پێویستە مامانێکی باشی هەبێت.

فریدمان پێیوایە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێجگە لە هەرێمی کوردستان، هیچ شوێنێکی دیکە ماندێلای نییە، هەروەها پێشمەرگەش سەلماندنی بێجگە لە کوردستان هیچ وڵاتێك ئەو سوپایەی لەسەر زەوی نییە تیرۆریستانی داعش تیکبشکێنێت، بەڵام لە هەمانکاتیشدا ماندێلاکەی کوردستان و هێزی پێشمەرگە ناتوانن نموونەی ئەو دەوڵەتە تازەیە بۆ جیهان رابگەیەنن، ئەگەر هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ شەڕی دژە داعش مامانێکی باش نەبن و هاوکار نەبن بۆ ئەوەی ئەم دەوڵەتە بەسەلامەتی لەدایك بێت و لە ژینگەیەکی ئاڵۆزی وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا توانای مانەوەی هەبێت.

کەواتە خاڵی گرنگ بۆ ئێمەی کوردستانی، بۆ سەرۆکەکەمان، بۆ سوپاکەمان کە هێزی پێشمەرگەیە، پتەوکردنی ئەو دوو خاڵە گرنگەیە کە دەبنە بنەمای ئەو دەوڵەتەی کە سیستەمی جیهانی راستدەکاتەوە و دەبێتە پێگەیەکی جیهانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆریستان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەهێزکردنی ئەو دوو خاڵە گرنگەی کە خۆمان وەك گەلی کوردستان دروستمان کردووە و جیهان ئێستا بە ئیعجابەوە سەیری دەکات، زەمینەیەکی ئەوتۆی دروستکردووە ئەگەر بە ناچاریش بێت، ئەمجارەیان هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ببنە مامانێکی باش بۆ ئەوەی دەوڵەتی کوردستان لە دایك بێت، سەبارەت بەم ئاڵۆزییەی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پرۆفیسۆر عەبدولکەریم سروش لە موحازەرەکەی زانکۆی چێلسی لە بەریتانیا دەڵێت:

«لە دوای ساڵی ١٩١٧ کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەبەر یەك هەڵوەشاوە و کۆمەڵێك دەوڵەت و سنووری تازە دەستکردی دروستکرد، ئەمە یەکەمین جارە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رووبەڕووی تەنگەژەیەکی قووڵی لەو جۆرە دەبێتەوە، تۆوی ئەم تەنگەژەیە لەو دەوڵەت و سنوورە دەستکردانەوە دەست پێدەکات و ئەو تۆوە لەو کاتەوە چێنراوە و ئێستا بۆتە دارێکی گەورە. لە ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا عێراق بۆتە سێ دەوڵەتی جیاواز کە هەرگیز دەوڵەتی لەم شێوەیەی ئێستای عێراقم نەبینیوە، ئەوانە بەشێکی فراوانی (عێراق و سووریا)یان کۆنترۆڵ کردووە و ناویان لە خۆیان ناوە (داعش، یان خەلافەتی ئیسلامی)، ئەگەر سەربکەون، یان شەڕەکە بەرنەوە، ئەوا لە ئایندەدا رۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی جیاواز دەبینین، بۆ ماوەیەکی درێژ ناوچەیەکی پڕکارەسات و تراژیدی دەبێت، بۆیە زۆر بەداخەوە دەڵێم: سەرەتای سەدەی بیست ویەکەم زۆر کارەساتاوی و خوێناوی بووە، بۆیە من لە خودا دەپاڕێمەوە ئەو تراژیدیایە روو نەدات، لەبەر ئەوەی ئەمە تەنها بۆ عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کارەسات نابێت، بەڵکو بۆ هەمووو جیهان دەبێتە کارەسات».

**ئەم حاڵەتەی ئێستا ئیسلامی پێدا تێدەپەڕێت، پێشتر بەسەر ئایینی کریستیانیش هاتووە، هەتا مارتن لۆسەر لە ساڵی ١٥١٧ دووبارە (کریستیان)یەتی تەفسیر کردەوە و (پرۆتستانت)ی لە ناو هەمان ئایینی کریستیاندا رزگار کرد**

**بۆ جیهانی ئیسلامیی ئێمەش کارێکی زۆر قورس نییە دووبارە قورئان تەفسیر بکرێتەوە و کردنەوەیەکی تازە دروست بکەین کە زیاتر لە بەرژەوەندی خەڵك بێت و خەڵکیش بە گرنگی بزانێت**

**مەبەست لە ریفۆرم، یان خوێندنەوەی زانستییانە بۆ دەقەکانی قورئان، ئەوەیە کە ئیسلام لەو گەندەڵییە سیاسییە پاك بکرێتەوە کە موسڵمان بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان و شەڕی دەسەڵات تەفسیری دەقەکانی قورئان دەکەن**

**بۆ ئێستا گرنگە ئەو هێزە نەبینراوە لە ناو وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، یان ئەو رۆشنبیرانەی ئیسلام لە وڵاتانی رۆژئاوا بێدەنگی بشکێنن و بزاڤێکی گەورە بۆ دووبارە ژیاندنەوەی ئیسلام و دووبارە تەفسیرکردنەوەی قورئان دەست پێبکەن و لەو گەندەڵییە سیاسییە پاکی بکەنەوە**

**پێویستە ریفۆرمی ئایینی لە ناو ئایین بکرێت و زانستە ئایینەکان زیندوو بکرێنەوە و دووبارە تەفسیر بکرێنەوە، چونکە هیچ دەقێک یەک تەفسیری نییە، بەتایبەتیش دەقی قورئان کە فەرموودەی پەروەردگارە و بۆ سەردەم و رۆژگارە جیاوازەکان ناردوویەتی بۆ مرۆڤ، گرنگە مرۆڤەکانی هەر سەردەمێک بە تەفسیری ئەو سەردەمە پێڕەوی بکەن**

**● تاوانەکانی داعش و دامەزاندنی خەلافەتی ئیسلامی**

پرۆفیسۆر سروش لە موحازەرەکەیدا دەپرسێت: دەبێت ناونیشانی ئەم باسە چ پەیوەندییەکی بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەبێت؟ هەر خۆی وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە و دەڵێت: «لەبەر ئەوەی توندڕۆیی ئیسلامیی سیاسی تێکەڵاوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە، داعش دروستبووە و خەلافەتی ئیسلامی راگەیاندووە و، دەیەوێت لانیکەم حوکمرانیی هەموو وڵاتانی عەرەبی بکات و، داوا دەکات ئیسلامی ئسوولی و ئۆرێجینالی سەدەی حەوتەم زۆر بەتوندی پیادە بکەن، داعشییەکان سۆفیستەکانی سەدەکانی یانزە و دوانزە نین وەک ئیمامی غەزالی ئیسلام دووبارە زیندوو بکەنەوە، یان زانستی ئایینی زیندوو بکەنەوە (احیاء علوم الدین) و ئیسلام بەرەو پێشەوە بەرن و لە گەندەڵیی سیاسی ئیسلام پاک بکەنەوە، بەپێچەوانەوە داعشییەکان دەیانەوێت بە پشتبەستن بە شێوازێکی تایبەتیی خۆیان تەفسیری ئیسلام بکەن، ئەمە خواستی ئەوانە و ئەوەش بەرنامەکەیانە کە دەیبینین، خەڵک سەردەبڕن، دەست دەبڕن، کۆمەڵکوژی و شتی دیکەشە، هەموو ئەمانەشیان گرێداوەتەوە بە شەریعەتی ئیسلامەوە، بۆیە ئیسلامیان لەبەر چاوی جیهان گۆڕیوە، بۆ ئەوەی شرۆڤەیەکی قووڵی ئەم بابەتە بکەین، دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە داعشییەکان ئەم کارانە وەک کاری پروپاگەندەیی دەکەن و دەیانەوێت پێشانی رۆژئاوای بدەن، میدیاکانی رۆژئاواش زۆر بە خراپی ئەم ئامانجانەی داعش جێبەجێ دەکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە خەڵکی ئاسایی لە رۆژئاوا زانیاری تەواوی لەسەر ئیسلام نییە، بۆیە میدیا زانیاریی هەڵەیان پێدەدات، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر میدیا بەمجۆرە رای گشتی لە رۆژئاوا دروست بکات، ئەوا جیهان ئاییندەیەکی تاریکی دەبێت».

سروش یەکێکە لەو بیرمەندانەی کە زۆر پێش دەرکەوتنی داعش، هەستی بە مەترسیی سەرهەڵدانی هێزێکی تیرۆریستی هاوشێوەی داعش کردووە، لە موحازەرەیەکی دیکەیدا کە ساڵی ٢٠١٠ لە زانکۆی جۆرج تاون پێشکەشی کردووە و سەبارەت بە سیاسەت و ئیسلام راشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە، سیاسەت بریتییە لە هەوڵدان بۆ سەپاندنی مۆدێلێك لە ژیان لە ناو دەوڵەتێکدا، هەروەك چۆن سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکی بۆ دیاریکردنی شێوازێکە لە ژیان، لە هەمانکاتدا سیاسەتی حکومەتی ئێرانی هەوڵدانە بۆ دیاریکردنی جۆرێکی دیکە لە ژیان، لە ئیسلامیشدا سیاسەتکردن بۆ دیاریکردنی جۆرێکە لە ژیان، لەسەر ئەم بنەمایە قۆناخەکانی سیاسەتکردنی لە ئیسلامدا بەمجۆرە پۆلێن کردووە:

**١. قۆناخی سەرهەڵدانی ئیسلام و پاراستنی ناسنامەی ئیسلام وەك ئومەی ئیسلامی.**

لەو قۆناخەدا کە سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلام بووە، پێغەمبەر(د.خ) هەوڵیداوە لەناو ئەو ئیمپراتۆرییانەی لەو سەردەمە هەبوون، سنووربەندییەك (demarcation) بۆ ناسنامەی ئومەی ئیسلامی دروست بکات، تەنانەت لەم پرسەدا پەروەردگاریش هاوکاری پێغەمبەر(د.خ)ی کردووە و قیبلەی موسڵمانانی لە (قودس)ەوە بۆ مەککە گۆڕی. بۆیە ئەو ئیسلامەی لە سەدەی حەوتەم پیادەکراوە، بۆ دروستکردنی ناسنامەی ئیسلامی، لەم سەردەمەدا ناسنامەی ئومەی ئیسلامی دروست بوو، بۆیە قۆناخێکی دیکە دەست پێدەکات.

**٢. قۆناخی سەردەمی خەلیفەکانی راشدین هەتا سەدەی چوارەمی کۆچی واتە سەدەی ١١ و ١٢ی زایینی.**

لەم قۆناخەدا ئیسلام لە نیمچە دورگەی عەرەبەوە پەلی هاویشت بۆ میسر و ئێران و زۆر ناوچەی دیکە، ئەمەش واتە ئیدی ئەو ئیسلامە ساوایەی سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) نەما و ئیدی ئیسلام بووە دەوڵەتێکی گەورە، ئەم دەوڵەتە گەورەیەش پێویستی بەوە بوو یاسا و نیزامی هەبێت بۆ ئەوەی بمێنێتەوە و ژیانی خەڵك رێکبخات، بۆیە سیاسەتکردن لە ئیسلامدا بووە دامەزراندنی سیستەم و نیزام، ئەمە جیاوازە لە پیادەکردنی ئیسلام لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلامدا، لەبەر ئەوەی بارودۆخەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

**٣. قۆناخی دروستکردنی شارستانیەتی ئیسلامی**

لەم قۆناخەدا نە ناسنامەی ئیسلام هەڕەشەی لەسەر بووە، نە ئەو قەوارەیەشی دروست ببوو، هەڕەشەی لەسەر بوو، بۆیە قۆناخی فیکری ئیسلامی و فەیلەسووفی ئیسلامی هاتە ئاراوە. ئیمامی غەزالی وەك فەیلەسووفێکی سوننە لەو سەردەمە هەستا بە دووبارە زیندووکردنەوەی زانستی ئایینی ( احیاء علوم الدین)، پرۆفیسۆر سروش رایوایە: ئەگەر پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) کۆتایی پێغەمبەران نەبوایە، ئیمامی غەزالی پێغەمبەرێکی دیکە دەبوو، لەبەر ئەوەی سەرلەنوێ بەپێی ئەو رۆژگارە زانستی ئایینی زیندوو کردەوە، لەدوای ئیمام غەزالی بە ٥٠٠ ساڵ سەدرەدین شیرازی لەناو مەزهەبی شیعە ئەویش بە هاوشێوەی ئیمامی غەزالی، زانستی ئایینی زیندوو کردۆتەوە، سروش باس لەوە دەکات ئەگەر کتێبەکانی غەزالی و شیرازی بخوێنینەوە



و بەراوردیان بکەین، هەست دەکەین ٧٥٪ی هەردووکیان وەك یەکە، تەنها لە ٢٥٪یان جیاوازییان هەیە کە ئەویش پەیوەندی بە شیعە و سوننەوە هەیە، ئەمە مانای ئەوەیە پێویستە ریفۆرمی ئایینی لە ناو ئایین بکرێت و زانستە ئایینەکان زیندوو بکرێنەوە و دووبارە تەفسیر بکرێنەوە، چونکە هیچ دەقێك یەك تەفسیری نییە، بەتایبەتیش دەقی قورئان کە فەرموودەی پەروەردگارە و بۆ سەردەم و رۆژگارە جیاوازەکان ناردوویەتی بۆ مرۆڤ، گرنگە مرۆڤەکانی هەر سەردەمێك بە تەفسیری ئەو سەردەمە پێڕەوی بکەن.

**● هێزێکی نەبینراو بۆ نوێکردنەوەی ئیسلام**

پرۆفیسۆر سروش ماکی ئەم پەتایەی کە رێگە نادات ئیسلام نوێ بکرێتەوە و لە گەندەڵیی سیاسی پاك بکرێتەوە، بەو ژینگەیەی جیهانی ئیسلامی و عەرەبی دادەنێت، کە رێگە نادات رۆشنبیران و ئەوانەی موعتەزیلەن دەربکەون، بۆیە ئەم هێزە لە کۆمەڵگە نابیندرێت. هەروەها سیستەمە سیاسییەکان و دامەزراوەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، دژی ریفۆرمی ئایینی لە ئیسلامن و نایانەوێت تەفسیرێکی هاوچەرخ بۆ ئیسلام بکرێت، بۆیە ئەوانەی دەیانەوێت ئەم کارە بکەن، دەبێت وەك ناسر حامد ئەبو زەید (کە لە ٢٠١٠ کۆچی دوایی کردووە)، وانە وتنەوەی لە زانکۆی قاهیرە لێ قەدەغە بکرێت و ناچار بێت میسر بە جێبهێڵێت، لەمەش خراپتر و سەیرتریش ئەوە بوو کە دادگای باڵای میسر یاسای لە ئایین لادان (قانون الردة apostasy law)ی بەسەردا جێبەجێ بکەن و ژنەکەیان لێ جیاکردەوە. ئەمە بێجگە لەوەی دەیان سکاندالّیان بۆ دروستکرد.

دیارە ساڵی ٢٠١٠ لای پرۆفیسۆر سروش ساڵێکی خراپ بووە بۆ ریفۆرمی ئیسلامی، لەبەر ئەوەی لەو ساڵەدا سێ بیرمەندی گەورەی عەرەب کە رۆڵیان هەبووە لە ریفۆرمی ئایینیی ئیسلام و دووبارە تەفسیرکردنەوە کۆچی دواییان کردووە، ئەوانیش بریتی بوون لە (محەمەد ئەرگۆن، محەمەد عابد جابری، ناسر ئەبو زەید)، بۆیە بۆ ئێستا گرنگە ئەو هێزە نەبینراوە لە ناو وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، یان ئەو رۆشنبیرانەی ئیسلام لە وڵاتانی رۆژئاوا بێدەنگی بشکێنن و بزاڤێکی گەورە بۆ دووبارە

ژیاندنەوەی ئیسلام و دووبارە تەفسیرکردنەوەی قورئان دەست پێبکەن و لەو گەندەڵییە سیاسییە پاکی بکەنەوە. لەبەر ئەوەی هەموو دەقێك نهێنییەکی میانڕۆیی و مودیرنیتەی تێدایە، بەڵام ئەوەی گرنگە چۆن ئەو نهێنییە دەدۆزنەوە و ئاشکرای دەکەن، ئەگەر ئەمە بکەن ئەوا دووبارە ئایینەکە بۆ ئەم سەردەمە زیندوو دەکەنەوە و خەڵك هاندەدرێت زیاتر لە دەوری ئایینەکە کۆببێتەوە و بە جوانیش پیادەی بکات.

سەبارەت بە ریفۆرمی ئایینی، سروش بە هاوشێوەی محەمەد ئەرگۆن دەڵێت: «مەبەست لە ریفۆرم، یان خوێندنەوەی زانستییانە بۆ دەقەکانی قورئان، ئەوەیە کە ئیسلام لەو گەندەڵییە سیاسییە پاك بکرێتەوە کە موسڵمان بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان و شەڕی دەسەلات تەفسیری دەقەکانی قورئان دەکەن». راشکاوانەتر دەڵێت: «ئەگەر سیاسەت لە ئیسلامدا بۆ دیاریکردنی شێوازێکی ژیانی تایبەتییە بۆ موسڵمانان، ئەوا دەبێت ژیانێکی شایستە و هاوچەرخانە بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سەردەمەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و دەبێت دووبارە تەفسیر بکرێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر ئایین وەك ئەو تۆیە سەیر بکەین کە لە سەردەمی پێغەمبەر چێندراوە، ئەوا ئەو تۆیە شین بووەو بووە بە درەختێکی گەورە و لە رۆحی مێژوودا زۆر زیاتر گەورە بووە و بۆتە پارکێکی گەورە، ئێمە لەم سەردەمە مامەڵە لەگەڵ ئەو تۆیە ناکەین کە سەرەتا چێندراوە، ئێستا مامەڵە لەگەڵ ئەو پارکە گەورەیە دەکەین کە هەزاران داری گەورەی تێدایە، هەر بۆیە کاتێك سەلەفییەکان، یان ئوسوولییەکان بەمجۆرە مامەڵە لەگەڵ قورئان دەکەن، مێژووی پێشکەوتنی ئیسلام فەرامۆش دەکەن، تیرۆریستان نەك هەر دەمانگێڕنەوە بۆ سەدەی حەوتەمی زایینی، بەڵکو قورئان دەکەنە پەردەیەك بۆ داپۆشین و شەرعییەت پێدانی کارەکانیان.

ئەم حاڵەتەی ئێستا ئیسلامی پێدا تێدەپەڕێت، پێشتر بەسەر ئایینی کریستیانیش هاتووە، هەتا مارتن لۆسەر لە ساڵی ١٥١٧ دووبارە (کریستیان)یەتی تەفسیر کردەوە و (پرۆتستانت)ی لە ناو هەمان ئایینی کریستیاندا رزگار کرد، بۆیە بۆ جیهانی ئیسلامیی ئێمەش کارێکی زۆر قورس نییە دووبارە قورئان تەفسیر بکرێتەوە و کردنەوەیەکی تازە دروست بکەین کە زیاتر لە بەرژەوەندی خەڵك بێت و خەڵکیش بە گرنگی بزانێت.

## ● لینکی نێوان ئایین و دیموکراسی

لە دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە، ئەم جەدەلە لەناو جیهانی ئیسلامی بوونی هەیە و زۆر لە رۆشنبیران و توێژەران هەوڵیانداوە لینکێکی دەستکرد لە نێوان ئایین و دیموکراتی دروست بکەن، لەمەش زیاتر دیموکراتی وەك بەرهەمی مۆدیرنیتە و پێشکەوتنی زانست، هەموو کات لە چاوی رۆشنبیرانی میسر (وەك سەرچاوەی نوێکردنەوەی فیکری ئیسلامی) بە تەحەدایەك لەبەردەم ئیسلامدا سەیر کراوە. ئەوان نەك دژایەتی زانستیان نەکردووە و بڕوایان پێی بووە، بەڵکو هەوڵیانداوە لە ناو قورئاندا شتێك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی داهێنانە زانستییەکان لە بەرهەمی ئەقڵی مرۆڤەوە بگێڕنەوە بۆ پەروەردگار، ئەمەش وایکردووە لەناو جیهانی عەرەبی لە بری ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە ستایلی ژیان لەسەر بنەمای دیموکراتی و ئازادی بونیاد بنرێتەوە، لەبری ئەمە هەوڵیانداوە دەعوەی ئیسلامی ببووژێننەوە. پرۆفیسۆر سروش سەبارەت بەم لینکە دەستکردەی کە هەندێك هەوڵیانداوە دروستی بکەن، راشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە کە هەندێك پێیانوایە لە نێوان ئایین و دیموکراتی تەنها هاودژییەکی رووکەش (Oxymoron) هەیە و ئەگەر ئەم دوو توخمە پێکەوە گرێ بدەین، بەرهەمێکی نوێ و مانایەکی تازە دروست دەبێت. بە بڕوای سروش ئەم هاودژییە رووکەشە ئەگەر لە نێوان ئایین و دیموکراتی بوونی هەبێت، ئەمە شتێکی باشە و خراپ نییە، لەبەر ئەوەی هاودژییە رووکەشە هەندێك جار دەبێتە هۆکاری ئەوەی بگەینە مانایەکی قووڵتر، بۆیە کاتێك ئەوانە دەڵێن توخمەکانی دیموکراتی پێش مودێرنیتەی رۆژئاوا لە ئیسلامدا پیادەکراوە، بەڵام سروش دەڵێت: «چەمکەکانی مۆدیرنیتە لە هیچ ئایینێکەوە سەرچاوەیان نەگرتووە، مۆدیرنیتە بەرهەمی ئەقڵی مرۆڤە، لە هیچ ئایینێکدا نایان دۆزینەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دۆزینەوەی ئەم چەمکانە لەناو ئایین واتە پێشێلکردنی دەقە ئایینییەکە، لەمەش زیاتر ئەو هەوڵانەشی کە دراون بۆ ئەوەی ئەو چەمکانە لە ناو دەقە ئایینییەکان بدۆزرێنەوە، هەوڵێکی بێ ئاکام بوون، بۆیە پرسەکە لێرەدا ئەوە نییە دیموکراتی بە ئایین هاوتا بکرێت، بەڵکو پرسی گرنگ ئەوەیە موسڵمانان دەتوانن حوکمڕانیی دیموکراتییان هەبێت و لەناو ئەو سیستمەش بژین، ئەمەش کرۆکیی باسەکەیە».

## ● ئەقڵانییەت و ئایین

### فەیلەسووفەکان دژی ئایین نین

کاتێك باس لە دووبارە تەفسیرکردنەوە، یان ژیاندنەوەی ئایین دەکرێت و دەگوترێت خوێندنەوەیەکی ئەقڵانی بۆ بکرێت، هەندێك دەڵێن ئیسلام پێویستی بە ئەقڵانییەت نییە لەبەر ئەوەی ئیسلام هەمووی ماقووڵە، لەسەر ئەم باسە پرۆفیسۆر سروش دەڵێت: «تیولۆژی خۆی

■

**داعشییەکان سۆفیستەکانی سەدەکانی یانزە و دوانزە نین وەک ئیمامی غەزالی ئیسلام دووبارە زیندوو بکەنەوە، یان زانستی ئایینی زیندوو بکەنەوە (احیاء علوم الدین) و ئیسلام بەرەو پێشەوە بەرن و لە گەندەڵیی سیاسی ئیسلام پاک بکەنەوە، بەپێچەوانەوە داعشییەکان دەیانەوێت بە پشتبەستن بە شێوازێکی تایبەتیی خۆیان تەفسیری ئیسلام بکەن**

■

**فریدمان پێیوایە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێجگە لە هەرێمی کوردستان، هیچ شوێنێکی دیکە ماندێلا نییە، هەروەها پێشمەرگەش سەلماندنی بێجگە لە کوردستان هیچ وڵاتێک ئەو سوپایەی لەسەر زەوی نییە تیرۆریستانی داعش تیکبشکێنت، بەڵام لە هەمانکاتیشدا ماندێلاکەی کوردستان و هێزی پێشمەرگە ناتوانن نموونەی ئەو دەوڵەتە تازەیە بۆ جیهان رابگەیەنن، ئەگەر هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ شەری دژە داعش مامانێکی باش نەبن و هاوکار نەبن بۆ ئەوەی ئەم دەوڵەتە بەسەلامەتی لەدایک بێت و لە ژینگەیەکی ئاڵۆزی وەک رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا توانای مانەوەی هەبێت**




زانســـتێکی ئەقڵانییە، هەندێك جیـــاوازی لە نێوان زانستی ئەقڵانی و زانســـتی ئەزموونکاری دەکەن، بەڵام هەردوو زانستەکە (ئەقڵانی و ئەزموونکاری) بەرهەمی ئەقڵی مرۆڤن، دیارە تیولۆژی لە ئیسلامدا وەك زانستی کەلام و تەوحید بەکارهاتووە، لە هەمانکاتدا ئەگەر سەیری زانستەکانی دیکەش بکەین وەك فیزیا و ماتماتیك و کیما و ئەوانی تریش، دەبینین بەشـــی زۆری زانایانی ئەم زانستانە لە مێژووی ئیسلامەوە هاتوون، ئەمە بۆ فەیلەســـووفەکانیش راستە، راستە فەیلەســـووف بە مانای فەیلەسووف دەگەڕێتەوە بۆ یۆنان و لە یۆنان فەیلەسووف هەبووە، نەك پێغەمبەر، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە لە وڵاتانی ئیســـلامی فەیلەســـووف دروســـت نابن، یان فەیلەسووف دژی ئایین بێت. لێـــرەدا ئەوەی من مەبەســـتمە ئەوەیە، ئێمە وەك موســـڵمانان ئەم هەموو ئەزموونە زانستی و ئەقڵانیەمـــان لەبەردەســـتە، پێویســـتە بیکەینـــە بنەمایەك و بتوانین ئیســـلامی پـــێ نوێ بکەینەوە و بە شـــێوەیەکی تازە تەفســـیری بکەینەوە. لە ناو ئیســـلامدا دوو قوتابخانە هەیە بۆ تەفسیر کە بریتین لە قوتابخانەی موعتەزیلە و قوتابخانەی ئەشعەری، قوتابخانەی موعەتەزیلە زیاتر بزاوتێکی سکولارییە و هەوڵدەدات ئەقڵانییەت لە ئایینەوە سەرچاوە بگرێت و ئایین ببێتە ســـەرچاوەی ئیلهـــام بۆ بیرکردنەوەی ئەقڵانی، بۆیە ئـــەم قوتابخانەیە گرنگە بۆ ئەوەی ببێتە ســـەرچاوەی بەرهەمهێنانی ئەقڵی ســـەربەخۆ و بەرهەمهێنانـــی ئەقڵانییـــەت لە ئایینـــەوە، بۆیە موعتەزیلە یەکەم کەســـن کە توانیویانە سەربەخۆیی ئەقـــڵ لە ئایینەوە بەرهەمبهێنن، بەڵام بەپێچەوانەی ئەمەوە قوتابخانەی ئەشـــعەری ئـــەو بوارە نادات لە ناو ئایینەوە ئەقڵانییەت بەرهەم بێت، کەواتە گرنگە بۆ ریفۆرمـــی ئایینی بگەڕێنەوە بـــۆ موعتەزیلە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی بە شێوەیەکی ئەقڵانی ئەو ئاڵۆزییانە لابەرین کە پێشـــتر لە تەفسیری دەقەکان دروستیان کردووە، ئەمە فێرمان دەکات کە لینکێکی پتەو لە ئیســـلام و ئەقڵانییەتدا دروســـت بکەین بۆ ئەوەی بتوانین بە ئەقڵانی دەقەکان بخوێنینەوە» .

**لە بری ئەوەی پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژی ئاراستە جیهانییەکان لە (گلۆبالێزەیشن)ـەوە بەرەو حوکمڕانییەکی جیهانی بەرێت و جیهان وەک گوندێکی بچووک کۆبکاتەوە، لە ناو ئەم گوندە بچووکەدا، کۆمەڵێک گەرەکی دروستکردووە کەس ناتوانێت کوێخای ئەو گوندە بێت، لەمەش ترسناکتر ئەوەیە چیدیکە دەوڵەت بە شێوازی هەرەمی لە سەرەوە بۆ خوارەوە حوکمڕانی ناکرێت و پێویستە شێوازەکەی بۆ ئاسۆیی بگۆڕێت**

### ● ئایین و ئازادی

ئازادی پرسێکی گرنگی ژیانی مرۆڤایەتییە، بۆیە زۆر گرنگە لەم پرسەدا بە شێوەیەکی ئەقڵانی ئەم پرسە هەڵبسەنگێندرێت، لەم پرسەدا پرۆفیسۆر سروش ئازادی دابەش دەکات بۆ دووبەش کە ئەوانیش بریتین لە:

١. ئازادیی ئابووری

٢. ئازادیی سیاسی

سەبارەت بە ئازادی ئابووری دەڵێت: «لە جیهانی تەکنەلۆژیای مۆدێرندا بە ئازادیی ئابووری دەگوترێت: ئابووریی بازاڕ، یان ئابووری سەرمایەداری، لەمبارەوە دەکرێت بڵێین ئازادیی ئابووری لە ئیسلامدا هەیە، لەو سەردەمەش کە سۆشیالیزم ئایدیۆلۆژیای بە هەژموون بوو لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، توانجی ئەوەیان لە ئیسلام دەگرت کە ئایینی ئیسلام ئایینێکی سەرمایەدارییە، بەڵام لە میسر لە ژێر کاریگەری بیری سۆشیالیزم بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، ئیسلام سۆشیالیزمە و پێغەمبەری (د.خ) ڕێبەری سۆشیالیزمە لە جیهاندا، بۆیە ئەم لایەنەش گرنگە کە زانایان و ڕۆشنبیرانی ئیسلام هەڵوەستەی لەسەر بکەن، سەبارەت بە ئازادیی سیاسیش، من دەمەوێت ڕاشکاوانە ئەوە بڵێم کە زمانی هەموو ئایینەکانی گۆی زەوی زمانی پابەندبوون (Obligation)ە، بەڵام زمانی دیموکراتی زمانی مۆدێرنیتەیە و زمانی مافە، لە ئەورووپاش پێش سەردەمی ڕێنیسانس زمانی ئایین هەر زمانی پابەندبوون بووە، نەك زمانی ماف، من ناڵێم لە ناو زمانی ئاییندا ماف بوونی نییە، بەڵکو دەڵێم مافەکان لە ناو پابەندبوونەکان (ئیلتزاماتی ئایینی) هاتوونەتە دەرەوە، لە ئێستا ئێمە لە پارادایمی مافدا دەژین، نەك لە پارادایمی پابەندبوون، ئەمەش لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا لەساڵی ١٩٤٨ چەسپێندراوە و بۆتە دیکۆمێنتێکی جیهانی، ئەم مافەش بۆ هەموو تاکێکی گۆی زەوییە.

من پرسیاری ئەوە لە ئێوەی ئامادەبووی ئەم موحازەرەیە دەکەم، ئەگەر ئێوە نەوەی ٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا بوونایە، ئایا ئەقڵ و بیرکردنەوەتان زۆر جیاواز نەدەبوو لە ئێستا؟ ئەو کات نەتاندەگوت کوا مافەکانمان، دەتانپرسی پابەندبوونەکانی سەرشانمان چین، بەرپرسیاریەتیمان چییە، من ناڵێم پابەندبوون و بەرپرسیاریەتی خراپە و با نەبێت، بەڵکو دەڵێم مافەکان پابەندبوون و بەرپرسیاریەتی دروستدەکەن، نەك بەپێچەوانەوە، چەند ساڵێك لەمەوبەر بانگهێشتی کۆنفراسێك کرام لە نەمسا، ئەو کۆنفرانسە بۆ ئەوە بوو ڕەشنووسێك بۆ بەرپرسیاریەتی مرۆڤایەتی بنووسین، لەو کۆنفرانسەش ئەم ئیشکالییەتە دروست بوو، بەڵام ئەو بەرپرسیارییە مرۆڤایەتییە لە پێناوی




پاراستنی مافەکانی مرۆڤە کە لە وڵاتانی جیهان لە لایەن حکومەتەکانیانەوە پێشێل دەکرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ماف بەرپرسیاریەتی دروست دەکات، لەم بارەوە دیسان دووبارەی دەکەمەوە، ئێمە ناتوانین دیموکراتی لەناو هیچ ئایینێك بدۆزینەوە، بەڵام دەتوانین لە ناو ژینگەی دیموکراتی ئایین بپارێزین، دیموکراتی بنەما و ژێرخانێکی سیاسی هەیە، ئەو ژێرخانە مافە نەك پابەندبوون و بەرپرسیاریەتی، لەمەسەلەی دادپەروەری سیاسی و ئەخلاقیشدا، لینکێك لە نێوان دادپەروەری دیموکراتی و دادپەروەری ئیسلامی هەیە، بەڵام

■

**مەترسیی تیرۆریستان و پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا پێناسەی دەوڵەتی هاوچەرخی گۆڕیوە، لەمەش خراپتر پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا بۆتە باشترین هۆکار بۆ بەهێزبوونی تیرۆریستان و لە هەمانکاتدا بۆتە گەورەترین مەترسی لەسەر پووکانەوەی بنەماکانی لیبراڵ دیموکراتی ڕۆژئاوا و هەڵتەکاندنی بنەماکانی لیبراڵیزم کە پایەکانی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی ڕۆژئاوای لەسەر راوەستاوە**

■

**سیستمی جیهانی پۆست شەڕی سارد کۆتایی هاتووە و دەبێت جیهان خۆی ڕێکبخاتەوە بۆ ئەوەی سیستمێکی جیهانی جیاواز بۆ ئەم پاشاگەردانییە دابمەزرێنێت**




له رووی شـــێوازی جێبەجێکردنـــەوە جیاوازییان هەیە، دادپەروەری سیاســـی و ئەخلاقی هەموو ئەو خەڵکانە دەگرێتەوە کە مافیان هەیە، بەڵام دادپەروەری سیاسی و ئەخلاقی ئایینی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە پابەندبوون و ئیلتزامیان هەیە، بۆیە ئەم پرســـە ئەرکی سەرشـــانی بیرمەنـــدان و توێژەرانە بۆ ئـــەوەی ڕێگەیەك بدۆزنەوە بـــۆ جێبەجێکردنی دادپەروەری سیاســـی و ئەخلاقی، یان ئەوەیە دەبێت شـــێوازی ڕۆژئاوا پیادە بکەن، یاخود ڕێگەیەکی دیکە بدۆزنەوە بۆ ئەوەی مافەکانی مرۆڤ پارێزراو بێت».

لەم باسەی پرۆفیسۆر ســـروش دەگەینە ئەو ئاکامەی کە ئەو ئایینەی لە ئاســـمانەوە بۆ مرۆڤایەتی نێردراوە و لەسەر دەســـتی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) تۆوەکەی چێندراو گەشەی کرد، پاشان بووە دارێکی گەورە و لق و پۆپی زۆری دەرکرد، لە ڕۆحی مێژووی ئیسلامیشدا بۆتە پارکێکی گەورە و چیدیکە ناتواندرێت وەك سەدەی حەوتەمـــی زایینی مامەڵەی لەگـــەڵ بکرێت، دەبێت چۆن ئیسلام گەشـــەی کرد، بە هەمان ئاست ئەقڵ و بیرکردنەوەی موســـڵمانانیش گەشە بکات و لە ئاستی ئەو پارکە گەورەیەدا بێت.

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بارودۆخێکدایە چارەسەرەکەی لە دەستی سیستمی جیهانی دەرچووە، پاشاگەردانییەکە لە ئاستیدا هیچ دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی کارناکات**



# کوردستان ئارامگەیە بۆ ئاوارەکانی دەستی داعش و پێویستی بە کۆمەک و هاوکاریی نێودەوڵەتی هەیە

ئەو هاووڵاتیانەی بەهۆی شەڕەکانی ناوخۆی سووریا و باری ناسەقامگیر لە شارەکانی عێراق و هێرشەکانی داعشەوە دەربەدەرکران، نزیکەی دوو ملیۆن کەسیان کە لە کوردانی ئێزیدی، شەبەک، کریستیان، تورکمان و عەرەبی سوننە و شیعە پێکهاتوون، روویان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کردووە. ستافێکی گۆڤاری گوڵان لەکارێکی مەیدانیدا هەردوو کەمپی کەورگۆسک لە پارێزگای هەولێر و کەویلان لە پارێزگای دهۆکی بەسەر کردەوە و لەنزیکەوە گوێبیستی بارودۆخی ژیانیان و داواکارییەکانیان بوو. ئەوان کوردستان بە پەناگەیەکی ئارام بۆ خۆیان دەزانن و هاوکات جەخت لەوە دەکەنەوە کە دابینکردنی پێداویستییەکانی ئاوارەکان پێویستی بە کۆمەک و هاوکاریی نێودەوڵەتی هەیە.

نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی کوردی ئێزیدی، شەبەك، کریستیان، تورکمان و عەرەبی سوننە و شیعە لە هەرێمی کوردستانن کە ٪٦٣ی لە پارێزگای دهۆك و ٪٢٠ی لە پارێزگای هەولێر و ٪١٦ی لە پارێزگای سلێمانی نیشتەجێ کراون. هاوکات زیاتر لە ٢١٢ هەزار پەنابەری کوردی رۆژئاوای کوردستان پەنایان بۆ باشووری وڵاتەکەیان هێناوە، ئەم ژمارە زۆرەی ئاوارەو پەنابەرانیش پێویستی بە کۆمەك و یارمەتی زیاتر هەیە. هەروەکو چۆن لە دوا راپۆرتی رێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی هاتووە: «کوردستان پەناگەیەکی لەبارە بۆ ئەو هاووڵاتییانەی لەدەست توندوتیژی و هەڕەشەکانی داعش ئاوارە بوون و دووچاری مەینەتی هاتوون، بەڵام ئەم ئارامگەیە پێویستی بەکۆمەك و هاوکاری نێودەوڵەتی هەیە».

خاتوو جاکلین بادۆك جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی رێکخراوی UN لە دواراپۆرتی رێکخراوەکەی هۆشداری دایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەوەی ئەگەر بودجەیەکی پێویست بۆ پێداویستییەکانی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە و پەناهەندە دابین نەکرێت، کارەساتە مرۆییەکە فراوانتر دەبێت، بەتایبەتی دوای هاتنی وەرزی زستان و زیادبوونی ئاوارەو پەناهەندەو ئەگەرەکانی درێژبوونەوەی ئاوارەبوونیان، ئەمە جگە لەوەی لە ٪٥٠ی ئاوارەکان پێویستیان بەهاوکاری و چارەسەری پزیشکی هەیە و لە ٪٢٥یان لەناو بینایەی تەواونەکراو و هۆڵی ئایینی و شوێنە گشتییەکاندا دەژین.

لە سەردانێکماندا بۆ هەردوو کەمپی کەورگۆسك لە پارێزگای هەولێر و کەویلان لە پارێزگای دهۆك کە ژمارەیەکی زۆری کوردانی رۆژئاوای تێدایە، ئەوان باسیان لە مەترسیەکانی شەڕ و هەڕەشەکانی داعش لە ناوچەکەدا کردو داوایان لە خێرخوازانی خەڵکی کوردستان کرد کۆمەك و هاوکارییان بکەن.

رۆهەڵات ئەحمەد خەڵکی (حەسەکە)یەو ئێستا لە کەمپی کەورگۆسکە کە ٢٣٥٠ خێزانی کوردی رۆژئاوای تێدایە، بەمشێوەیە باسی لە بارودۆخەکە کرد: «هەرێمی کوردستان بە خاك و نەتەوەی خۆمانی دەزانین، هەر بۆیە کاتێك شەڕ و ماڵوێرانی زۆری بۆ هێناین، رووومان لەم مەنزڵگەیە کرد، بەڵام لێرەش بارودۆخی ژیانمان سەختە و ژیان لەناو چادرەکان زۆر ئاستەمە». ئەو هاونیشتمانییەی کوردی رۆژئاوا داوای لەحکومەتی هەرێمی کوردستان کرد رێگەچارەیەکی بەپەلە بۆ نیشتەجێبوونیان بدۆزێتەوە بەوەی کابینە، یا ژوورێکی بلۆکیان بۆ دروست بکەن، بەتایبەتی دوای ئەوەی هەموو ئەگەرەکان باس لە درێژبوونەوەی ماوەی ئاوارەبوونیان دەکات. قسەکانی ئەم هاونیشتمانییە لەلایەن باوکی جەلال پشتڕاست کرایەوە و ئەوییش گوتی: «لە رۆژئاوای کوردستان جگە لە مەترسییەکانی شەڕ، ئێستا هەڕەشەکانی داعش و عەرەبەکانیشی هاتۆتەسەر، گەر وابڕوات ژمارەیەکی زیاتری پەناخواز روو لە باشووری کوردستان دەکەن و بەم نزیکانەش ناتوانین بگەڕێینەوە شارەکانی خۆمان».

عەبدولعەزیز حەسەن وەك ئاوارەیەکی خەڵکی قامیشلۆ، سەرەتا سوپاسی حکومەتی کوردستان دەکات کە دەروازەکانی واڵاکردووە بۆ ئاوارەکان و پێشوازی لەو ژمارە زۆرەی ئاوارە کردووە و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە هاونیشتمانییانی باشووری کوردستانیش دڵسۆزانی هەوڵی ئەوەیان داوە هاوکارییان بکەن، هاوکات دەڵێت: «بەڕاستی ژمارەی ئاوارە و پەنابەران زۆرن و بە بێ پشتیوانی نێودەوڵەتی ناکرێ بارودۆخیان چاکتر بکرێت».

ژمارەیەکی زۆری خەڵکی (دێرکێ) کە لە هەمان کەمپ



نیشتەجێ کرابوون، داوای هاوکاری و کۆمەکی زیاتریان دەکرد، بەڵام رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان باسی ئەوە دەکات کە بودجەیان نەماوە و زۆربەی کارەکانیان راگرتووە. ئەوەش بارگرانی زیاتر بۆ حکەمەتی کوردستان دروست دەکات.

ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ژمارەیەکی زۆری کوردانی کۆبانێ بە هۆی شەڕ و هەڕەشەکانی داعش دەربەدەری وڵاتی تورکیا بوون، بەڵام دوای بڕیاری واڵاکردنی سنوورەکان لەلایەن سەرۆك و بارزانی و پێشوازی گەرمی خەڵك وای لێکردن روو بکەنە هەرێمی کوردستان. هاووڵاتییانی کۆبانێ لە کەمپی کەورگۆسك وێڕای دەربڕینی سوپاس و پێزانینیان بۆ ئەو پێشوازییە، هەڵوێستی سەرۆك بارزانی و پێشمەرگەشیان لە بەرگریکردن لە شارەکەیان بە وەرچەرخانێکی مێژوویی دانا.

## دکتۆر محەمەد سەلمان بەرواری شارەزاو پسپۆڕی ئابووری:

# ئاوەدانی و ئارامی لە هەرێمی کوردستاندا پاڵنەرێکە بۆ پێکەوەژیانی هەموو نەتەوە و ئایینزاکان



**سەبارەت بە شوێنەوارەکانی ئابووری و هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە و پەناهەندەو چۆنیەتی رێکخستن و باشترکردنی باری بژێوی ژیانیان، دکتۆر محەمەد سەلمان بەرواری شارەزا و پسپۆڕی ئابووری لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان گوتی:** «هاتنی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە و پەناهەندە لە عێراق و سووریا و وڵاتانی دەوروبەر بۆ هەرێمی کوردستان پێویستی بە پلان و بەرنامەی ئابووری وا هەیە کە بتوانێت شوێنەوارە نێگەتیڤەکانی لەسەر داهاتی نەتەوەیی و تاکە کەسی و هەڵاوسانی نرخەکان کەم بکاتەوەو پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان و خزمەتگوزارییان لەناو کەمپەکاندا بۆ دابین بکات، هەروەها پێویستە بە هاوکاری رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کار بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی کارەبا و ئاو و ئاوەڕۆ و خزمەتگوزارییەکانی پاك و خاوێنکردنەوە و تەوالێت و سێکتەرەکانی قوتابخانە و تەندروستی بکرێت، کە لەم رووەوە بە تێپەڕبوونی کات خەرجییەکان زیاتر دەبێت، لە دوای دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و کۆمەکی خۆراکی لە کەمپەکان ئاوارەکان پێویستیان بە قوتابخانە و بنکەی تەندروستی دەبێت چ لە رووی چەندایەتییەوە یا لە رووی جۆرایەتییەوە. هەروەها تەرخانکردنی رووبەری زەوی کشتوکاڵی بۆ دروستکردنی کەمپەکان و نیشتەجێبوونی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە و پەناهەندە شوێنەواری لەسەر کەرتی کشتوکاڵیش دەبێت. لە رووی دابینکردنی هەلی کاریشەوە کێبڕکێ لەگەڵ دانیشتووان دەکەن، چ لە رووی بوونی هەندێك لێهاتوویی و شارەزایی، یان لە رووی کارکردن بە نرخێکی کەمتر کە ئەمەش بۆ بەهای کار خراپە و ناکرێت کار بەهاکەی خۆی لەدەست بدات و ببێتە هۆکاری بێکاریی لەناو گەنجەکاندا. لە رووی ماوەکانی مانەوەیان لە کوردستاندا پێویستە ئەو راستییە بزانین کە بەردەوامی شەڕ و ئاشووب و ماڵوێرانی لە ناوچەکانیاندا ئەو حاڵەتە دروستدەکات و ژێرخانی ئابوورییان ماوەیەکی زۆر زیاتری پێویست بێت بۆ چاککردنەوەی، بەمەش ئاوارە و پەناهەندەکان بۆ ماوەیەکی زۆر زیاتر دەمێننەوە، چونکە لەلایەك درووستکردنەوەی ژیان و ژینگەی ئابووری لە ناوچەکانی خۆیان زۆر زیاتری دەوێت، تاوەکو دەچێتەوە دۆخی جارانی، لەلایەکی تریشەوە بوونی ئەو سەقامگیری و ئارامییەی لەناو شارەکانی کوردستان هەیە، پاڵنەرێکی باشی مانەوەی ئاوارەکانە لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی ئەو تێکەڵاویی و پێکەوەژیانەی کە لەنێوان کورد و عەرەب و تورکمان و کریستیان و ئێزیدی هەیە، وا لەو پێکهاتانە دەکات زیاتر بمێننەوە. هەروەها ژینگەی لێکتێگەیشتنی کەلتووری و زمان و بەرژەوەندیی هاوبەش هەیە کە لە دێرزەمانەوە گرفت و کێشەکانی نێوان ئەم پێکهاتانەی عێراق لەکوردستاندا قووڵ نییە و نەبۆتە قەیرانی ئیتنی. ئازادی بیرکردنەوە و مومارەسەکردنی یادی ئایینی و نەتەوەیی و سەربەخۆیی لە جلوبەرگ و کارکردن و یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو لەگەڵ کۆمەڵێك فاکتەری باشی دیکە هەمووی هاندەر بووە بۆ هاتنی زیاتری ئاوارەی عێراقی و پەناهەندەی کوردی پارچەکانی تری کوردستان کە دەبێت ئامادەکاریی بۆ پێشوازیی ئەو ژمارە زۆرە بکرێت، چ لە رووی پێکهاتەی دانیشتووانەوە، یا لە رووی توانای ئابووری و ژێرخانی کوردستان، پێشبینی ئەوەش دەکەم لە داهاتوویەکی نزیکدا دووبارە گەشەی ئابووری بچێتەوە دۆخی جارانی و بگرە بەهێزتر دەبێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی ئەندام لە ئەنجومەنی ئاسایش ئەرکی پاراستنی ئەم هەرێمەیان لەئەستۆ گرت و پێشمەرگە سەلماندی کە هێزی گرنگی ناوچەکەن بۆ تێکشکاندنی داعش».

### سیروان محەمەد سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان:

# ئەرکی سەرشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە هاوکاری هەرێمی کوردستان بکات کە ئێستا لەناوچەکەدا بۆتە پەناگەیەکی ئارام بۆ هەموو نەتەوەو ئایین و ئایینزاکان



**سەبارەت بە ژمارە و داتاکانی تایبەت بە ئاوارە و پەناهەندەکان و پێداویستییەکانیان سیروان محەمەد سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان گوتی:** «دوای ڕووداوەکانی پارێزگای ئەنبار لەساڵی ٢٠١٢ و دواتر داگیرکردنی شارەکانی موسڵ و تکریت و بەشێکی پارێزگای دیالە و کەرکووك لەلایەن چەکدارەکانی داعشەوە ژمارەی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادیکرد، بە رادەیەك تەنیا لە ١٠ مانگی ساڵی ٢٠١٤ ـەوە ٩٤٨ هەزار ئاوارە کە دەگاتە نزیکەی ١٥٨ هەزار خێزان ڕوویان لە هەرسێ پارێزگاکەی هەولێر و سلێمانی و دهۆك کردووە، ئەمەش لە کۆی دوو ملیۆن ئاوارەی دەستی داعش کە لە عێراقدا تۆمار کراوە ڕێژەی لە ٤٧٪ پێکدەهێنێت. زیادبوونی خێرای ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان لە کاتێکدایە کە زیاتر لە ٢١٢ هەزار پەنابەری هاونیشتمانی و کوردی ڕۆژئاوای کوردستان لە شارە کوردییەکانی وڵاتی سووریاوە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە و لە کەمپەکان نیشتەجێن، هەروەها ڕێکخراوی کۆچ و کۆچبەران ژمارەی پەناهەندەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ڕوویان لە کوردستان کردووە بە ١٥ هەزار کەسی مەزەندە کردووە، ئەمە جگە لە کوردەکانی کوردستانی باکوور کە بە ٢٠ هەزار کەس دادەنرێن کە هەندێکیان پێشتر لە کەمپی مەخموور نیشتەجێبوون و ژمارەیەك خێزانی تریشیان ئێستا لە ئەتروش نیشتەجێن، گەرچی ژمارەی ڕاستەقینەی پەناهەندەی هەرسێ بەشەکەی دیکەی کوردستان لەمە زیاترە، چونکە زۆربەی ئەو پەناهەندانە لە کەمپدا نین، یا ناوی خۆیان تۆمار نەکردووە و لە شار و قەزا و ناحیە و گوندەکانی کوردستان نیشتەجێن و زۆربەیان سەردەمێکە ڕوویان لە کوردستان کردووە و وەکو هاووڵاتی ئاسایی کار و کاسبی دەکەن. هەموو داتا و ئامارەکان ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە تادێت ژمارەی ئاوارە و پەناهەندە ڕوو لە زیادبوون دەکات، بەتایبەتی لەگەڵ بەردەوامبوونی شەڕەکانی دژ بە داعش، ئەم ژمارە زۆرەی ئاوارە و پەناهەندە بارگرانی و قورساییەکی لە ڕادەبەدەر لەسەر بودجەو تواناکانی حکومەت و هەرێمی کوردستان دروست دەکات، بەتایبەتی لە کاتێکدا کە هەرێمەکە ڕووبەڕووی شەڕێکی توند و سەخت بووەتەوە و خەرجییەکی زەبەلاحی پێویستە، هەروەها حکومەتی عێراق بەپێی پێویست بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاوەو وەکو وڵاتێکی بیانی مامەڵە لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکاندا دەکات کە ئێستا لە هەرێمی کورستان نیشتەجێن و خزمەتگوزاریی و کۆمەکی دارایی و هاوکاریی مرۆیی بەردەوامیان پێویستە . ئاوارە بوون و پەناهەندەی کورد و عەرەبی سوننە و شیعە و تورکمان و کوردانی ئێزیدی و کۆبانێ و ڕۆژئاوا و شەبەك و کریستیان و تەنانەت سائیبە ئەو ڕاستییەی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەرخست کە کوردستان پێگەیەکی ئارام و سەقامگیرە و لێرە ڕێز لە کەمە نەتەوەیی و هەموو ئایین و ئایینزاکان دەگیرێت.